

سوزان لی ئەندرسۆن

# فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی

dostoyivski

وەرگێڕانی: فازڵ مەحمود وەلی

K
ktebi Pdf

# فەلسەفەی

# دۆستۆیڤسکی

# فەلسەفەی

# دۆستۆیڤسکی

سوزان لی ئەندرسۆن

وەرگێڕانی: فازڵ مەحمود وەلی

# دەزگـــای وەرگـێڕان

دەزگایەکی ئەهلییە، بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**حەسەن ئەحمەد مستەفا**

ناوی کتێب: **فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی**

نووسینی: **سوزان لی ئەندرسۆن**

وەرگێڕانی: **فازڵ مەحمود وەلی**

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: **ئاکار جەلیل کاکەوەیس**

چاپ: **یەکەم/ ٢٠١٠**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٢٨١ )ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ.**

ناونیشان: هەولێر/ ڕاپەڕین

# پێڕست

پێشەکی/ ل ٧

فەلسەفەو بەرهەمە داستانییەکان/ ل ١٧

ژیانی دۆستۆیڤسکی/ ل٣٣

هاوزا و دەستنووسە ژێرزەمینییەکان/ ل٧٣

تاوان و سزا/ ل١٠٥

گەمژە و شەیتانەکان/ ل١٢٩

برایانی کارامازۆف/ ل١٦١

دوایین هەڵسەنگاندن/ ل١٨٧

سەرچاوەکان/ ل١٩٦

## پێشەکی

[ ڤیلـچاڤ ئیڤـانۆڤی[1] ڕەخنەگـەر و شـاعیری ڕوسـی سـەبارەت بـە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دەنووسێت:

ئەوان بە تێپەڕینی کات لە ئێمە دوور ناکەونەوە، پیر نابن، کۆچ ناکەن بۆ مەڵبەندی ئاسمانی خوداکانی هونەر و تا لەوێدا ببنە مایەی تێڕامانی ئێمە.....لەو شەوە تاریکانەی کە خەومان لێناکەوێت لە دەرگا دەدەن و دێنە ناو نوێنەکانمان و بە نهێنییەوە بە گوێی ئێمەدا دەچرپێنن و ئێمە لە باس و گفتوگۆی ئاڵۆزدا تێوە دەگلێنن.[2] ]

کەس گومانی لەوەدا نییە کە دۆستۆیڤسکی نووسەرێکی گەورەیە، بەڵام لەوانەیە دانانی ناوی ئەو لە ڕیزی فەیلەسووفەکاندا لای زۆر کەس نامۆ بێت، جگە لە دەستنووسە ڕۆژانەکانی نووسەرێك[3] ، دۆستۆیڤسکی لە بەرهەمی چیرۆك زیاتر، هیچی تری نەنووسی. من لەم کتێبەدا بە دوای ئەم بەڵگە هێنانەوەم کە ئەگەر چ زۆربەی فەیلەسووفەکان بە یارمەتی شێوازی وتار نووسین و تێز نووسین بیروڕای فەلسەفی خۆیان دەردەبڕن بەڵام فەلسەفاندن لە چیرۆکدا نەك دەکرێت بەڵکو هەندێك لە چیرۆك نووسە گەورەکان لە ڕێگای چیرۆکەوە باشتر و کاریگەرتر دەتوانن بیروڕای فەلسەفی خۆیان دەربڕن. دۆستۆیڤسکی لە سەدەی نۆزدەهەم و ئەلبێر کامۆ[4] لە سەدەی بیستەمدا لەو نووسەرە بەهرەمەندانەن کە لە بەرهەمە داستانییەکانیاندا توانیویانە بە

شێوەیەکی دەست ڕەنگینانە بیروڕای فەلسەفی خۆیان دەربڕن. فەیلەسووفەکان لەبەر سێ هۆکار دەبێت ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی بخوێننەوە. یەکەم، ئەوەی کە ئەو سەرقاڵی بابەتە فەلسەفییەکان بوو– واتە وەڵام دانەوەی پرسیارە فەلسەفییەکان و چارەسەرکردنی بابەتە فەلسەفییەکان" لە بەر ئەم هۆیەش دەکرێت ئەو لە ڕیزی فەیلەسووفەکاندا دابنرێت.

دۆستۆیڤسکی دەیویست وەڵامێک بۆ دوو پرسیاری بنەڕەتی فەلسەفی بدۆزێتەوە: (١) گرفتاری مرۆیی چییە؟ و (٢) دوای وەڵامدانەوەی پرسیاری (١)، ئێمە لە گەڵ بوونی ئەم گرفتارییە دەبێت چۆن بژین؟ پرسیاری یەکەم دۆستۆیڤسکی گیرۆدەی پرسیارێکی قووڵی میتافیزیکی دەکاتەوە – واتە سەبارەت بە هەڵبژادن، ماهییەتی جەوهەری تاکەکەسی و بوونی خودا – و پرسیاری دووەم ئەو دەخزێنێتە ناوەندی ئەخلاق و سەروو ئەخلاقەوە. سەرەکیترین بابەتی ئەخلاقی کە زیاتر لە هەموو شتێك ئەوی سەرقاڵی بیرکردنەوە دەکرد ئەمە بوو کە: گرنگترین سیفەتی مرۆڤ ئازاد بوونە، بەڵام ئەم ئازادییە چەند هەلوومەرجێکی کاولکەری لە گەڵ خۆدا هەیە، کەواتە دەبێت هێزێکی سنووردارکەری بۆ بدۆزرێتەوە کە تەبا بێت لە گەڵ ئەم ئازادییە.

دۆستۆیڤسکی لە هەوڵدانەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، لە بەشەکانی ((سەرکێشی))[٥] و ((لێکۆڵەری گەورە))[٦] لە برایانی کارامازۆفدا[٧] باشترین باسی سەبارەت بە ((بابەتی شەڕ))

خستووەتە ڕوو ( واتە ئاشتکردنەوەی خودای گەورەی هەموو شت زان و خێرخواز لە گەڵ هەبوونی شەڕ لە جیهاندا). بەلانی کەمەوە یەکێك لەم دوو بەشە بە بەردەوامی لە بەرنامە فەلسەفییەکان لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم بابەتە فەلسەفییە کلاسیکییە دەخرێتە ڕوو.

دووەم، دۆستۆیڤسکی لە فەلسەفەدا گرنگی هەیە، چونکە کاریگەری لە سەر فەیلەسووفەکانی تر هەبووە و لە هەندێکیانەوە نزیکە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو لە ڕیزی بوونگەراکان یان بەلانی کەمەوە لە ڕیزی بوونگەرا پاشکەوتووەکان دادەنێن.

ڤالتێر کافمەن، دەستنووسە ژێر زەمینییەکانی[8] دۆستۆیڤسکی بە ((باشترین پێشەکییەك بۆ بوونگەرایی لە هەموو سەردەمەکان دەزانێت[9]. پێداگری دۆستۆیڤسکی لە سەرْ ئازادی و ئەو دڵەڕاوکێیەی کە لە ئەنجامی ئازادیدا دروست دەبێت و هەوڵدانی لە پێناو بەستنەوەی فەلسەفە بە ژیانی واقیعەوە بە دڵنیاییەوە ئەو دەخاتە ڕیزی بوونگەرا پاشکەوتووەکان. فریدریش نیچەش لە گەڵ دۆستۆیڤسکی دا هەستی بە نزیکی دەکرد. ئەو لەکانوونی دووەمی١٨٨٦ دا وەرگێڕانی فەرەنسی دەستنووسە ژێرزەمینییەکانی خوێندەوەو نووسی:

تا چەند هەفتەیەك پێش ئێستا تەنانەت ناوی دۆستۆیڤسکیش بەر گوێم نەکەوتبوو.....لە کتێب فرۆشییەك بە ڕێکەوت دەستم ڕاکێشاو کتێبی ڕۆحی ژێر زەمینم هەلگرت[10] بەرهەمێك کە تازە وەرگێڕابوّوە سەر زمانی فەرەنسی.....یەکسەر غەریزەیەکی دڵخۆشکەر( یان ناوی لێبنێم چ؟) لە مندا دروست بوو، دڵخۆشی من هیچ سنوورێکی نەبوو.[11]

نیچە دوای خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەی دۆستۆیڤسکی تەنیا دوو ساڵ عەقڵی بە سەلامەتی مایەوە" بەڵام بۆ زۆرێك لە توێژەران ئاشکرایە کە ((ئەم نووسەرە ڕوسە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر نیچە هەبووە تەنانەت زیاتر لەوەش کە نیچە خۆی هەستی پێدەکرد یان ئەوەی کە دانی پێدا دەنا)).

بە تایبەت لە پێشەکی کازیوەدا[١٢] کاریگەری دۆستۆیڤسکی لە سەر نیچە ئاشکرایە:

ئەوەی کە کازیوە لە بەرهەمەکانی تری نیچە جیا دەکاتەوە...شوێن دەست و وێنە و شێوازەکەیەتی کە دەکرێ شوێن دەستی دۆستۆیڤسکی تێدا ببینرێت. پێشەکییەکەی کەش و هەوایەکی وەهای هەیە کە دەڵێی نیچە لە ناکاودا لە ڕێگای دۆستۆیڤسکییەوە ڕێگایەکی ڕونتر و بەهێزتر و سەرنجڕاکێشتری بۆ دەربڕینی ئەو بیروڕایانەی دۆزیبوویەوە کە چەندین ساڵ بوو لێدوانی لە سەر دەدا.[١٤]

سەرەنجام ئەوەش کە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی پڕە لە ڕەخنەی جیددی لە سەر تێڕوانینە بەنرخەکان لە فەلسەفە و ئایین. دۆستۆیڤسکی یەکیەتی جەوهەری تاکەکەسی، داکۆکیکردنێکی عەقڵانی لە باوەڕ بوون بە خودا، داکۆکیردن لە ئەخلاق بە پێی بنەمای عەقڵ و لۆژیك و تەنانەت باوەڕپێکراوی عەقڵانیەت خۆیشی دەخاتە ژێر گومانەوە. بەڵام دۆستۆیڤسکی تەنیا ڕەخنەگر نییە. زۆر ئاسانە کە ڕەخنە لە تێڕوانینی کەسانی تر بگرین و لە باتی ئەواندا شتێکی تر نەخەینە ڕوو.

بەلام دۆستۆیڤسکی فەلسەفەیەکی پۆزەتیف و بەجێمان بۆ دەخاتە ڕوو. بیروڕای سەبارەت بەوەی کە چۆن بتوانین باشترین سوود ببینین لە هەلومەرجەکانمان و ژیانێکی تاکەکەسی وپێکەوەیی باش لە گەڵ هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خۆماندا بە سەر ببەین. لە گەڵ ئەم دوایین بابەتەی ئەودا چ هاوڕابین یان نە، ناتوانین گومان لەوەدا بکەین کە دۆستۆیڤسکی گەیشتووەتە ئاستێك لە تێگەیشتنی مرۆیی کە زۆر کەم، کەسیتر پێی دەگەن، یەکێك لە هۆکارەکانیشی بەو شێوەی کە لە ژیاننامەکەیدا دەیبینین ئەزموونە نایابە تاکەکەسییەکانی ئەوە لە ژیاندا. دۆستۆیڤسکی بیر لەو هەلومەرجە جیاوازانە دەکاتەوە کە مانا دەبەخشنە ژیان و بە قووڵی هەڵیان دەبژێرێت.

**ئیڤانۆڤ سەبارەت بە دۆستۆیڤسکی دەڵێت:**

لە گەڵ هەر لێدانێکی دڵمان دۆستۆیڤسکی پێمان دەڵێت: ((بەڵێ، دەزانم" زیاتر لەوەش دەزانم و شتی لەوە زیاتریش دەزانم.))... ئەو بە دیدە کاریگەرو کراوەکەی هاوکات بەرامبەر بە ئێمە ڕادەوەستێت، ئەم ڕێنماییکەرە هۆشیار و وردبینە کە لە نێو قووڵایی هەزار تونێژاڵی ڕۆحی ئێمەدایە هاوکات هەم ڕێنماییمان دەکات و هەم ئاگاداریشمانە...ئەو لە سەردەمی دوای خۆی کۆمەڵێك پرسیاری کردووە کە هیچ کەسێك پێش ئەو نەیپرسیبوو و بە چڕیەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە ئەو کات کەس هەر پرسی وایشی نەکردبوو.[١٧]

لەم پێشەکییە کورتە لە سەر فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی من سەرەتا بەشێك تەرخان دەکەم بۆ ئەم بابەتە کە ئایا دەکرێت لە چیرۆکدا

بیروڕای فەلسەفی دەربڕێت یان نە و ئەگەر دەکرێت تا چ ئاستێك و تا کوێ دەکرێت ئەم کارە بکرێت. دوای ئەوە ڕاپۆرتێکی کورت لە سەر ژیانی دۆستۆیڤسکی پێشکەش دەکەم، دواتر بە دوای پێکهاتنی فەلسەفەکەی لە ڕۆمانی هاوزا[18] ((١٨٤٦))، دەستنووسە ژێر زەمینییەکان ((١٨٦٤))، تاوان و سزا[19] ((١٨٦٦))، گەمژە[20] ((١٨٦٩))، شەیتانەکان[21] ( کە وەرگێڕاوە بۆ دەست بەسەراگیراوەکانیش[22]) (١٨٧١–١٨٧٢) و شاکارەکەی برایانی کارامازۆف (١٨٧٩–١٨٨٠)دا دەچم و لە کۆتاییش دا دوایین هەڵسەنگاندن لە تەواوی فەلسەفەکەی دۆستۆیڤسکی دەخەمە ڕوو.

زۆر گرنگە کە ئەوەتان لە بیر بێت کە من لە هەوڵی ڕاڤەکردنێکی ئەدەبی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دۆستۆیڤسکی نیم. بۆ نموونە سەبارەت بە سەرەتای ساڵەکانی دەستپێکی ڕۆمان نووسین لای دۆستۆیڤسکی بۆ نموونە (هاوزا) لە کەموکورتییە گریمانییەکانی وەك لە شێوازی نووسین و گرفتی فەزای ڕۆمان یان کۆمەڵێك گرفتی بنەڕەتی تر ناکۆڵمەوە. هەروەها هیچ ئامازەیەك ناکەم بۆ ڕووداوە مێژووییەکان و هەروەها ئەو تێڕوانینانەش کە دۆستۆیڤسکی لە هەمبەریان لە ڕۆمانەکانیدا کاردانەوەی هەبووە. ئەو بابەتەی کە من سەرنجی دەدەمێ تەنیا و تەنیا بابەتی فەلسەفییە کە ئەو بەرە بەرە پێیان سەرقاڵ دەبێت و بە شێوەیەکی تەواو لە برایانی کارامازۆفدا پێشکەشی کردووە.

سوپاسی زانکۆی کانتیکات دەکەم کە دەرفەتی بۆ من ڕەخساند تا زیاتر لە بیست ساڵ ((فەلسەفەو ئەدەبیات)) بڵێمەوە و هەر ئەمەش

هەلی بۆ نووسینی ئەم کتێبە ڕەخساند، خوازیارم کە سوپاسی یاکیرا و فرانك و کیندی بێردی بکەم کە بە هەڵەبڕییەکانیان یارمەتییان دام تا دەستنووسی ئەم کتێبە ئامادە ببێ.

## پەراوێزەکانی پێشەکی

1.Vyacheslav Ivanov (1866-1949)
2.Vyacheslav Ivanov, Freedom and the Tragic Life, A Study in Dostoevsky, The Noonday Press, New York, 1959, p.3.
3.The Diary of a Writer

٤. بۆ نموونە بڕواننە رۆمانەکانی نامۆ و تاعون و هەڵدێرانی ئەم نووسەرە.

5."Rebellion"
6."The Grand Inquisitor"
7.The Brothers Karamazov
8.Notes from Underground
9.Walter Kaufmann, Existentialism from Dostoevsky to Sartre, the World Publishing Company, New York, 1946, p. 14.
10.Quoted in Kaufmann, Op.cit, p. 52.
11.Eric Luft and Douglas Stenberg, "Dostoevsky S Specific Influence on Nietzsche s preface to Daybreak", the Journal of the History of Ideas, 1991, p. 442.

هەروەها بڕواننە:

C.A. Miller, "Nietzsches Discovery of Dostoevsky", Nietzsche- studien, Vol. 2, 1973.

میلەر دەڵێت نیچە دوای ئەوە سێ یان لەوانەیە پێنج ڕۆمانی تری دۆستۆیفسکی خوێندەوە و ئێمە دەتوانین ئەو کاریگەرییانەی کە دۆستۆیفسکی لە سەر نیچە هەیبوو لە کتێبی ڕەچەڵەکناسی ئەخلاق دا (١٨٨٧) ببینین.

12.Daybreak
13.Luft and Stenberg, Op.cit, p. 460.

١٤.من دڵنیام کە هەر ئەمە دۆستۆیسفکی لای نیچە خۆشەویست کرد.

١٥.دۆستۆیڤسکی چونکە بڕوای بەوە نەبوو کە ناکرێت بە عەقڵ و لۆژیک بگەیتە حەقیقەت بۆیە ئاساییە کە ئەو ڕێگا باوانەی کە بە هۆیانەوە بیروڕای فەلسەفی تێدا دەردەبڕا ڕەت بکاتەوە.

16.Ivano, OP.cit, pp.3-4.
17.the Double
18.Crime and Punishment
19.the Idiot
20.The Devils

# ١

# فەلسەفەو بەرهەمە داستانییەکان

[تۆ گەیشتویتە کرۆکی بابەتەکە" بە سەرە قەڵەمێك کرۆکی بابەتەکەت پیشان داوە... ئێمە ئازارێکی زۆر دەکێشین تاوەکو بە ووشە ڕاڤەی بکەین، بەڵام تۆ، تۆ کە هونەرمەندی، بە نیشانەیەك، بە سەرە قەڵەمێك، لە یەك وێنەدا، ڕۆحی وتەکەت باس کردووە، بەو شێوەیەی کە دەتوانرێت دەستی لێبخشێنی، بەو شێوەیەی کە تەنانەت خوێنەرێکی بێ بەڵگەش لە هەموو جێگایەکدا لە هەموو شتێك تێدەگات! ئەمە نهێنی هونەرە! ئەمە حەقیقەتی هونەرە! ئەمە خزمتکردنە بە حەقیقەت![١]]

ژمارەیەکی کەم لە فەیلەسووفە دێرینەکان – بۆ نمونە ئەفلاتۆن، هیۆم و بارکێلی – لە قالبی دیالۆگدا دەیان نووسی، هەر دوو فەیلەسووفی سەدەی نۆزدەیەم – فریدریش نیچە و سۆرین کێرگەگورد– کۆمەڵێك قالبی نوێیان بۆ دەربڕینی تێزە فەلسەفییەکانیان تاقی کردەوە[٢]. بەڵام زۆربەی فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی تێز و وتاردا فەلسەفەکەیان

خستووەتە ڕوو. زۆر کەس وابیر دەکەنەوە کە فەلسەفە شتێکەو چیرۆکیش شتێکی تر. ئەمان بە هیچ شێوەیەك ئەوە قبول ناکەن کە کەسانێك بەناوبانگترین بەرهەمیان چیرۆك بێت بە فەیلەسووف هەژمار بکرێن. لە سەدەی بیستەمدا ژان پۆل سارتەر کۆمەڵێك شانۆنامەو ڕۆمانی نووسی، بەڵام ئەو کۆمەڵێك تێزی فەلسەفی کلاسیکیشی نووسی کە بە دڵنیاییەوە ناوبانگییەکی زیاتریان هەیە و هەر لەبەر ئەمەش کەس گومانی ئەوە ناکات کە سارتەر فەیلەسووف نەبووە. لە لایەکی ترەوە ئەلبێر کامۆ و ئاین ڕێندرا، کە بە ئاشکرا پەرۆشی پرسیارە فەلسەفییەکان بوون، زۆر کەس ئەوان بە فەیلەسووف نازانن، چونکە ئەو بەرهەمانەی کە ئەمان پێی بەناوبانگن، کۆمەڵە چیرۆکێکن. بەڵام ئەم نووسەرەی سەدەی نۆزدەیەم، واتە فیۆدۆر دۆستۆیفسکی جگە لە دەستنووسە ڕۆژانەکانی نووسەرێك، هەرچییەکی کە نووسی لە چوارچێوەی چیرۆکدا بوو و بۆیە بە فەیلەسووف زانینی ئەو زۆر ئەستەمە. دەمارگیری بەرامبەر بە تێکەڵکردنی فەلسەفەو چیرۆك ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزوتنەوەی ڕاڤەکاری، واتە ئەو بزوتنەوەیەی کە لە سەدەی بیستەمدا زاڵ بوو بە سەر جیهانی ئینگلیزی زمانەکاندا. لە شێوازی ڕاڤەکاریدا هەموو کەسێك دەبێت هەوڵ بدات تا بیروڕای خۆی زۆر بە ڕوونی و دوور لە دەمارگیری دەرببڕێت و بە بەڵگەوە داکۆکی لێبکات و چەمکە سەرەکییەکانی پێناسە بکات و ڕەچاوی تەواوی ئەو ڕەخنانەش بکات کە ڕووبەڕووی تێڕوانینەکانی دەبنەوە. کەواتە بەرهەمی چیرۆك ناتوانێت ئامرازێکی خوازراو بێت بۆ دەربڕینی

ئامانجێکی بەم شێوەیە. بۆیە پێویستە توێژینەوەکەی خۆمان سەبارەت بە فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی بەم پرسیارە دەستپێبکەین: ئایا دەکرێت لە چیرۆکدا کۆمەڵێك بابەتی گرنگی فەلسەفی بخرێتە ڕوو؟ ئایا بە بەرهەمێکی وەکو چیرۆك دەکرێت بەهەمانشێوەی نووسینی تێزێك بیروڕای فەلسەفی دەرببڕێت؟

دەکرێت دوو بەڵگەی گشتی بۆ سەلماندنی ناکۆکی فەلسەفاندن و چیرۆك نووسین بخرێتە ڕوو: سەرەتا دەتوانین ئەم بەڵگەیە بهێنینەوە کە چیرۆك، بە پێی پێناسەکان بۆی، دوورە لە ڕاستییەوە؛ و چونکە فەلسەفە بابەتەکەی حەقیقەت و ڕاستییە، ئەوا ناکرێت فەیلەسووفەکان چیرۆك نووس بن و ناکرێت چیرۆك نووسەکانیش فەیلەسووف بن.

دووەم، دەکرێت ئەم بەڵگەیە بهێنرێتەوە کە دەبێت فەیلەسووفەکان بە ڕوونی و ئاشکرایی لێدوان بدەن، لە گەڵ ئەوەی چیرۆك بە شێوەیەك باشە کە چەند لایەنی لە خۆداگرتبێت ( واتە بتوانرێت چەند ڕاڤەکردنێکی جیاوازی لێ بخەیتە ڕوو)" کەواتە دووبارە چیرۆك نووسین و فەلسەفاندن لە بنەماوە دەکەونە دوو جەمسەری دژ بە یەکەوە.

سەبارەت بە بەڵگەی یەکەم دەکرێت و دەبێت بپرسرێت ئایا مەبەست لەوەی کە چیرۆك دوورە لە ڕاستییەوە چییە؟ چیرۆك بە شێوەیەکی یەکلایی ڕاپۆرتێك نییە لە سەر کردەوەی بوونەوەرە ڕاستەقینەکان. بەڵام بە چیرۆکێك دەوترێت چیرۆکێکی باش کە کەسایەتییەکانی نزیك بن لە ڕاستییەوە و کردەوەکانیان جێگای

قبولکردن بێت. جگە لەمە کۆی هەموو بەرهەمە جیددییەکان دەبێت ((قسەیەکیان)) بۆ وتن هەبێت ( مەبەست ((ناوەڕۆك یا کرۆکی چیرۆکەکەیە)) )، ((قسەیەك)) کە حەقیقەتێك سەبارەت بە ژیان بۆ ئێمە بخاتە ڕوو.

بەڵگەی دووەم بە ڕواڵەت بەهێزترە و بەڕای من جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان شێوازی کۆمەڵێك فەیلەسووف و کۆمەڵێك چیرۆك نووس بە بیری ئێمەدا دەهێنێتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی فەیلەسووفەکان دەیانەوێت وتەیان یان وتەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زۆر ڕوون دەربڕن. فەیلەسووفەکان ئەگەر ببیستن کە خوێنەرەکانیان نازانن بە تەواوەتی مەبەستی ئەوان چ بووە نیگەران دەبن.

بەڵام بە پێچەوانەوە چیرۆك نووسەکان لەوەی کە ببیستن کە خوێنەرە جیاوازەکانیان لێکدانەوەی جیاواز بۆ بیروڕاکانی ئەمان دەخەنە ڕوو هیچ ترسێکیان لا دروست نابێت، تەنانەت ئەگەر هەندێك لەم ڕاقە کردن و لێکدانەوانە بە پێچەوانەی مەبەست و خواستی ئەوانەوە بووبێت. تەنانەت ئەوان ئەو ناوەڕۆکانەی کە مەبەستیانە (( تەنیا پیشانی دەدەن، نەك بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەریببڕن.)) گواستنەوەی پەیامی ئەوان دەبێت ناڕاستەوخۆ بێت. بە شێوەیەکی گشتی فەیلەسووفەکان گواستنەوەی پەیامی خۆیان لە ڕێگای تێزەکانیانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە باشتر دەزانن تاوەکو گواستنەوەی پەیامەکانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای

چیرۆکەوە. بە تایبەت نووسینی تێز ئیشی کۆمەڵێك فەیلەسووفی سەدەی بیستەمە کە بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی و پیشەیی دەیاننووسی و بەهرەی چیرۆك نووسینیشیان نەبوو" بەڵام دەکرێت هەندێك لە بیرۆکە فەلسەفییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی چیرۆك و بە توانایی لە چیرۆك نووسیندا باشتر دەربېرێت. ئەو فرەلایەنییە خوازراوەی کە لە ناوچیرۆکدا هەیە لە گەڵ ئەو ڕوونی و هەمانگییەی کە لە فەلسەفەدا هەیە نابێتە هۆی ناکۆکی لە گەڵیدا. ئەو لایەنە واتاییە جۆربەجۆرانەی کە لە چیرۆکدا هەن دەتوانن پەیوەست بوون و ئاشکراییەکی تەواویان هەبێت. هەر بۆیە دەکرێت تاعونی کامۆ بە ڕاڤەیەك بۆ جەنگی جیهانی دووەم بزانرێت و هەم دەکرێت سەبارەت بەم بیرورا گشتییەی کە سەبارەت بەوەی کە لە گەڵ بارودۆخی ((پووچی)) ژیان چۆن هەڵ بکەی[3]؛ لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەر بۆ نموونە دەکرێت کورتە چیرۆکی ((مرۆڤی دو سەد ساڵە[4]))ی ئایزاك ئاسیمۆف[5] بە چیرۆکێك سەبارەت بە مێژووی ئەمریکا بزانرێت و هەم چیرۆکێکیش سەبارەت بەوەی کە بە چ پێوەرێك دەکرێت ئەوە دیاری بکرێت کە بوونەوەرێك مافێکی ئەخلاقی هەیە.

بەڵگەی ئێمە بۆ داکۆکیکردن لە دەربڕینی بیرۆکە فەلسەفییەکان لە چوارچێوەی چیرۆکدا ئەمەیە: ئەگەر گریمان لە سەر ئەوەیە کە فەلسەفە دەبێت پەیوەندی بە ژیانەوە هەبیت، یان بەلانی کەمەوە بابەتە (( گەورەکانی)) فەلسەفە دەبێت وەها بن، ئەی بۆ ئەم بابەتانە بە یارمەتی کەسایەتییەکانی نێو شانۆنامە، ڕۆمان یا کورتە چیرۆك لە

هەلوومەرجی ژیاندا نەخەینە ڕوو؟ دەكرێت ئەم بیرۆکە بووێگەرایییە کە فەلسەفە نابێت تەنیا هەوڵێکی ئەکادیمی سادەو دوور بێت لە ژیان بەڵکو دەبێت سەروکاری لە گەڵ ژیاندا هەبێت، بۆ داکۆکیکردن لەم گریمان و بەڵگەیە بەکار بهێنن.

سارتەر دەڵێ:

ڕاستە کە دەكرێت بە تێفکرینی ئەبستراکتانە سەرقاڵی ئەو بابەتانە بین کە ئەم سەردەمە دروستیانی کردووە......بەڵام ئێمەیەك کە دەمانەوێت لە گەڵ ئەم بابەتانەدا بژین دەبێت تێفکرینی خۆمان بە ئەزموونە خەیاڵی و هەست پێکراوەکانی ڕۆمانەکان پتەو بکەین.[7]

کامۆش دەڵێت: ((ڕۆمان هیچ نییە جگە لە فەلەسەفەیەك لە قاڵبی چیرۆکدا نەبێت)).[8] باربارا برۆندیش دەڵێت:

ئاین ڕێند لە بەر ئەم هۆکارە ڕۆمان و چیرۆکی دەنووسی چونکە بە دوای شتێکدا بوو کە ..... بتوانێت لەوێدا تیۆر و بە کارهێنانی کردەیی تیۆر پێکەوە ببەستێتەوە. ئەم خواست و ئارەزوویەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوێنە سەرەکییەی لە کەمەندکیشنکردنێك کە ڕۆمان و چیرۆك بۆ ئەو هەیانبوو: قاڵبی چیرۆك تەواوی ڕێسا ئەبستراکتەکان یەك دەخات و دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی ئەم ڕێسایانە لە ژیانی مرۆڤدا مسۆگەر دەکات.

ڕێند دەیویست ئامانجێکی ئەخلاقی بخاتە ڕوو..... و لە قاڵبی چیرۆکدا واقیعی زیندووی ئەم ئامانجە پیشان بدات.[9]

دەکرێت سێ هۆکاری تر بهێنینەوە بۆ ئەوەی کە بۆچی بیرۆکەی تێکەڵکردنی چیرۆك و فەلسەفە شتێکی باشە: سەرەتا، قاڵبی چیرۆك دەرفەتی ئەوە بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت تا ئەزموونی ئەو ژیانانە بکەین کە لە ژیانی خۆمان ناچن و بڕوینە ناو زەین و گیانی چەند کەسایەتییەکەوە کە وەکو ئێمە بیرناکەنەوە یان هەر لە بنەماوە بیروڕاکانیان لە گەڵ بیروڕاکانی ئێمەدا جیاوازە. قاڵبی چیرۆك هەلی ئەوە دەرەخسێنێت کە بزانین ژیان لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز لە هەلومەرجی خۆمان بە چ شێوەیەکە: نووسەرێکی بەتوانا کە شتێکی بۆ ((وتن)) هەبێت، دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر باش سوود لەم قاڵبە ببینێت تاوەکو سەبارەت بە بابەتێك کە تێگەیاندنی ئەوە لە ڕێگەی تیۆرەوە ئەستەمە، بتوانێت لەم ڕێگایەوە یارمەتی خوێنەرانی بدات تا لەو بابەتە تێبگەن و قبوڵی بکەن.

دووەم، چونکە گەیاندنی پەیامێك لە چیرۆکێکی باشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستەبەر دەبێت، ئەوا دەبێت خوێنەران بە شێوەیەکی چالاکانە لە پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەدا بەشداری بکەن. ئەنجام وەرگرتن خۆی دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەرەوە و لە ئەنجامدا خوێنەران تێز یا پەیامی چیرۆکەکە باشتر کەمەندکێشی ڕۆحی خۆیان دەکەن.

جێنت بارڕوی، لە کتێبی چیرۆك نووسیدا ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆك بە باشی پیشان دەدات. دەنووسێت: ((چونکە نووسەری ڕۆمان یا چیرۆك دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ کە هەست و سۆزەکانی خۆمان

بەکاربهێنین و هەر خۆمان شتەکان ڕاڤە بکەین، ئەوا ئیتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەرهەمەکەدا بەشداری دەکەین.[10]

لێرەدا پارادۆکسێك بەدی دەکەین، چونکە دەتوانین بڵێین کە خستنەڕوویەکی لێزانانەی ناڕاستەوخۆی تیژێك و پەیامێك لە چیرۆکدا لەوانەیە لە ڕێگای کاریگەری ناڕاستەوخۆی لە سەر ئێمە، باشتر ئەو بەڵگە عەقڵانییانەی ئەو تیژ و پەیامانە بگوازێتەوە بۆ ئێمە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە بلینسکی سەبارەت بە دۆستۆیفسکی دەڵێت: ((تۆ کە هونەرمەندی، بە نیشانەیەك، بە سەرە قەڵەمێك، لە یەك وێنەدا.....باسی ڕۆحی وتەکەت دەکەی، بەو شێوەی کە دەتوانی دەستی لێبخشێنی، بەو شێوەیەی تەنانەت خوێنەرێکی بێ بەڵگەش لە هەموو جێگایەکدا لە هەموو شتێك تێدەگات!))

بەم شێوەیە دەگەینە باسکردنی دوایین هۆکار بۆ ئەوەی کە بۆچی تێکەڵکرنی فەلسەفەو چیرۆك بیرۆکەیەکی باشە. کاریگەری هەست و سۆزی بەرهەمێکی داستانی زۆرترە لە کاریگەری بەرهەمە فەلسەفییە باوەکان. لە بەر ئەوەی ئەگەر چ هەردووی ئەمانە دەتوانن پرسیارگەلێکی گرنگ بخەنە ڕوو بەڵام بەرهەمێکی داستانی زۆرتر ئێمە ناچار دەکات تا وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە. بۆ نموونە هیچ فەیلەسووفێك بە نووسینە فەلسەفییەکانی تا ئێستا نەیتوانیوە بە ئاستی دۆستۆیفسکی لە برایانی کارامازۆف یان کامۆ لە تاعون دا ئێمە ناچار بکات بۆ بیرکردنەوە سەبارەت بە بابەتی شەڕ و هەستکردن سەبارەت بە گرنگ بوونی ئەم بابەتە.

تەنانەت فەیلەسووفە ڕاڤەکارەکانیش هەستیان پێکردووە کە بەکارهێنانێکی سنووورداری چیرۆك و قالّبی چیرۆك بۆ بەرهەمەکانیان دەتوانێت یارمەتی دەریان بێت. هەندێ کەس چیرۆکیان بە کارهێناوە تا لە ڕێگایەوە ئەو شتەی کە بە شێوەیەکی گشتی قبولکراوە بخەنە ژێر پرسیارەوە: ((زۆربەی خەلّکی بروایان وایە....بەلاّم سەرنجی ئەم بابەتە بدەن کە...)) یەکێك لە بەناوبانگترین نموونەکان پێوەری فیۆلونیست جودیت جارڤیس تامسۆنە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بەلگەیەی نەیارانی لە باربردنی منالّ کە گوایە ئەگەر کۆرپەلەکە مرۆڤ بێت، کەواتە کۆتایی هێنان بە ژیانی کارێکی هەلّەیە.[11]

کەسانی تر چیرۆکیان بەکارهێناوە تا خوێنەران ناچار بکەن کە ئەگەر هەلّوێستێك مشتومڕی و باسی لەسەر بێت هەر جێگای داکۆکی لێکردنە. بۆ نموونە جاناتان بێنت پەنای برد بۆ ڕووداوەکانی هەکێلبێری فین نووسینی مارك توین تا خوێنەرەکانی ناچار بکات کە کاتێك کەسێك دەکەوێتە هەلومەرجێکی ڕاڕایی ئەخلاقییەوە، بە تەواوی حەزمان لێیە کە ئەو هەمان کارێك بکات کە حەزی لێیە، نەك ئەو کارەی کە گومانی ئەوە دەکات کە دەبێت بیکات.[12] فەیلەسووفە ڕاڤەکارەکان سوودیان لە چیرۆك بینیوە بۆ دەربڕینی ئەو بابەتانەی کە دەربڕینیان زۆر ئەستەمە. بۆ نموونە ئەنتۆنی فلۆر[13]، ئار.ئێم.هێر و بێزیل میچل، هەموویان بۆ ڕوونکردنەوەی بیروراکانیان سەبارەت بە ماهییەتی بیروباوەڕی ئایینی لە سمپۆزیۆمی (( ئیلاهیات و لادان))، سوودیان لە چیرۆك بینیوە.[16] هەندێکی تر لە فەیلەسووفە ڕاڤەکارەکان سوودیان لە چیرۆك و دیالۆگ

بینیوە بۆ توێژینەوە لە بابەتە فەلسەفییەکان تاوەکو بتوانن لەم ڕێگایەوە بابەتەکانیان بۆ قوتابیانی زانکۆ و خەڵکی ئاسایی ئاسان تر بکەونەوە. نموونەی باش بۆ ئەمانە دیالۆگێکە سەبارەت بە شوناسی تایبەتی و نەمری[١٧] و دیالۆگێك سەبارەت بە خێر و شەڕ و بوونی خوداو فریشتەو و (( ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە گەڵ دەیڤید هیوم))ی ڤێلسی سیمۆنە.[١٧]

ناتوانرێت هیچ ئاست و سنوورێك بۆ کاری فەلسەفی لەناو داستان و چیرۆکدا دیاری بکرێت، چونکە بابەتە فەلسەفییەکان ئەو بابەتانەن کە کاریگەرییان لە سەر ژیانی ئێمە و هەر بوونەوەرێکی تر هەیە کە وێنای بۆ دەکرێت. بەم دواییانە فەلسەفیترین بەرهەمی چیرۆك لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی زانستی ــ خەیاڵکردنەوەدا پێشکەش کراون،[١٨] و ئەم ئەدەبیاتە بەڵگەیەکە بۆ ئەو پانتاییە بەرفراوانەی ئەو بابەتانەی کە دەکرێت لە چوارچێوەی چیرۆکەکاندا پێیانەوە سەرقاڵ بیت.

چیرۆکی ((حەوتەمین قوربانی))[١٩] نووسینی ڕۆبێرت شێکلی[٢٠] ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو کە ئایا ئاست و سنووری دەسەلاتی کەسێکی پێگەیشتوو تا چ جێگایەکە و ئایا کارێکی دروست ئەو کارەیە کە باشترین ئەنجامی هەبێت؟ هەروەها ڕۆبێرت هاینلاین[٢١] لە چیرۆکی (( ئێوە هەمووتان مردوویەکی گیاندارن))[٢٢]، هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە سەفەر تەنیا لەناو کاتدا مایەی تێگەیشتنە. فیلیپ دیك[٢٣] لە چیرۆکی ((تەڵەکەبان))[٢٤] دا ، بە پانەبردن بۆ بیرەوەری ڕاستەقینەو و بیرەوەری ناڕاستەقینە، ئێمە ڕازی دەکات کە لەوانەیە کەسێك لە باشترین هەلومەرجیشدا نەتوانێت خۆی بناسێت. لە چیرۆکی ((ئەوان)) [٢٥] ،

هاینلاین خۆی سەرقاڵی بابەتی ئەبەستیمۆلۆژی دەکات کە وەك نموونە خۆی سەرقاڵی زەینەکانی تر دکات. ئی.ئیم.فورستر[26] لە چیرۆکی ((ئۆتۆمبێل دەوستێت))[27] خۆی سەرقاڵ دەکات بە توێژینەوە لە سەر ئاکامەکانی ژیان لەو جیهانەی کە بە شێوەیەکی ڕەها پەیوەستە بە تەکنەلۆجیاوە.

ئایزاك ئاسیمۆف لە چیرۆکی ((مرۆڤی دوسەد ساڵە)) کۆمەڵێك بابەتی بەم چەشنە دێنێتە کایەوە: کەس بە کێ دەڵێن؟ ئایا دەکرێت وێنای ئەوە بکرێت کە ماشێنێك، واتە مرۆڤێکی ئاسنین، بیردەکاتەوە؟ یان هەست و سۆزی هەبێت؟ و بە چ پێوەرێك دەکرێت بڵێی کە بوونەوەرێك مافێکی ئەخلاقی هەیە؟

دوو نموونەی تر لە بەرهەمە فەلسەفی ـ چیرۆکە باشەکانی سەدەی بیستەم دەهێنمەوە: ((سەفەری شەو لە دەریا))[28] جان بارت[29] لە کتێبی وون بوو لە شاری یاری[30]، کە باس سپێرمێك دەکات لە ڕێگای بوون بە توخمی لە کاتی کرداری جووتبوون لە گەڵ تۆی مێینەدا، کە ئەمە خۆی توێژنەوەیە لە سەر ئەو شێوازە جیاوازانەی کە پاساو بۆ ژیان و بوون دەهێننەوە. لە ڕاستیدا ژیان چییە؟ چۆن دەبێت بژیت؟ بارت وەلامە فەرمییەکان بۆ ئەم پرسیارانە دەخاتە ڕوو و پاشان ڕەخنەیان لێدەگرێت. دوایین نموونەی من کە نموونەیەکی گرنگە، ڕۆمانی تەمەنی عەقڵی[31] سارتەرە. سارتەر لەم ڕۆمانەدا هەوڵی داوە کە تەواوی فەلسەفەکەی بخاتە ڕوو. ئەو لەم ڕۆمانە ئەوەمان پیشان دەدات کە جەوهەری مرۆڤ ئازادییە و هەروەها ئەم ئازادییە پەیوەستە بە چییەوە و ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەژین و ئەو

کەسانەی کە ناڕاستۆگۆیانە دەژین چییان کردووە بە بابەتی چاولێکەری بۆ خۆیان لە پێناو ئەم کارانەیان، هەروەها چۆن تا پەی بەوە ببەین کە ئازادین لە پەل و پۆ دەکەوین. بیروڕای کەسانی تر کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئەوە هەیە کە ئێمە خۆمان چۆن ببینین، هەروەها کەسانی تر حەزیان لێیە ناو و ناتۆرە لە ئێمە بنێن، ئەو ناو و ناتۆرانەی کە لێیان بێزارین، چونکە دەزانین کە ئازادین و تا کاتێک کە زیندووین ناتوانرێت هیچ ناووناتۆرەیەک لە ئێمە بنرێت. من بڕوام وایە کە بەرهەمە داستانییەکان دەتوانن زۆریش فەلسەفی بن، و بڕوام وایە ئەو بەرهەمە داستانییانەی کە فەلسەفین کاریگەرییەکی زۆرتر بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمە داستانییە ئاساییەکان لە سەر خوێنەر دروست دەکەن. بەڵام گومانم وایە کە بەرهەمە داستانییە فەلسەفییە گەورەکان زۆر کەمن. نووسەری ئەم چەشنە بەرهەمانە دەبێت زۆر بە توانایین تاوەکو بتوانن کارێکی وەها لە ئەستۆ بگرن. هەمیشە مەترسی لەوەدایە کە نووسەرێکی کەم توانا چیرۆکەکەی کەڵەکە بکات لە تێزی فەلسەفی. تا هەر ئاستێک کە نووسەر لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە فەلسەفەیەکی زیاتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بهێنێتەوە ناو بەرهەمەکەیەوە، ئەوا لە ئەنجامدا بەرهەمەکەی کەم نرختر دەکات. لە ڕاستیدا بەرهەمێکی بەم چەشنە بەرهەمی فەیلەسووفێکە کە دەیەوێت فەلسەفەو چیرۆک تێکەڵ بکات، نەک بەرهەمی نووسەرێکی بەتوانا کە بەهەڵکەوتیش فەیلەسووفە. دۆستۆیڤسکی یەکێکە لەو نووسەرە گەورە دەگمەنانەی کە بەهەڵکەوتیش فەیلەسووف بوو.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١.قسەکانی بلینسکی بە دۆستۆیۆفسکی دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی هەژارەکان، وەرگیراو لە:

Fyodor Dostoevsky, the Diary of a Writer, excerpt from 1877, translated by Boris Brasol, George Braziller, Newyork, 1954,P.587.

٢.جگە لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون سەیری ئەمانەش بکەن:

David Hume, Dialouges Concerning Natural Religion
Berkeley, Three Dialouges Between Hylas and Philonous
Friedrich Nietzsche, Thus Spoke Zarathustra
SØren Kierkegaard, Either/Or

٣.مەبەستی کامۆ لە ((پووچی)) ژیان ئەمەیە کە ژیان لە بنەمادا مانایەکی بۆ خۆی و لەناوخۆیدا نییە؛ بەڵام مرۆڤەکان پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە مانایەکی پێببەخشن.

4.Isaac Asimov
5"The Bicentennial Man"

٦. کافمەن دەنووسێت: ((یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بوونگەرایی، ناڕازیبوونێکی ئاشکرایە لە فەلسەفەی کلاسیکی ڕووکەشی ئەکادیمی و هەروەها فەلسەفەیەك کە لە ژیانەوە دوورە)).کافمن هەمان سەرچاوە.ل.١٢.

7.Quoted in Robert Cumming, "The Literature of Exttreme situation," in Aesthetics Today, edited by Morris philipson, the world publishing Company, 1964, p. 403.

8.Quoted in writers on writing, edited by Jon Winokur, Running press, Philadelphia, 1986, p. 38.
9.Barbara Barandon, the passion of Ayn Rand, Doubleday, New York,
1986.
10.Janet Burroway, wond writing fiction, Second Edition, Brown and Company, Boston, 1987, p. 80.
11.Judith Jarvis Thomsom, "A Defense of Abortion," philosophy and public Affars, Vol. I, no. 1, 1971.
12.Jonathan Bennett, "The Conscience of Hukelberry Finn", philosophy, Vol. 49, 1974.
13.Antony Flew
14.R. M. Hare
15.Basil Mitchell
16.In New Essays in philosophical Theology, edited by Antony Flew and Alasdair MacIntyre, Macmillan, New York, 1955.
17.John perry, A Dialougue on personal Identity and Immortality and Dialogue on Good, Evil, and the Existence of God, Hackett publishing Co., Inc., Indianapolis, 1978 and 1999 respectively. Wesley Salmon, "An Encounter with David Hume," in Reason and Responsibility, Third Edition, edited bay Joel Feinberg, Wadsworth publishing Co., Belmont, CA, 1975.

١٨. دەتوانن لەم کتێبەی خوارەوەدا ئەو چیرۆکانەی کە وەك نموونە هێنامەوە و چیرۆکی هاوشێوەی ئەمانەش بخوێننەوە:

Philosophy and Science Fiction, edited by Michael Philips, Prometheus Books, Buffalo, N. Y. 1984.
19."Seventh Victim"
20.Robert Sheckley

21.Robert Heinlein
22."All You Zombies"
23.philip Dick
24."Imposter"
25."They"
26.E. M. Forster
27."The Machine Stops"
28."Night-Sea Journey"
29.John Barth
30.Lost in the funhouse
31.The Age of Reason

# ٢

# ژیانی دۆستۆیڤسکی

فیۆدۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٢١دا لە مۆسکۆ لە دایک بوو. ئەو دووەم منالْ بوو لەو حەوت منالەی پزیشکێك. باوکی، میخاییل ئاندریوڤیچ دۆستۆیڤسکی لە کاتی خوێندنی لە کۆلێژی پزیشکی و نەشتەرگەری دا، رێك پێش لە شەڕی بوردینو لە سالی ١٨١٢دا، بانگهێشت کرابوو بۆ خزمەتی سەربازی. ئەو سالانێکی زۆر لە نەخۆشخانە قەرەبالغ و پیسەکانی سوپا لە پشتەوەی بەرەدا کاری دەکرد، ئەو نەشتەرگەری دەکرد، ئەندامی جەستەی دەبڕییەوە، تا ئەوەی کە لە کانوونی یەکەمی ١٨٢٠ بە پلەی بەرزی ئەفسەری پزیشکی لە خزمەت بەخشرا. لەوکاتەدا تەمەنی لە سی سالْ تێنەدەپەڕی، بەلام لەبەر ئەوەی کە بەردەوام سەرقالی قوربانییەکانی جەنگ ببوو تەواوی زەوق و تامەزرۆیی بۆ ژیان لە دەست دابوو.

ئەو لە ئازاری ١٨٢١دا لە نەخۆشخانەی مارینیسکایا[1] کە تایبەت بوو بە کەسانی بێ سەرمایە دەست بەکاربوو. شوێنی ئەم نەخۆشخانەیە لە یەکێك لە ناوچە هەژارەکانی مۆسکۆ بوو کە بینایەکی جوانی هەبوو. ئەو و هاوسەرەکەی نیچیڤا[2] کە لە ١٨١٩دا هاوسەرگیرییان کردبوو، لە گەڵ یەکەم منالیان، میخاییل، ماڵەکەیان گواستەوە بۆ ئەو ئاپارتمانەی کە نەخۆشخانەکە دابووی پێیان. شەش مانگ دوای ئەوە فیۆدۆر میخایلۆڤیچ لە دایك بوو.

ئەم ژن و مێردە دوای ئەوە بوون بە خاوەنی شەش منالی تر، کە یەکێکیان تەنیا چەند رۆژێك لە ژیاندا مایەوە. ماریا فیۆدۆر لە سی و حەوت سالان بە هۆی ئەو لاوازییەوە کە لە ئەنجامی سك پربوونی پەیتا پەیتا تووشی هاتبوو و هەروەها تووش بوونی بە نەخۆشی سیل مرد.

دەڵێن کە باوکی دۆستۆیڤسکی شوویەکی بەوەفاو و باوکێکی بەرپرسیار و مەسیحییەکی ئیماندار بووە. بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا پیاوێکی دڵ پیس و رەزیل و مەی خۆرە بووە کە سروشتێکی بەردەوام گۆڕاوی هەبووە و ئەرکەکانی لە ژیاندا بە توندی و رەقییەوە جێبەجێکردووە.

ئەو سەر بەو خێزانە ئەرستۆکراتییە کۆنانە بووە کە لە سەدەی هەژدەیەم بە هۆی خۆپارێزییان لە قبوڵکردنی مەزهەبی کاتۆلیکی رۆمی لە باتی مەزهەبی ئەرتەدۆکسی روسی لە ریزی ئەرستۆکراتە رۆژئاواییەکان چوونەتە دەرەوەو و کەوتوونەتە ناو ژیانی هەژاری و نەدارییەوە.

سەردەمی منالّی و مێردمندالّی دۆستۆیڤسکی لە کەشێکی داخراو و دڵتەنگدا تێپەڕی کە تەنیا مایەی ئارامی لەو دەمەدا بۆ فیۆدۆر بوونی دایکێکی خۆشەویست و داهێنەر و چیرۆکی ئەو فریشتانەی کە دایەنە لادێییەکان دەیانگێڕایەوە و دیداری پووری و هاوڕێیەتی لەگەڵ برا گەورەکەی میخاییل بوو کە دواتر بوو بە نزیکترین هاوڕێ و هاوکاری دۆستۆیڤسکی. دایکی دۆستۆیڤسکی سەر بە خێزانە ئاساییەکان بوو کە یان پیشەوەر بوون یان کاسب، بەڵام دایکی دۆستۆیڤسکی خۆی سەر بە ((ڕازنوچینتسی)) یەکان بوو، کە ئەم نازناوە لە سەدەی هەژدەیەم درابووە پاڵ کەسانی خوێندەواری ناو چین و توێژە نزمەکان. دایکی دۆستۆیڤسکی عاشقی شیعر بوو و خولیایەکی زۆری هەبوو بۆ ڕۆمان خوێندنەوە، حەزێکی زۆری لە مۆسیقا هەبوو و بەهرەیەکی باشی بۆ نووسینی نامەی جوانی پڕ لە هەست و سۆز هەبوو. ئەو یەکەمین ڕاهێنەر و مامۆستای منالّەکانی بوو.

ئەو دایەنانەی کە خێزانی دۆستۆیڤسکی بۆ خزمەتی خۆیان دەیانهێنا هەموویان سەر بە چینی سێرفەکان* بوون بۆیە خاوەنی هیچ مافێك نەبوون، بەڵام هەر ئەم دایەنانە بوون کە بەو چیرۆکانەی کە دەیانگێڕایەوە دۆستۆیڤسکی یان خولیای شیعری زارەکی پڕ لە هەست

---

* لە ڕوسیا سێرف بەو چین و توێژە دەوترێت کە جووتیارن و لە سیستمی دەرەبەگایەتی ئەو وڵاتەدا لەگەڵ زەوییەکاندا دەیانکڕین و دەیانفرۆشتن، لە کوردستاندا سیستمێکی بەم چەشنە بوونی نەبووە بۆیە هەر ناوە ڕوسییەکەم بەکارهێناوە – وەرگێڕ ––

و سۆزی خەڵکانی سادەی ڕوسیا کرد و دواتر ئەمانە بەرهەمیان هەبوو و لە نووسینەکانیدا ڕەنگی دایەوە.

خوشکە گەورەکەی دایکی دۆستۆیڤسکی، ئەلکساندرا کومانینا[٢]، شووی کردبوو بە بازرگانێکی ئەرستۆکراتی مۆسکۆیی. دۆستۆیڤسکی لە ڕێگای ئەم پوورەیەوە لە گەڵ بەهاکانی چینی بازرگانی ڕوسی ئاشنا بوو:

واتە بەم بیروباوەڕانەی کە پارە هاوتایە لە گەڵ هێزدا و مرۆڤ دەبێت ملکەچی کەنیسە بێت و ئیمانی بە قەیسەر هەبێت. بێ گومان دۆستۆیڤسکی هەستی بە جیاوازی کومانینەکان، کە خانووەکانیان پڕ لە بریق و باقی شت و مەکی گران بەهای هونەری بوو و کەوتبووە سەر گردێك کە دەیڕوانی بە سەر ڕووبارێکدا، لە گەڵ ژیانە بچووکەکەی خۆیان و هەروەها ژیانی هەژارانەی ئەو نەخۆشانەی کە لە حەوشەی نەخۆشخانەکە دەیانبینی، دەکرد. ڕەفەی کتێبخانەکەی خێزانی دۆستۆیڤسکی پڕ بوو لەو کتێبە جۆربەجۆرانەی کە ئەو حەزەی ئەویان کە ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ ئەدەبیات تەشەنەی دەسەند، تێر دەکرد: بۆ نموونە ئینجیل، ڕۆمانەکانی ((گوتیك))ی نووسەری بەناوبانگی سەدەی هەژدەیەم، ئان ریدکیلف[٤]، کتێبی دوانزە بەرگی کارامازین[٥]، مێژووی وڵاتی ڕوسیا[٦]، شیعرەکانی پوشکین، لیرمونتوف و شیلەر و ڕۆمانەکانی سێر ڤالتێر ئێسکات و نیکۆلای گۆگۆڵ. باوکی دۆستۆیڤسکی لە ١٨٢٧دا پلەکەی بەرزکرایەوەو و بوو بە ((نەقیب)). ئەم پلەیە لە ڕوسیای ئەو دەمەدا تایبەت بوو بەو ئەرستۆکراتە بۆماوەییانە و مافی

خاوەندارییەتی زەوی و زار و سێرفەکانیان، پێیان دەبەخشی. لە ساڵی ١٨٢١دا کاتێك کە دۆستۆیڤسکی تەمەنی دە ساڵان بوو، باوکی گوندی دارافۆی[٧] کە هەفتاو پێنج میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆ بوو کڕی، و ساڵی دواتر گوندێکی تری کڕی کە لە تەنیشتی ئەو ناوچەیە بوو واتە چرموشنا[٨].

بەم شێوەیە خێزانی دۆستۆیڤسکی بوون بە خاوەنی ١٤٠٠ دۆنم زەوی و سەد سێرف. ئەم موڵکەی ئەمان نە دارستانی هەبوو نە ڕووبار، خاکەکەشی بە پیت نەبوو، خانووی ئاغاییەتیەکەشی بینایەکی بچوك بوو کە دیوارەکانی لە قوڕ دروستکرابوو، سێرفەکانیشی زیاد لە ئەندازە هەژار و دواکەوتوو بوون. دۆستۆیڤسکی پشووەکانی قوتابخانەی هەر لەم موڵکە دڵتەنگ کەرە بەڕێدەکرد. دایك و باوکی دۆستۆیڤسکی دیدێکی جیاوازیان هەبوو بۆ سێرفەکانیان. باوکی لە دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا هەڵی دەقۆستەوەو و بەردەوام بە قامچی لێیانی دەدا و لە ئەنجامدا سێرفەکان ڕقیان لێبوو و حەزیان لێبوو بتوانن ڕۆژێك تۆڵەی لێبکەنەوە.[٩] بەڵام دایکی بە نەرمی و میهرەبانی لە گەڵ ئەواندا ڕەفتاری دەکرد. هەر لە ئەوەوە دۆستۆیڤسکی فێری هاوخەمی و خۆش ویستنی ستەم لێکراوەکان بوو.

دۆستۆیڤسکی کۆمەڵێکی تر ((هاوڕێی ستەم لێکراوی)) دەناسی: فیۆدۆر پترۆڤیچ هاس[١٠] یەکێك بوو لەوانە. هاس لە ناوەڕاستی دەیەی ١٨٨٢٠دا بوو بە پزیشکی یاسایی مۆسکۆ و دواتر بووە سەرۆکی پزیشکانی بەندیخانەکانی مۆسکۆ.

هاس تـوانی کۆمـەڵێك چاکسازی مرۆیـی لـە سیـستمی سزادان دا دروست بکات. ئەو بـە چـەندین کیلۆمـەتر لـە ڕێگا دووردوورێژەکانـدا لـە گـەڵ ئاوانبارانـدا دەڕۆشـت و پـارەو خـواردن و جـل و بـەرگی دەدا بـە ئەوان. هاس خۆی لە ساڵی ١٨٥٣دا لـەو پـەڕی هەژاریـدا مـرد بـەلام لـە هەمان کاتـدا لـە لوتکـەی ڕیـزدا بـوو. لەوانەیـە ئـەو یەکـەمین نموونـەی مرۆڤێکی ئایدیالیستی بوو بۆ دۆستۆیڤسکی و لـە بەشـێکی کورتـدا لـە ڕۆمانی گەمژە لە چوارچێوەی کەسایەتییەکدا دەردەکەوێت.

دۆستۆیڤسکی پزیشك خۆی بە تایبەتی منداڵەکانی فێری زمانی لاتین دەکرد و ناچاریانی دەکرد لـە کـاتی وانەکـەدا لـە تـەواوی کاتەکانـدا بـە پێوە بوەستن. دواتر کەسێك بـە نـاوی موسیۆ سوشـار[11] ئـەوانی فێـری زمـانی فەرەنـسی کـرد. سوشـار قوتابخانەیـەکی ئامـادەیی ڕۆژانەشـی هەبوو و دۆستۆیڤـسکی پزیـشکی ڕازی کـرد کـە دوو کـوڕە گەورەکـەی بنێرێت بۆ ئەوێ. بەمشێوەیە، لە کانوونی دووەمـی ١٨٣٣دا میخاییـل و فیـۆدۆر چـوون بـۆ قوتابخانـەی دراچوسـوف[12]. فـەزای چـینایەتی ئـەم قوتابخانەیە لە گەڵ ڕێبازە توندوتیژەکانی بۆ وەرگرتنی ئـەو کەسـانەی کە تازە دەچوونە ئەوێ، بـۆ دۆستۆیڤـسکی زۆر ئـازار هێنـەر بـوو. ئـەو دواتـر لـە ڕۆمانێـك کـە نیـوەی ژیاننامەکەیـەتی واتـە هـەرزەکار[13] ئـەم فەزایەی پیشان دا.

لە پاییزی ١٨٣٤دا، ئەم دوو برایە نێردران بۆ قوتابخانـەی ئێـوارانی لیۆپۆلد چێرماك[14]. بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەکـە هـەموویان لـە زانایان و مامۆستایانی بەرچاوی مۆسکۆ بوون و لە قوتابخانەکـەدا زیـاتر

پێداگری لە سەر ئەدەبیات دەکرایەوە. یەکێك لە هاوپۆلەکانی دۆستۆیڤسکی لەم قوتابخانەیە، بەم شێوەیە باسی ئەم قۆناغەی ژیانی ئەم نووسەرە دەکات:

جیددی و بیرمەند بوو، قژ کاڵ و ڕەنگ پەڕیو بوو. خولیایەکی بۆ هیچ یارییەك نەبوو. لە کاتی پشووەکانیشدا دەستی لە کتێبەکانی هەڵنەدەگرت و ئەگەر وازی لە کتێبەکانیشی بهێنایەت تەنیا لە بەر ئەوە بوو کە لە گەڵ قوتابیانی پۆلە باڵاکانی خۆی باس و گفتوگۆ بکات.[15]

سەردەمی خوێندنی دۆستۆیڤسکی لە قوتابخانەی چیرماك، سەردەمی هەستانەوەو شۆڕشی ئەدەبی بوو لە ڕوسیا، سەردەمێك کە پوشکین لە دوێلێکدا کوژرا، لیرمونتوف بەرەو قەفقاز دوورخرایەوە و گۆگوڵ بە ((دڵێکی تەنگەوە)) ڕۆشت بۆ دەرەوە. هەر لەم کاتەدا بوو کە دۆستۆیڤسکی درکی بە پەیامەکەی خۆی کرد. دواتر وتی: کاتێك کە پانزە ساڵان بووم، هەستم بە یەکەمین جموجۆڵی ئیلهام لە خۆمدا دەکرد هەستم کرد: ((وەك بڵێی ئاگرێك لە ناخمدا بوو، و بڕوام بەم ئاگرە هەبوو و گرنگ نەبوو بۆم کە ئەم ئاگرەی ناخم چ بە سەر ژیانمدا دەهێنێت.))[16]

دایکی دۆستۆیڤسکی دوای بەدونیا هێنانی دوایین منالی لە کانوونی دووەمی ١٨٥٣دا، نەخۆشییە سیلەکەی زیاتر پەرەی سەندبوو. لە سەرەتای ١٨٣٧دا ئیتر لە ژورە تاریکەکەیدا نەچووە دەرەوەو و سەرەنجام لە ٢٧ی شوبات مرد. مردنی ئەو خێزانی دۆستۆیڤسکی هەڵوەشاندەوە. کومانینەکان بەخێوکردنی دوو منالیان گرتە ئەستۆی

خۆیان و قبوڵیان کرد کە یارمەتی دارایی منداڵەکانی تریش بدەن. دۆستۆیڤسکی پزیشك، میخاییل و فیۆدۆری لە گەڵ خۆیدا برد بۆ پترزبۆرگ و فیۆدۆر لەوێدا لە کۆلێژی ئەندازیاری سەربازی خۆی ناونوس کرد کە ئەوێ کەوتبووە ناو کۆشکی گەورەی میخایلۆفیسکی[17] واتە ئەو جێگایەی کە قەیسەر پاوڵی یەکەمی[18] تێدا کوژرا.

میخاییل کە لە بەر کێشەی نەخۆشی ڕیخۆڵە لە کۆلیژەکەدا وەرنەگیرا، چووە ناو بەشی سەربازییەوە و دواتر ڕەوانەی دەستەی ئەندازیارانی سەربازی کرا لە شاری ڕێڤال[19] لە کەناری بالتیك.

فیۆدۆر لە کاتی چوونی بۆ پایتەخت لە ڕێگادا شتێکی بەدی کرد کە لە تەواوی ژیانیدا مێشکی سەرقاڵ کردبوو و دواتر بووە هۆی ئیلهامێك بۆی تا لە بەشێك لە تاوان و سزادا ئەمە بنووسێت ( ئەو خەونەی راسکۆلنیکۆف سەبارەت بە ئەسپێك کە لە گوندێکدا لە ژێر لێدانە زاڵمانەکەی خاوەنەکەی دەمرێت):

شەوێکیان لە وێستگەیەك لە میوانخانەیەك لای گوندێك وەستابووم...گوندێکی گەورەو ئاوەدان بوو. نیو کاتژمێر دواتر درێژەمان بە سەفەرەکەمان دا و لەم ماوەیەدا لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد کە ئەمەم بینی:

بینای وێستگەکە لە تەنیشت شەقامەکەوە ڕێك بەرامبەر بە میوانخانەکە بوو. لەناکاو گالیسکەیەکی نامەبەر بە پەلە خۆی کرد بە وێستگەکەدا، نامەبەرەکە لە گالیسەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە...ئەو کەسە گەنجێکی باڵابەرز و بە هیکەڵ و زلە بوو کە دەموچاوی گرەی

لێوە دەهات. بەراکردن چوو بەرەو لای ژوورە بچووکەکەی وێستگەکە و بەدڵنیاییەوە لەوێدا پێکێك ڤۆتگای هەڵلوشاند...

هەر لەم کاتەدا گالیسەکەیەکی تری بار هەلگر بە ئەسپی تازە نەفەسەوە خۆی کرد بە وێستگەکەدا، یامچیسکی کە گەنجێکی تەمەن بیست ساڵە بوو کراسێکی سووری لەبەر بوو و پاڵتۆیەکیشی بە دەستەوە بوو لە سەر کورسی سایەقەکە دانیشت. دوای ئەوە نامەبەرەکە بە راکردنەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوەو سورای گالیسکەکە بوو. یامیچیسك هەیەکی لە ئەسپەکان کرد، بەڵام هێشتا بەرێنەکەوتبوو کابرای نامەبەر هەستاو بە بێدەنگی مستێکی بە هێزی سرەواندە پشتی یامچیسك. یامچیسك بە بەردەمدا کەوت و قامچییەکەی هەلگرت و بەتەواوی هێزیەوە کێشای بە پشتی ئەو ئەسپەی کە لە پێشەوە بوو....لە پشتیشەوە هەر بە مست لێی دەدرا و ئەم کارە هەر دووبارە دەبوویەوە تا ئیتر گالیسەکە چوو و لە پێش چاودا نوقم بوو. هەڵبەت کە یامچیسکیش بە ئەستەم پارسەنگی خۆی راگرتبوو، بە بێ وەستان لە هەر چرکەیەکدا وەکو شێت قامچی دەکێشا بە ئەسپەکان و سەرەنجام ئەوەندە قامچی لێدان تا وەکو ئەسپەکان وەکو ئاژەڵێك کە دێو دەستی لێیانوەشاندبێت بە خێراییەکی زۆرەوە غاریان دا.[٢٠]

دۆستۆیڤسکی پزیشك حەزی لێبوو کورەکانی لە ئەندازیاری سەربازیدا ژیانێکی پیشەیی سەرکەوتوویان هەبێت. لەو دەمەدا ئەندازیاری سەربازی بە ناوەندێکی پڕ لە دەرامەت هەژمار دەکرا، چونکە بڕیار بوو کۆمەڵێك قەڵای زۆر لە سنوورەکانی رۆژئاوای وڵاتدا

دروست بکرێت. بەڵام فیۆدۆر هیچ خولیایەکی بۆ ئەندازیاری نەبوو. ئەو قوتابییەك بوو کە ئەرکی خۆی بە باشی دەناسی" بەڵام ئەو بابەتانەی کە ئەم حەزی لێیان هەبوو بریتی بوون لە ئەدەبیات و مێژوو و بیناسازی. لە کاتی خوێندن لە کۆلیژی ئەندازیاریدا، شەوان لای ئەو خۆشەویست بوون، ئەو شەوانەی کە دەیتوانی تێرامان بکات لەسەر ئەو ناوەڕۆکە ناکۆتاییەی کە ڕۆحی داگیر کردبوو: ((مرۆڤ نهێنییەکە، نهێنییەك کە دەبێت بە گریمان و گومانەوە لێی تێبگەی.))[21] یەکێکی تر لە چێژەکانی دۆستۆیڤسکی دانیشتن بوو لە گەڵ ئیڤان نیکالایۆڤیچ شیدلۆفسکی[22] یەکەمین هاوڕێی فەیلەسووفی لە نێوان هاوڕێ فەیلەسووفەکانی تری، ئەو گەنجێك بوو کە پێنج ساڵ لە دۆستۆیۆفسکی گەورەتر بوو و دۆستۆیۆفسکی هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ پترزبۆرگ لەو هۆتێلەی کە تیایدا نیشتەجێ بوو لە گەڵ ئەودا ئاشنا بوو.

هەر لەو کاتەدا کە دۆستۆیڤسکی پزیشك دوای ئەوەی کە کوڕەکانی برد بۆ پترزبۆرگ خۆی گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ و لە نەخۆشخانەکەدا بە بیانووی نەخۆشی دەستی لە پلەکەی هەڵگرت و لە گەڵ خزمتکارە پێشووەکەیدا کە خۆشەویستی بوو و هەروەها مناڵە بچووکەکانی چوو بۆ موڵکەکەی خۆی. زۆر زێدەڕۆیی دەکرد لە مەی خواردنەوەدا و تەندروستی بەرەو خراپ بوون دەچوو تا ئەوەی کە لە هەشتەمی ئابی ١٨٣٩دا بە دەستی سێرفەکانی کە هاوکات هەر بە خراپی مامەڵەی لە گەڵیاندا دەکرد کوژرا. خێزانی کومانین بەرپرسیارێتی منداڵە

بچووکەکانی تریان قبول کرد. کاتێک فیۆدۆر هەواڵی مردنی باوکی پێگەیشت، تووشی یەکەمین هێرشی جیددی لاوازی و لەهۆش چوون و گرژهەلاتن بوویەوە، هێرشێك کە دواتر زانرا هێرشی پەرکەم بووە. هەست وسۆزی بەرامبەر بە باوکی و چۆنیەتی مردنی، ئەوی زۆر بە سەختی تووشی ئازاردان دەکرد. کچەکەی دۆستۆیڤسکی لەمبارەیەوە دەنووسێت:

دۆستۆیڤسکی لە ماوەی تەمەنیدا لە هۆکارەکانی ئەم مردنە ترسناکەی دەکۆڵییەوەو ڕاڤەی دەکرد. کەسایەتی بەخشین بە فیۆدۆر کارامۆزف، لەوانەیە هەر لەبەر پیسکەیی و ڕەزیلی باوکی بوو کە بووە هۆی ئازار کێشان و ڕقی کوڕەکانی و هەروەها لەبەر بەردەوام مەست بوونی ئەو و ئەو هەڵچوونە جەستەییەی کە لە لای کوڕەکانی دروستی دەکرد، بوو بێت.[٢٢]

فیۆدۆر دوای تەواو کردنی یەکەمین قۆناغی سێ ساڵەی کۆلیژ لە ساڵی ١٨٤٠دا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە شوێنەکەی بگوازێتەوە بۆ ئاپارتمانێکی بچووکی تاریکی دوو ژووری، لەوێدا لە گەڵ قوتابییەکی تری زانکۆدا لە ماڵێکدا پێکەوە بوون. ئەو پارەیەی کە مێردی خوشکەکەی بۆی دەنارد، چونکە ئەو ببووە سەرپەرشتی موڵکەکانی دۆستۆیڤسکی پزیشك و هەروەها ببووە سەرپەرشتی یاسایی دوو منالە گەورەکەی، لە گەڵ مووچەی ئەفسەرییەکەی خۆیشی دەرفەتی ئەوەی پێدەدا کە بەردەوام لە هاتوچۆ و تێکەڵ بوونی کەسانی تردا بێت بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا دۆستۆیڤسکی بە هۆی ئەو پارە بە فیڕودانە زۆرانەی

بەردەوام بێ پارە بوو و پارەیەکی کەمی هەبوو. ئەمە کێشەیەکی بەردەوامی دۆستۆیفسکی بوو لە تەواوی ژیانیدا. لەوانەیە ئەم کارەی ئەو کاردانەوەیەك بووبێت بەرامبەر بە پیسکەیی باوکی و لە هەمان کاتیشدا لە ئەنجامی کەم ئەزموونی ئەوەوە بووبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی خۆیدا. بەمشێوەیە ئەو کەوتە ناو گەندەڵی و قەرزکردن و پارە بە فیڕۆدان و دواتر ناوبانگی قومارچیشی لە ئەنجامی ئەمانەوە وەرگرت. ئیتر وای لێهاتبوو ئەو بە پێی هەست و سۆز و زەوق و کەیف دەژیا و هەمیشە لە سنوور و لێواری ژیاندا بوون سروشتێکی دووەمی ئەو بوو.خۆی دواتر لەمبارەیەوە وەهای نووسی: ((لە هەموو جێگایەك و لە هەموو ئیشێکدا تا کۆتاییەکەی بۆ پێشەوە دەچم. لە ژیاندا هەمیشە هێڵی کۆتاییم بڕیوە.))[٢٤]

لە ساڵی ١٨٤٠-١٨٤١، دۆستۆیفسکی دەستی کرد بە کاری نووسینی دوو شانۆنامەی مێژوویی بەناوی ماریا ئیستیورات[٢٥] و باریس گادونۆف[٢٦] کە بەداخەوە هیچیان نەماوە.

لە هاوینی ساڵی ١٨٤٢دا بە یارمەتی ئەو مۆڵەتەی کە بۆ یەك مانگ پێی درا بوو چوو بۆ بینینی میخاییلی برای و ئەو ژنە ئەڵمانییەی کە تازە لە گەڵیدا هاوسەرگیری کردبوو. لە دوانزەی ئابی ١٨٤٣دا دۆستۆیفسکی کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کرد و دوای ئەوە بوو بە کاربەدەستێك لە یەکەی نەخشەدانانی دەستەی سەربازی پترزبۆرگ.

ئەم پیشە ئیدارییە، بەو شێوەیەی کە خۆی لە نامەیەکدا دەینووسێت، بۆ ئەم ((جەستە بەهێز و پڕ لە جموجۆڵە کە تەحەمولی

بەرنامەی پۆخڵەواتی ڕۆژانەو ڕۆژمێری ژیانی نەبوو)) زۆر بێزارکەر و ناخۆش بوو. دۆستۆیڤسکی هاوکات هەر بەردەوام بوو لە سەر هات وچۆ و تێکەڵ بوونە بێ بەرنامەکانی و بەرە بەرە تا قورقوراگەی نوقمی قەرز بوو. لە کانوونی یەکەمی ١٨٤٣دا لە ڕووی داراییەوە بارودۆخی بەچەشنێك خراپ ببوو کە لە ڕووی نەزانییەوە لە بری ئەو پارەیەی کە لە خوشکەکەی وەریگرتبوو، دەستی لە هەموو مافەکانی خۆی سەبارەت بە موڵکەکانی باوکی هەڵگرت. کارێکی تر کە ئەو بۆ باشتر کردنی بارودۆخی درایی کردی، وەرگێڕانی ئۆژنی گراندی [٢٨] بالزاك بوو کە لە ژمارەکانی کانوونی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٨٤٤دا لە گۆڤاری ریپرتوار و پانتیۆن[٢٩] چاپکرا. هەر لەم ساڵەی کە بەرهەمەکەی چاپکرا، ئەرکێك سپێردرایە دۆستۆیڤسکی بۆ سەردانی قەڵایەك کە زۆر دوور بوو کە ئەمە دەیتوانی دۆستۆیڤسکی بۆ چەند مانگێك لە ئیشکردن بە خامەکەی دووربخاتەوە. بۆیە بڕیاریدا دەست لەکاربکشێنێتەوەو سەرقاڵی نووسین بێت. لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٤دا بە پلەی مولازمی لە خزمتکردن لە سوپادا بەخشرا.

هەر لەم سەردەمەدا بوو کە دەستی کرد بە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی واتە هەژارەکان[٣٠]. ڕۆمانێکی ((کۆمەڵایەتی)) کە لە هەمان کاتدا پڕ بوو لە بەڵگەی دەروونناسی. دواتر نووسی: ((ئەم ڕۆمانەم بە هێزێکی تەواو و فرمێسکی چاوانم نووسی.)) کاتێك لە مانگی مایسی ١٨٤٥دا نووسینی هەژارەکانی تەواوکرد، دەستنووسەکەی دا بە دیمیتری ڤاسیلۆڤیچ گریگاروڤیچی[٣١] هاوڕێی، ئەم هاوڕێیەشی ئەوەی برد

بۆ لای شاعیری رادیکالی ئەو زەمانە نیکۆلای ئیلیکسیۆفیچ نکراسۆف[٢١] کە ئەو هەم رۆژنامەنووس بوو هەم بلاوکەرەوەی کتێبیش. ئەوان شەوێکی تەواو نەخەوتن و بە نۆرە رۆمانی هەژارەکانیان بۆ یەکتر خوێندەوە.

رۆژی دواتر نکراسۆف رۆمانەکەی برد بۆ لای بەناوبانگترین رەخنەگری ئەو سەردەمە ڤیستاریۆن گریگاریۆڤیچ بلینسکی[٢٢] و بە ئەوی وت کە ((گوگۆڵێکی تازە لە دایك بووە!)) بلینیسکی گومانی هەبوو و بە نکراسۆفی وت: ((لە نێوان ئێوەدا گۆگۆلەکان وەکو قارچك دەڕوێن!)) بەلام دوای خوێندنەوەی رۆمانەکە، بلینسکیش خولیای ئەو بوو. دۆستۆیڤسکی لە دەستنووسە رۆژانەکانی نووسەرێك دەنووسێت:

کاتێك کە منیان برد بۆ لای بلینیسکی بە چاوێکی درەوشاوەو بە زەوق و شەوقەوە دەستی کرد بە قسەکردن. چەندین جار بە هاوارەوە، چونکە ئەمە خووی ئەو بوو، ئەمەی دووبارە کردەوە: ((بەلام تۆ خۆت دەزانی، تێدەگەی چیت نووسیوە؟!))....((حەقیقەت، بۆ تۆ کە هونەرمەندێکی ئاشکرا دەبێت و رادەگەینرێت" ئەمە وەك کەرەمێك دەبێتە نسیبت. بۆیە نرخی ئەم کەرەمە بزانەو وەفات بۆی هەبێت تا ببیتە نووسەرێکی گەورە!))[٢٤]

دۆستۆیڤسکی هەرگیز ئەم قسانەی بلینسکی فەرامۆش نەکرد. بیستنی ئەم قسانە خالێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی دۆستۆیڤسکیدا:

هەستم دەکرد کە ژیانی من گەیشتووەتە ساتێکی پڕ لە مەترسی. دابڕانێك بۆ هەمیشە" هەستم دەکرد شتێکی تەواو جیاواز لە ژیانی مندا

دەستی پێکردووە، شتێك کە تەنانەت لە ئاڵۆزترین خەونەکانیشم نەمدەبینی ( ئەویش منێك کە ئەو سەردەمە کارم تەنیا بووە خەون بینین) و لەو کاتە سەرخۆشییەدا کە شەرمەزاریشی دەکردم بە شەرمەوە لە خۆمم دەپرسی: ((ئایا بەڕاستی من ئەوەندە گەورەم؟)) لە گەڵ خۆمدا دەموت دەبێت خۆم شیاوی ئەم ڕێزلێنانە بکەم....ئەمە خۆشترین سات بوو لە تەواوی تەمەنمدا.[٢٥]

لە کانوونی دووەمی ١٨٤٦دا، هەژارەکان لە گۆڤاری گۆلبەژێری پترزبۆرگی[٢٦] نکراسۆف بڵاوکرایەوە. دووەمین ڕۆمانی دۆستۆیڤسکی، هاوزا[٢٧]، لە سەرەتای شوبات دا لە پێشکەوتووترین گۆڤاری ئەو سەردەمە واتە دەستنووسەکانی سەرزەمینی باوکی[٢٨] بڵاوکرایەوە. ڕەخنەگرە ڕۆژنامەییەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە هیچ کام لەم بەرهەمانە نەکرد و تەنانەت کاردانەوەی بلینسکی بۆ هاوزا بەو شێوەیە نەبوو. ئالیا ئامۆییا دەڵێت: ((هەر لە بنەماوە تێڕوانینی فێرکاری و کۆمەڵگەراییانەو ریالیستی بلینسکی بۆ ئەدەبیات بە شێوەیەکی جیددی دژ بوو لە گەڵ تێڕوانینی ڕۆمانتیك و ئایدیالیستی دۆستۆیڤسکی.))[٢٩]

زنجیرە پەیوەندییەکانی دۆستۆیڤسکی و بلینسکی لە ١٨٤٧دا بە تەواوەتی پچڕا و هۆکارەکەی تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بێزاری دۆستۆیڤسکی بەرامبەر مولحیدی بلینسکی و بێ بڕوایی بەرامبەر بەخودا. بەڵام تا ئەو سەردەمەش دۆستۆیڤسکی پەیوەندی هەبوو لە گەڵ ئەندامانی کۆڕی بلینسکی. جارێك داوەت کرا بۆ ماڵی ئیڤان

ئیڤانۆڤیچ پانایاف[40]، کە یەکێك بوو لە چیرۆك نووسە خۆشەویستەکانی دەیەی ١٨٤٠.لە ماڵی پانایف بۆ یەکەمین جارهەستی عەشق بەرەو لایدا هات: ((دوێنێ بۆ یەکەمین جار چووم بۆ ماڵی پانایاف و وادەزانم کە عاشقی ژنەکەی بوومبێتم.))[41]

هاوسەرە جوان و هۆشمەندەکەی پانایاف ڕازی نەبوو لە شوو کردنەکەی. ئەو عاشقی ژیان بوو زۆریش میهرەبان و پڕ لە هەست وسۆز بوو" لە گەڵ ئەوەی کە کەسانی تر بەردەوام گاڵتەیان بە دۆستۆیڤسکی دەکرد، خولیابوونی دۆستۆیڤسکی بۆ ئەم ژنە زۆری نەخایاند بەلأم کاریگەرییەکی جیددی لە ژیانیدا هەبوو. بە گریمانێکی زۆر کەسایەتی ناستاسیا فیلیپونا[42] لە ڕۆمانی گەمژەدا بە ئیلهام لەوەوە وەرگیراوە.

دۆستۆیڤسکی کە بەردەوام پێویستی بە پارە بوو، بە خێرایی ڕۆمانەکانی جەنابی پروخارچین[43]، خاتونی خاوەن ماڵ[44] و چەندین کورتە چیرۆکی نووسی کە زۆربەیان هەر لە دەستنووسەکانی سەرزەمینی باوکی بلأوکرانەوە.

لە نامەیەك بۆ براکەی بەم شێوەیە گلەیی و گازندەی خۆی دەردەبڕێت:

کەی ڕزگارم دەبێت لە دەستی ئەم قەرزانەم؟ ئیش کردن وەکو کرێکارێکی ڕۆژانە زۆر ناخۆشە. هەموو شتێکی مرۆڤ تێکدەدات تەنانەت بەهرەو گەنجییەتی و ئۆمێدیشی و مرۆڤ لە کارەکانی خۆی ڕقی دەبێتەوە، دواتر دەبیت بە قەڵەمکارێك نەك نووسەر.[45]

لە گەڵ ئەمانەشدا دووبارە دۆستۆیڤسکی هەر هیوادار بوو کە ڕۆمانەکەی تری واتە نیۆتوچکا نێزڤانۆڤا[46]، کە نووسینی ساڵێکی خایاند لە لایەن ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێبکرێت و دۆخی ئاڵۆزی دارایی ببوژێنێتەوە. دوو بەشی یەکەمی ئەم ڕۆمانە لە ژمارەکانی کانوونی دووەم و شوباتی دەستنووسەکانی سەرزەمینی باوکی لە ١٨٤٩دا چاپکران.

بەشی سێیەم کەمێك بە دواکەوتنەوە لە مانگی مایس و بە بێ ناوی نووسەر بڵاوکرایەوە. دۆستۆیڤسکی لە ٢٣ی نیسانی ١٨٤٩دا گیراو بە تۆمەتی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە زیندانی کرا. هەر لە هەمان سەرەتای بەهاری ١٨٤٦دا دۆستۆیڤسکی لە گەڵ میخاییل ڤاسیلیۆڤیچ بوتاشیڤیچ پێتراشیفسکی ئاشنا ببوو. پێتراشیفسکی یەکێك بوو لە موریدەکانی فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی فەرەنسی شارڵ فوریە[48] و کۆمەڵێکی بۆ توێژینەوەو مشتومڕ لە پێترزبۆرگ کۆکردبووە کە بە گرووپی پێتراشیفسکی ناوبانگی هەبوو. لە بەهاری ١٨٤٧دا دۆستۆیڤسکیش پەیوەندی کرد بەم گرووپەوە.لەم گرووپەدا باس لە بابەتە ڕۆژانەکان و بابەتە ئابوری–کۆمەڵایەتییەکان دەکرا و بیروڕایەکی جیاواز سەبارەت بەمانە دەخرایە ڕوو. دۆستۆیڤسکی بە هۆی عەشقێك کە لە بیروڕاکانی فوریە سەبارەت بە مرۆڤ دەیبینی خولیای بیروباوەڕەکانی ببوو و وای دەزانی کە دەکرێت بە هێزی نووسین و قسەکردن بتوانن ئەو خەونە یۆتۆپیاییە هاوبەشەیان بەدی بێنن. دۆستۆیڤسکی هەرگیز بڕوای وا نەبوو کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشتر دەبێت دەست بدرێتە

شۆڕشـێکی توندوتیژانـه. لـه گـەڵ ئەمانـەدا لـه بـەهاری ۱۸٤۹دا حکومەتەکـەی قەیـسەر کـه لـه هەڵگیرسـاندنی ئـەو توندوتیژییـە شۆڕشگێڕانەییەی کە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپاییدا دەستی پێکردبوو ترسی لێنیشتبوو و گوێی لە زەنگی مەترسی ببوو، بۆیە بڕیاری دا کۆتایی بێنێت بە چالاکییەکانی گروپی پتراشیفسکی. دۆستۆیڤسکی لە گـەڵ سـی و سـێ ئەندامەکـەی تـری گروپەکـەو کۆمـەڵێك قومارباز‌دا دەسـتگیر کـرا. چـەند ڕۆژێـك دوای ئـەوە براکـەی دۆستۆیڤسکیـشیان دەستگیر کرد. میخاییلیش کە لـە خزمـەت کردنی دەوڵەتدا خانەنشین کرابوو و ئێستا لـه گـەڵ خێزانەکـەی لـه پترزبـۆرگ سـەقامگیر ببـوو، بەشداری دەکرد لە دانیشتنەکانی گروپی پتراشیفسکی. هـەر بـه زوویی میخاییـل یـان دوای گرتنـی ئـازاد کـرد بـەڵام دۆستۆیڤسکی لـه قـەڵای ترسناکی پوتروپاول زیندانی کرا و لەماوەی لێپێـچینەوەکانیدا بـه تـەنیا خستبوویانە زیندانێکـەوە. ئـەو چـوار مـانگ بـه تـەنیایی لـه زیندانێکدا مایەوە. دوای ئەوە دادگایی کردنەکان دەستی پێکرد کە مانگ و نیوێك درێـژەی کێـشا. دۆستۆیڤـسکی لـه گـەڵ چـوارده کەسـی تـردا بڕیـای گولەباران کردنیان بەسەردا سەپا. لە گەڵ ئەوەی کە قەیـسەر نیکۆلای یەکەم، سێ ڕۆژ دوای ئەوە، بڕیارەکەی گۆڕی بۆ چوار ساڵ زینـدانی لـه گەڵ کاری زۆره ملێ لـه سـیبریا، بـەڵام زیندانییـەکان ئاگـاداری گـۆڕانی ئەم بڕیاره نەبوون. مانگێك زیندانییەکان لە چاوەڕوانی مردن وسێدارەدا بوون. بە فەرمانی قەیسەر لـه ۲۲ی کـانوونی یەکـەمی ۱۸٤۹دا تـەواوی مەراسیم و ڕێوڕەسمی سێدارەدانەکە جێبەجێکرا و ڕێك سائێك پـێش لـه

گوڵەباران کردن بە زیندانییەکان ڕاگەیەندرا کە بڕیاری گوڵە بارانەکە هەڵوەشاوەتەوە (دۆستۆیڤسکی ئەم ڕەنج و ئازارەی کاتی لە سێدارەدانی لە ڕۆماتی گەمژە لە زمانی شازادە میشکین باسکردووە ئەو کاتەی کە ئەو چیرۆکێك سەبارەت بە زیندانییەکی سیاسی کە ناسیبووی دەگەڕێتەوە). دەست لێخشاندن لە مردن ئاوا لە نزیکەوە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی لانەچووی لە سەر ژیانی دۆستۆیڤسکی هەبووە.

لە گەڵ ئەوەی کە هاوکات هەر ڕەنج و ئازارێکی گەورە چاوەڕوانی دۆستۆیڤسکی بوو، هەر لەو شەوەی ڕزگاربوون لە مردن نامەیەکی بۆ میخاییل نووسی:

برام، من هەست بە دڵمردوویی ناکەم و بێ هیوا نیم. ژیان لە هەموو جێگایەکدا بوونی هەیە. ژیان لە ناوەوەی ئێمەدایە نەك لە دەرەوەی ئێمەدا. کەسانی تریش لە گەڵ مندان، بەڵام گرنگ ئەمەیە کە........لە کاتی هەر بەدبەختییەکدا بێ هیوا نەبین و نەکەوینە سەر ئەژنۆ- ئامانجی ژیانی ئێمە هەر ئەمەیە، مەبەستی ئێمە لە ژیاندا هەر ئەمەیە. ئێستا لەمە تێدەگەم. ئەم بیرکردنەوەیە بە تەواوی ڕۆچووەتە ناو ڕەگ و مێشکی منەوە....ژیان کەرەمە، ژیان خۆشبەختییە، هەر ساتێکی دەتوانێت ساتێکی ناکۆتا لە خۆشبەختی بێت. برام، سوێند دەخۆم کە هیوام لە دەست نادەم و دڵ و گیانم بە پاکی و بێ خەوشی دەهێڵمەوە.[٤٩]

دوو ڕۆژ دوای ئەوە کە دەرفەتیان دا بە دۆستۆیڤسکی کە بۆ ماڵئاوایی کردن میخاییل ببینێت، بەمشێوەیە دڵخۆشی براکەی دایەوە:

من بەرەو گۆڕ ناڕۆم. بەرەو گۆڕ من ڕەوانە ناکەی. ئەوانەی کە لە زیندان دان ئاژەڵ نین، ئەوانە مرۆڤن، لەوانەیە مرۆڤ گەلێك بن کە باشتر بن لە من و تۆ. کاتێك کە بێمە دەرەوە دووبارە دەستدەکەم بە نووسین. لەم چەند مانگەدا شتی زۆرم بەدیکردووە، زۆر شتیش بە ناخمدا هاتووە. دەزانم کە دووبارە شتی زۆرتریش دەبینم و لە شتی نوێتریش تێدەگەم، ئەو کاتەش ئیتر دونیایەك شتم بۆ نووسین هەیە.[٥٠]

لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا لە شەوی کریسمەس، دۆستۆیڤسکی و هاوڕێکانیان کۆت و زنجیر کرد و سەفەرە دوو هەزار میلییەکەیان بەرەو توبلوسك[٥١] لە ڕۆژئاوای سیبریا دەستی پێکرد. دوای گەیشتن بە زیندانی توبلوسك کە بە شێوەیەکی کاتی لەوێ بوون دووبارە دۆستۆیڤسکییان گواستەوە بۆ پێنسەد میل ئەولاتر بۆ زیندانی ئومیسك[٥٢]. لەوێدا چوار ساڵی لە گەڵ دز و بکوژە ئاساییەکان بە ئیشی زۆرە ملێ و قورس بەڕێکرد. لە زینداندا زیندانییە ئاساییەکان و پاساوانەکان لە بەر ئەوەی کە دۆستۆیڤسکی کەسێکی خوێندەوار و لە خێزانێکی ئەرستۆکراتیش بوو ئیرەییان پێدەبرد. بەڵام دۆستۆیڤسکی بە پێی ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە براکەی توانی لەوێدا شتی نوێ ببینێ و لە شتی نوێ تێبگات و کەرەستەو ئامرازێکی زۆر بۆ ڕۆمانەکانی تری دەستەبەر بکات.

بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکان[٥٣] بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ئەم ساڵانە بوو کە لەوێدا دەنووسێت: ((ئەوەی کە وایلێکردم ئەم ساڵە ترسناکانە تێپەڕێنم تەنیا حەزێکی زۆرم بوو بۆ ئاخێزکردن و نوێ بوونەوەی ژیان و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ.)) گەورەترین

ناخۆشی لە زینداندا بۆ ئەو بێ بەشکردنی بوو لە نووسین و خوێندنەوە. تەنیا کتێبێك کە ئەو ئازاد بوو لە زیندانی ئومیسك بیخوێنێتەوە و لە بەردەستی دا بوو نوسخەیەك بوو لە ئینجیل. لە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٨٥٤دا کۆت و زنجیریان لە لاقی دۆستۆیڤسکی کردەوەو راپێچی سیمیپالاتینسك[٥٤]یان کرد. دەبوایەت دۆستۆیڤسکی لەوێدا لە فیرقەی حەوتەمی سوپادا خزمەتی سەربازی بکردایەت. ئێستا کە ئیتر دۆستۆیڤسکی مۆڵەتی نووسین و خوێندنەوەی پەیدا کردبوو، ئەوا لیستێکی لە ناوی ئەو کتێبە زۆرانەی کە پێویستی پێیان هەبوو نارد بۆ براکەی. لەو کتێبانەی کە داوایانی کردبوو کتێبی عەقڵی پەتی کانت و مێژووی فەلسەفەی هیگڵی تێدا بوو. هەر لەو دەمەشدا نووسینی بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکانی دەستپێکرد. لەو ماوەی نیشتەجێبوونە زۆرە ملێیەی لە سمیپالاتینسك، دۆستۆیڤسکی عەشقێکی رۆمانتیکی بەرامبەر بە ماریا دیمیتریونا ئیساف[٥٥]ی جوان و هۆشمەند تێدا پەیدا بوو کە ئەو ژنە، ژنی کارمەندێکی بەردەوام سەرخۆشی گومرگ بوو کە لە سەر کارەکەی دەریان کردبوو. دواتر ئیساف لە کوزنتیسك[٥٦] کارێکی پەیدا کردوو لە گەڵ خێزانەکەی سمیپالاتنسکیان بە جێهێشت. بەم کارە دۆستۆیڤسکی تووشی خەمۆکی هات. مێردەکەی ماریا لە تشرینی یەکەمی ١٨٥٥دا بە هۆی نەخۆشی سیل مرد و کوڕێکی لە دوای خۆیەوە لێ بەجێما. دۆستۆیڤسکی ئەوەی کە پێی کرا بۆ یارمەتی دانی ماریا کردی.

بەڵام کاتێك ماریا خەیاڵی شووکردن بە مامۆستای قوتابخانەیەکی لا دروست بوو، دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەوەی کە ژنێك ئەوەندە دڵی لای بوو لە دەست بدات، ترسی لێنیشت. ئەو بۆ ئەوەی بتوانێت کێبرکێکەرێکی شیاو بێت لە کاتی داواکردنی ماریا، نامەیەکی بۆ ئیدوارد توتلبن[٤٧] نووسی کە یارمەتی بدات و بە شێوەیەك بڕیارێك بۆ ماوەیەکی نادیار دەربکات تا بۆ ماوەیەك خزمەتکردنی لە سوپادا هەڵوەشێنێتەوە، ئیدوارد لە ئاشناکانی سەردەمی زانکۆی بوو و ئێستابووە یەکێك لە دەست و پێوەندەکانی قەیسەر. قەیسەری تازە واتە ئەلکساندەری دووەم، کە خەسڵەتێکی لیبراڵی هەبوو، بڕیاری دا کە پلەی ئەفسەری بدرێتە دۆستۆیڤسکی. ئێستا کە بارودۆخی دۆستۆیڤسکی باشتر ببوو، ماریا بە داواکارییەکەی ئەو بۆ هاوسەرگیری لە گەڵیدا ڕازی بوو. تەنیا گرفتێك کە دۆستۆیڤسکی هەیبوو بوونی پارە بوو کە بۆ ڕێکخستنی مەراسیمی هاوسەرگیرییەکەو بەڕێوەبردنی خێزانەکەی دوای هاوسەرگیری پێویستی پێ هەبوو. توانی بە هەر شێوەیەك بێت ئەم پارەیە لای خزمان و هاوڕێکانیشی کە ڕازیش نەبوون بەم هاوسەرگیرییە پەیدا بکات. بەمشێوەیەش ئەوان لە شەشەمی شوباتی ١٨٥٧دا لە کوزنتسك لە یەکتر مارە کران. دۆستۆیڤسکی لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ سمیپالاتینسك، بە پێی ئەوەی کە پزیشك بۆی دەرکەوتبوو، تووشی هێرشێکی توندی پەرکەم بوو، کە ئەم بابەتە هاوسەرەکەی زۆر ترساند و ببووە هۆی نیگەرانییەکی زۆری دۆستۆیڤسکی سەبارەت بە داهاتووی. لە هەژدەی ئازاری ١٨٥٩دا دۆستۆیڤسکی توانی لە ڕێگای

پزیشکەوە لە خزمەتی سەربازی ببەخشرێت. بە پلەی مولازمی دووەم خانەنشین کراو، بەڵام بڕیارێکیان دەرکرد بۆ ئەوەی بەردەوام لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بێت. سەرەتا مۆڵەتی ئەوەیان نەدایێ تا لە مۆسکۆ یان پترزبۆرگ بژێت، بەڵام دواتر لە نیوەی کانوونی یەکەم، واتە دە ساڵ لە دوای سەرەتای دوورخستنەوەکەی گەڕایەوە بۆ پترزبۆرگ. هەر لەم کاتانەدا دۆستۆیڤسکی دووبارە دەستی دابووە نووسین. لە ١٨٥٩دا دوو کورتەچیرۆکی چاپکرا" لە ١٨٦٠دا بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکان لە رۆژنامەی جیهانی روسیا[٥٨] بڵاوکرایەوە. لە ١٨٦٢دا بەشی کۆتایی بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکان لە گۆڤاری کاتدا[٥٩] بڵاوبوویەوە، ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی سیاسی – ئەدەبی بوو کە دۆستۆیڤسکی و براکەی لە ١٨٦٠دا دایانمەزراندبوو. بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووەکان سەرلەنوێ لەم گۆڤارەدا چاپکرایەوە، کە رۆمانێك بوو سەبارەت بە نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئەم رۆمانە لە شەش ژمارەی بەدوایەکدا لە ١٨٦١ لە گۆڤاری کاتدا چاپکرا.

هاوسەرگیری دۆستۆیڤسکی لە گەڵ ماریا دیمیتریونا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، هەرچەند کە ئەم ژنە پیرە بەرەو مردن دەرۆشت و سیلیشی هەبوو بەڵام دۆستۆیڤسکی لە ئەو جیانەبویەوە و هەر بە شێوازی خۆیشی خۆشی دەویست. لە ١٨٦٠دا دۆستۆیڤسکی لە گەڵ ئەلکساندەر شوبرێت[٦١]ی ئەکتەری خاوەن بەهرەی شانۆ بوو بە هاورێ. یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترین شتەکانی ئەلکساندەر بۆ دۆستۆیڤسکی ئەمە بوو کە باوکی و دایکی سێرف بوون. ئەم هاورێیەتییەی ئەو ئەم

بیروڕایەی پتەوتر کرد کە ((ڕزگاربوونی روسیا لە ناو خاکی روسیاو خەڵکەکانیەتی.))[٦٢] دۆستۆیڤسکی لە ١٨٦٢دا سەفەرێکی نائۆمێدکەری لە هاویندا بۆ ئەوروپا هەبوو کە بیرەوەرییەکانی ئەم سەفەرەی بە ناونیشانی دەستنووسە زستانییەکان سەبارەت بە دڵتەنگییەکانی هاوین[٦٣] لە ١٨٦٣دا لە گۆڤاری کاتدا بلاوکردەوە. لەم سەفەرەدا بۆ ماوەیەکی کورتیش چوو بۆ لەندەن و پێشانگای ((کریستاڵ پالاسی)) بینی. ئەم پێشانگایە بۆ ئەو بوون بە نموونەو خوازەیەك بۆ هەموو شتە نەفرەت هێنەرەکانی شارستانیەتی مادی ڕۆژئاوا. ئەو زۆر بە راشکاوانە لە دەستنووسە ژێرزەمینییەکان[٦٥] ئەم خوازەیەی بەکارهێناوە.

دۆستۆیڤسکی دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە نائۆمێدکەرەی لە هاویندا لە ئەوروپا، پەیوەندییەکی عاشقانەی زریان ئاسای لە گەڵ فیمینیستێکی گەنج بە ناوی ئاپولیناریا(پولینا) دەستپێکرد. پولیناش کچی سێرفێك بوو کە تازە لە کۆیلایەتی ئازاد ببوو. سەرەتا پولینا ئەم نووسەرە بەناوبانگەی کە بەهۆی بیروڕاکانییەوە بەم چەشنە تووشی ئازار هاتبوو دەپەرەستی. بەلام زۆی نەخایاند کە پەیوەندی نێوانیان گۆڕا بۆ پەیوەندی ((عەشق و ڕق)).

ئەم پەیوەندییە لە پاییزی ١٨٦٣دا کۆتایی پێهات، هەر ئەو کاتەی کە دۆستۆیێڤسکی بە دوای پولینادا چوو بۆ پاریس و ئنجا بۆ ئیتالیاو دواتریش بۆ ئەڵمانیا. بەلام هاوکات هەر دەوترێت ((پولینا بەهێزترین گرووتین و عەشقی دۆستۆیڤسکی بووە لە ژیانیدا)).[٦٧]

تا ساڵانی دواتریش ئەم دوو کەسە هەر ئاگایان لە یەك هەبوو و دۆستۆیڤسکی دوای مرنی هاوسەرەکەی لە پانزەی نیسانی ١٨٦٤، داوای هاوسەرگیری کرد لە پولینا بەلآم ئەو رەتی کردەوە. سەفەری دۆستۆیڤسکی بۆ ئەوروپا لە ساڵی١٨٦٤دا بووە ئیلهام بەخشی نووسینی رۆمانێك لە ساڵانی دواتر بۆی بە ناوی : قوماربازە[٦٨]. لەم سەفەرەدا دۆستۆیڤسکی بەردەوام سەرقاڵی قومارکردن بوو. دوای ماوەیەك قومار لە ڤیبسانی[٦٩] ئەڵمانیا و دەستکەوتنی بڕێك پارە لە ڕێگای ئەو ((شێوازەی)) کە خۆی دایهێنا بوو، لە ئەیلولی ١٨٦٣دا بۆ براکەی نامەی نووسی: پێم بڵێ، چۆن من ئاوا لە خۆم دەردەچم، چۆن ناتوانم خۆم ڕزگار بکەم لە دەستی ئەم بیرکردنانەوەم کە ئەگەر هەر بەردەوام بوومایەت لە سەر شێوازەکەم ئێستا سامانێکی زۆرم لە ڕێگای قومارەوە دەست کەوتبوو؟ نازانی چەند پێویستیم بە پارەیە! پێویستیم بە پارەیە بۆ خۆم بۆ تۆ بۆ ژنەکەم بۆ نووسینی ڕۆمان. زۆر کەس لێرەدا دەیان هەزاریان دەستدەکەوێت، بە بێ هیچ ماندووبوونێك. بەڵێ، بە هیوای ئەوەوە قومارم دەکرد تا خۆمان و خۆم لە بەڵاو کارەسات ڕزگار بکەم.[٧٠]

لە مانگی مایسی ١٨٦٣دا لەدوای چاپکردنی وتارێکی مشتومڕ دروستکەر سەبارەت بەو شۆرشەی کە لە نەمسا دەستیپێکردبوو، قەیسەر بڕیاری دا گۆڤاری کات دابخرێت. بەلآم ماوەیەك دواتر مۆڵەت درا بە دۆستۆیڤسکی و براکەی بۆ دامەزراندنی گۆڤارێکی تر بە ناوی سەردەم[٧١].

دۆستۆیڤسکی ڕۆمانی دەستنووسەکانی ژێر زەمینی کە لە ژێر ئەو کاریگارییانەی کە سۆسیالیسم لە گەنجی دا لە سەری هەیبوو نووسی و لە ژمارەکانی ئازار و حوزەیرانی ئەم گۆڤارەدا بڵاوی کردەوە. براکەی دۆستۆیڤسکی سێ ساڵ دوای مردنی ژنەکەی دۆستۆیڤسکی لە دەی کانوونی دووەمی ١٨٦٤دا مرد و دۆستۆیڤسکی نوقمی خەم و ماتەم کرد.

چیتر چاوی هیوای ژنەکەی میخاییل کە بێوەژن کەوتبوو و منداڵەکانی لە دۆستۆیڤسکی بوو، هەروەها ئەرکی گۆڤارەکەش کەوتبووە سەری و تا قورقوڕاگەی نوقمی قەرزی کردبوو. ناخۆشتر لە هەمووی ئەمە بوو کە هاوڕێ و هاوکاری دۆستۆیڤسکی ئاپۆلۆن گریگاریف[٧٢] هەر لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا مرد. دۆستۆیڤسکی کە کەوتبووە ژێر مەترسی هەڕەشەی ئەوانەی کە قەرزاریان بوو، دە هەزار ڕۆبڵی لە پورە پیر و پەك کەوتووەکەی ئەلکساندرا کومانینا قەرز کرد. بەلام تەنانەت ئەم پارەیەش بەشی پێویستی نەدەکرد. لە هاوینی ١٨٦٥دا گۆڤاری سەردەم لە بلاوکردنەوە کەوت. دۆستۆیڤسکی بڕیاریدا بۆ ئەوەی لە دەستی خاوەن قەرزەکان ڕزگاری بێت هەڵبێت بۆ هەندەران، بەڵکو لەوێدا بتوانێت بیروهۆشی سەقامگیر بکات و دەست بکاتەوە بە نووسین. بەلام بارودۆخەکە کاتێك بە تەواوی بەسەریەکدا تێك چوو کە تەواوی پارەکانی لە ڕێگای قومارەوە لە ڤیسبادن دۆڕاند.

لەم سەردەمەدا کە دۆستۆیڤسکی وەکو دەڵێن تەنانەت پارویەك نانی بۆ خوراردنیش نەبوو، بیرۆکەی یەکێك لە گەورەترین ڕۆمانەکانی

واتە تاوان و سزا لە زەینی دا چرۆی کرد[ نامەیەکی نووسی بۆ سەرنووسەری گۆڤاری پەیکی روسیا[٧٣] میخاییل نیکیفوروڤیچ کاتکوف[٧٤] و بەم شێوەیە باسی بیرۆکەی ڕۆمانەکەی بۆ کرد:

ئەم رۆمانە توێژینەوەیەکی دەروونناسانەیە سەبارەت بە تاوانێك. ڕووداوەکە پەیوەندی بەم سەردەمەوە هەیە واتە هەر ئەمساڵ. گەنجێکی چینی ناوەڕاست لە زانکۆ دەرکراوەو و لە هەژارییەکی ڕەهادا دەژیت. چونکە کەسێکی جیددی نییەو زەینیشی سەرقاڵە، خۆی دەداتە دەستی چەند بیرۆکەیەکی نامۆ و ((ساویلکانە)) کە لەناو کەشی ئەم سەردەمەی شەپۆل لێدەدات و بڕیار دەدات بە کارێك خۆی لە دەستی ئەم بارودۆخە بەدبەختییەی ڕزگار بکات. بڕیار دەدات کە بیوەژنێك کە پێشتر ژنی ئەندامی کەسێکی ناوداری ئەندامی ئەنجوومەنی شار بووە و پارە بە سوود وەرگرتن دەدات بە خەڵك، بکوژێت و بە پارەی ئەم ژنە، دایکی کە لە شارێکدا دەژی خۆشبەخت و ئاسوودە بکات و خوشکەکەشی کە سەرپەرشتی دەکات لە خێزانی سەرمایەدارێك لەو مەترسییە بەردەوامەی کە نەوەك تووشی پۆخڵەوات بێت بە هۆی نیازی شەهوەتی ئامێزی خاوەن ماڵەکەوە ڕزگار بکات. دوای ئەوەش بە نیازە خوێندن تەواو بکات و بڕوات بۆ هەندەران و تەواوی تەمەنی بە دەست پاکی و ملکەچ بۆ (( خزمتکردنی بە مرۆڤایەتی)) بە سەر ببات و بەمشێوەیە ((قەرەبووی تاوانەکەی)) بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر بکرێ ئەم کردەوەی خۆی بەرامبەر بەم پیرەژنە کەڕ و نەفام و بەدفەڕ و نەخۆشەی کە تەنانەت خۆیشی

ئەبدەزانی لە پێناو چیدا دەژیت، لە چوراچێوەی تاواندا هەژمار بکرێت، پیرەژنێک کە لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت ئەوپەڕی تا مانگێکی تر بە شێوەیەکی ئاسایی هەر خۆی دەمرێت....ئەم گەنجە بە هۆی بەختی باشی خۆی و ئەو هەلانەش کە بۆی ڕەخسا توانی پیلانەکەی بە خێرایی جێبەجێبکات......بەلام دواتر چەند پرسیارێکی بێ وەلام لە زەینیدا دروست دەبن و چەند هەست و ئازارێك ڕووی تێدەکەن کە پێشتر بیری لێیان نەکردبووە. حەقیقەتی خودایی و سزای یاسای زەمینی سزای دەدن و لە کۆتاییدا، گەنجەکە بە هۆی ئازاری ویژدانییەوە ناچار دەبێت کە بڕوات و دان بەکارەکەیدا بنێت...[75]

کاستوف وەك پێشەکی سێ سەد ڕۆبلی بۆ ئەم چیرۆکە نارد بۆ دۆستۆیفسکی. ئەم پارەیە بە شێوەیەکی کاتی گرفتە داراییەکانی دۆستۆیفسکی چارەسەر کرد. بە درێژایی پاییزی ١٨٦٥ و ساڵێك دوای ئەوەش دۆستۆیفسکی سەرقاڵی نووسینی ئەم ڕۆمانە بوو. تاوان و سزا لە ماوەی ساڵی ١٨٦٦دا بەرە بەرە لە گۆڤاری پەیکی ڕوسیادا بلاوکرایەوە.

دۆستۆیفسکی بەرامبەر بەو پارە پێشەکییەی کە لە فیۆدۆر تیموفیفیچ ئیستلۆفسکی[76] لە هاوینی ١٨٦٥ وەریگرتبوو بەڵێنی دابوو تاوەکو سەرەتای تشرینی دووەمی ١٨٦٦دا ڕۆمانێکی تری بنووسێت و بیانداتێ کە ئەو ڕۆمانەش قومار باز بوو. تا سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٨٦٦ ئەو تەنانەت دێڕێکی لەم ڕۆمانەش نەنووسیبوو. هاوڕێیەکی پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە سکرتێرێك لای خۆی دابمەزرێنێت کە

بتوانێـت خێـرا بنووسـێت و ئـەمیش ڕۆمانەکـەی بـۆ بخوێنێتـەوە. بەمـشێوەیە لـە چـواری تـشرینی یەکـەمی ١٨٦٦، ئانـا گریگوریێونـا ئیسنیتکینا[٧٧] هاتـە نـاو ژیـانی ئـەوەوە، واتـە ئـەو کەسـەی کـە دواتـر هاوسەرگیری لە گەڵیدا کرد و بوو بە هاوسەری دووەمـی دۆستۆیڤسکی، پەنجا سـاڵ دوای ئـەوە ئانـا بـیرەوەری یەکـەم دیـداری خـۆی لـە گـەڵ دۆستۆیڤسکی دا بەمشێوەیە باسکرد:

وشـەکان توانـای ئـەوەیان نییـە کـە ئـەو کاریگەرییـەی کـە دۆستۆیڤسکی میخایلۆڤیچ لە یەکەم دیدار لـە سـەر من دروسـتی کـرد و تووشی خەم و بەزەیی کردم دەریبڕن. وادەزانم کە ئـەو بـە تـەواوی بـێ ئاگا بوو لەخۆی، زۆر نیگەران و داماو و تەنیاو تـوڕەو زۆریـش نـەخۆش بوو. وا بیرمدەکردەوە کە بەدبەختی بـە چەشـنێك تێکـی شـکاندوە کـە ئیتر ناتوانێـت ڕوخـساری کەسێك ببینێـت و نـە دەتوانێـت لـە نێـوان قسەکانیدا پەیوەندییەك دروست بکات.[٧٨]

دۆستۆیڤسکی بە یارمەتی ئانا قوماربازی لە کاتی خۆیدا تەواو کرد و دوای ئەوەش ئانا یارمەتی ئەوی دا تاوەکو ئەو بەشانەی کە لـە تـاوان و سزادا مابوو بیاننووسێت. دۆستۆیڤسکی ڕۆژ بـە ڕۆژ زیـاتر پـەیوەست دەبوو بە ئاناوە. سەرەنجام لە هەشتی تشرینی دووەمـی ١٨٦٦دا واتـە تەنیا یەك مانگ دوای تێپەڕینی یەکەم دیداریان، دۆستۆیڤسکی داوای لە ئانا ئیسنیتکینا کـرد کـە شـووی پێبکـات. دۆسـتۆیڤسکی خوازیـار بـوو دووبارە هاوسەرگیری بکات و پێش ئەوەش پێشنیاری هاوسـەرگیری لـە چوار ژنی تر کردبوو—پولینا ئاناکورڤین، کرولوسکایا[٧٩]، ماریا سرگییڤنا

پیساریڤا[٨٠] و ئیلنا پاڤلۆڤنا ئیڤانۆڤا[٨١] (ئانا کورفین کچێکی گەنج بوو کە دوو چیرۆکی بۆ چاپکردن دابوو بە گۆڤاری کات، هەروەها دۆستۆیڤسکی لە گەڵ ئەو دوو کەسەکەی تر لە ماوەی سەردانێکی درێژخایەنی بۆ لای خوشکەکەی ڤرایا ئیڤانۆڤنا و خێزانەکەی لە هاوینی ١٨٦٦دا ئاشنا ببوو). ئانا ئیسنیتکا داخوازییەکەی دۆستۆیڤسکی قبوڵ کرد و ئەم دوو کەسە لە پانزەی شوباتی ١٨٦٧دا پێکەوە هاوسەرگیرییان کرد. لە گەڵ ئەوەی کە ئێستا دۆستۆیڤسکی لە گەڵ ژنێکی بەتوانادا هاوسەرگیری کردبوو کە دەیتوانی باری دارایی باشتر بکات، ئەو کارەی کە هەرگیز دۆستۆیڤسکی خۆی لە ئەستۆی نەهاتبوو، بەڵام دووبارە دۆستۆیڤسکی تا قرقرۆچکەی نوقمی قەرز بوو. دوای ئەوەی کە تەواوی ئەو شتانەی کە هەیبوو داگیریان کرد، دووبارە دۆستۆیڤسکی هەر لە مەترسی خاوەن قەرزەکانیدا بوو و دووبارە بۆ رزگاربوون لە خاوەن قەرزەکان بەرەو ئەوروپا هەڵهات بەڵام ئەمجارە ژنەکەشی لە گەڵدا بوو. چوار ساڵی تەواویان لە ئەوروپا بەسەر برد، سەرەتا لە درسیدن بوون دواتر لە بادێن-بادێن، جێگایەك کە دووبارە شەهوەتی دۆستۆیڤسکی بۆ قومارکردن هەڵگیرساند. ئەم قۆناغە یەکێك بوو لە ناخۆشترین قۆناغەکان بۆ ئەم ژن ومێردە، چونکە دۆستۆیڤسکی بەردەوام تووشی هێرشی پەرکەم دەهات، ئانا سکی پڕ بوو و بەردەوام توشی هێڵنج دەهات و زۆریش هەژار بوون.

زستانی ١٨٦٧-١٨٦٨یان لە جنێف بە سەربرد. واتە ئەو جێگایەی کە دۆستۆیڤسکی کاری نووسینی گەمژەی تێدا دەستپێنکرد، ئەو

ڕۆمانەی کە دەبوایەت پاڵەوانەکەی واتە شازادە میشکین[82] وێنەی ئەو مرۆڤە کامڵە بێت کە لە خەیاڵی دۆستۆیڤسکی دا بوو. ئەم ڕۆمانە لە کانوونی دووەمی ١٨٦٨دا بەش بە بەشی لە پەیکی ڕوسیا دا چاپدەکرا. سێ ڕووداوی گرنگی تر لە جنێڤ ڕوویاندا. یەکەمیان ئامادە بوونی دۆستۆیڤسکی بوو لە کۆنگرەی جنێڤ. دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەم کۆنگرەیە دەنووسێت: ((قسە ڕاشکاوەکانی باکونین، کە خوازیاری ڕووخانی ئایین و نیشتمان پەرستی بوو وەك خەنجەرێك وابوو کە لە دڵمیان دەدا.))[83] دووەمیان لە دایك بوونی یەکەم منداڵی دۆستۆیڤسکی بوو واتە سۆنیا[84]، کە ئەم ناوەی لە ناوی خوشکەزا خۆشەویستەکەی و ژنی –پاڵەوانی تاوان وسزا وەرگرتبوو. سۆنیا لە پێنجی ئازاری ١٨٦٨دا لە دایك بوو و دۆستۆیڤسکی لە تەمەنی چل و شەش ساڵان هەستی بە چێژی باوکایەتی کرد. سەرەنجام دوایین ڕووداو کە ڕووداوێکی ترسناك بوو. سۆنیا لە بیست و چواری مایس واتە سێ مانگ دوای لە دایك بوونی بە نەخۆشی گرژهەڵاتنی ڕیخۆڵە مرد. خەمی دۆستۆیڤسکی هیچ ئاست و سنوورێکی نەبوو. ئەو و ژنەکەی بە مەبەستی چوون بۆ دۆهێ[85] جنێڤیان بەجێهێشت و هاوینیان لەوێدا بە سەربرد. لە سەرەتای ئەیلول بەرەو ئیتالیا بەڕێکەوتن و لەوێدا دۆستۆیڤسکی ڕۆمانی گەمژەی تەواو کرد. هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا چوون بۆ پراگ، بەڵام لەوێدا ژوورێکی باشیان کە قەنەفەی تێدا بێت دەست نەکەوت و بۆیە چوون بۆ درسیدن و دوو ساڵ لەوێدا مانەوە. دووەم کچیان واتە لیۆبۆڤ[86]، لە ١٤ی ئەیلولی ١٨٦٩دا لە دایك بوو. لە ماوەی نیشتەجێبوونیاندا لە درسیدن

دۆستۆیڤسکی پرۆژەی کارێکی گەورەی دارشت کە بە شێوەیەکی کاتی ناوی لێنا ژیانی گوناهبارێکی گەورە[٨٧].

دەیویست بەرهەمێك بنووسێت بە هەمان ئەندازەو قەبارەی شەڕو ئاشتی[٨٨] تۆلستۆی و هەروەها ئیلهامەکەشی لە ڕۆمانی ئیسپریدیۆن[٨٩]ی جۆرج ساند وەربگرێت. ئیسپریدۆن، کە لەوانەیە دۆستۆیڤسکی ئەوەی لە دەیەی ١٨٤٠دا خوێندبێت، سەرقاڵی بابەتێك بوو کە هاوکات دۆستۆیڤسکی کەمەندکێش دەکرد واتە: شەڕ و مشتومڕ لە نێوان سۆسیالیسم و مەسیحییەت. دۆستۆیڤسکی هەرگیز نەیتوانی پرۆژەکەی تەواو بکات، پرۆژەیەك کە بڕیار بوو پێنج چیرۆکی جیاواز بێت کە سێ دەیە لە مێژووی روسیا لە خۆ بگرێت و خاڵی بەیەك گەیشتنیان یەك پاڵەوان بێت لە هەر پێنج چیرۆکەکەدا. بەڵام بە هەرشێوەیەك بێت ئەم پرۆژەیە کەرەستەی پێویستی بۆ سێ ڕۆمانی کۆتایی دۆستۆیڤسکی دەستەبەر کرد: شەیتانەکان[٩١] (یا دەست بەسەرداگیراوەکان[٩٢])، هەرزەکار[٩٣] و برایانی کارامازۆف.

دوایین ساڵی نیشتەجێبوونی خێزانی دۆستۆیڤسکی لە ئەوروپادا هاوکات بوو لە گەڵ هەلوومەرجێکی نالەبار. لە ماوەی شەڕی پرۆس – فەرەنسا لە ١٨٧٠دا ئەوان لە ئەڵمانیا بوون. لە گەڵ ئەمانەشدا دۆستۆیڤسکی دەستی کرد بە نووسینی ڕۆمانە سیاسییەکەی واتە شەیتانەکان، کە بە پێی ((بەسەرهاتی نیچایف)) دایڕشتبوو. ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی کوشتنی گەنجێکی ڕادیکاڵی ڕوسییە کە قوتابی زانکۆیە، کە بە هۆی جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی هاوڕێکانی لە لایەن ئەوانەوە

دەگوزرێت. ئەم ڕۆمانە لە سەرەتای ١٨٧١دا لە پەیکی روسیا چاپکرا. لە ئازاری هەمان ساڵدا سەرەنجام دۆستۆیڤسکی دوای دۆڕانێکی زۆر قورس لە ڤیبساندن، توانی بۆ هەمیشە واز لە قومار بێنێت و ئەمە سەرکەوتنێکی تایبەتی گەورە بوو. خێزانی دۆستۆیڤسکی لە کانوونی دووەمی ١٨٧١دا گەڕانەوە بۆ روسیا. یەکەمین کوڕی ئەوان لە ٢٦ی کانوونی دووەمدا لە دایك بوو واتە هەفتەیەك لە دوای گەڕانەوەیان. ئەگەر چ هێشتا قەرزار بوون بەڵام بارودۆخی دارایی خێزانەکەیان بەرەو باش بوون دەچوو چونکە دۆستۆیڤسکی وازی لە قومار هێنابوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش نووسینەکانی پێشوازییەکی زیاتریان لێدەکرا. هەڵبەت بەڕێوەبردنی باشی هاوسەرەکەی لە بواری دارییدا ڕۆڵێکی گرنگی لەم نێوەدا هەبوو. ئێستا ئەوان دەیانتوانی هاوینان لە ئیستاریا روسیا[٩٥] و هەروەها لە چاوگەی ئاوی کانزایی لە ویلایەتی نۆڤگۆرود بە سەر ببەن. ئێستا کە بە ئاشکرا دۆستۆیڤسکی لیبراڵەکانی ڕوسیای لە ڕۆمانەکانی بۆ نموونە لەوانە شەیتانەکان دابووە بەر ڕەخنە، ئەوا لە لایەن پارێزکاران خۆشەویست بیوو. شازادە میشچریسکی[٩٧] داوای لە دۆستۆیۆفسکی کرد کە سەرنووسەری هەفتەنامەی هاووڵاتی[٩٨] کە تایبەت بوو بە پارێزکاران و هەر میشچریسکی خۆیشی لە ١٨٧٣دا خاوەن ئیمتیازی وەرگرتبوو قبوڵ بکات.

دۆستۆیڤسکی قبوڵی کرد و ئەم گۆڤارە دەرفەتی بۆ ئەو ڕەخساند کە چەند کورتە چیرۆکێکی تێدا چاپ بکات و زنجیرە دەستنووسە ڕۆژانەکانی نووسەرێکیشی بلاوکردەوە. بەم زنجیرە دەستنووسانە،

دۆستۆیڤسکی شێوازێکی نوێی لە ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی کرد بە باو، کە بیرەوەری و گفتوگۆ سەبارەت بە بابەتی ڕۆژانەو و تەنانەت ئەو ((چیرۆکانەش کە بە ڕێکەوت ڕوویاندابوو )) لە خۆ دەگرت.

چەند هۆکارێك بووە هۆی ئەوەی کە دۆستۆیڤسکی لە ئازاری ١٨٧٤دا دەست لە سەرنووسەری هەلگرێت کە لەوانە ناکۆکی بیروڕای فەلسەفی لە گەلّ میشچریسکی و گرفتەکانی دەزگای سانسۆر و و حەزی زۆری بۆ گەڕانەوە بۆ کارە سەرەکییەکەی خۆی واتە نووسینی ڕۆمان بوو. دوای ئەوە دەستی کرد بە نووسینی هەرزەکار کە لە سەرەتای ١٨٧٥دا لە دەستنووسەکانی سەرزەمینی باوکی بلاّوکرایەوە. لەم ساڵەدا دووەم کوڕی دۆستۆیڤسکی و دوایین منالّی ئالیۆشا[99] لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە دایك بوو. دۆستۆیڤسکی دووبارە لە سەرەتای ١٨٦٧دا دەستی کردەوە بە نووسینی دەستنووسە ڕۆژانەکانی نووسەرێك بەلاّم ئەمجارەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەك نامیلکەیەك مانگانە بلاّوی دەکردەوە.

دوایین ساڵەکانی ژیانی دۆستۆیڤسکی وەکو ساڵەکانی پێشووی ژیانی پڕ لە بەسەرهات نەبوون. ئەو لەم سالاّنەدا کە لە لوتکەی هێز و داهێنان بوو، چێژی دەبینی لە ژیان لە گەلّ خێزانەکەیداو و ئەو ناوبانگەش کە سەرەنجام دوای ئەو هەموو مەینەتی و هەولّدانە ببوو بە نسیبی.

لە ساڵی ١٨٧١دا نووسینی شاکارە گەورەکەی واتە برایانی کارامازۆفی دەستپێکرد.

((ڕۆمانێک کە تارادەیەک جەوهەری هەموو بەرهەمەکانی لە خۆگرتبوو و گرنگترین بیرۆکەکانی دەردەبڕی.))[100] برایانی کارامازۆف لە ماوەی ساڵەکانی ١٧٨٩ و ١٨٨٠ لە پەیکی ڕوسیا بڵاوکرایەوە.

لە گەڵ ئەوەی کە بارودۆخی جەستەیی دۆستۆیڤسکی زۆر لەبار نەبوو، بەڵام چوو بۆ مۆسکۆ تا لە هەشتی کانوونی دووەم دا بە بۆنەی پەردە هەلگرتن لە سەر پەیکەری پوشکین وتارێک پێشکەش بکات. ئەو لەو وتارە پڕ لە گڕوتینەی کە پێشکەشی کرد پێداگری کرد لە سەر ڕۆڵی ئەو کەسە دەگمەنە هونەرمەندانەی وەک پوشکین لە پێناو داهاتووی مرۆڤایەتیدا، وتی کە ڕۆشنبیران نابێت خۆیان لە ((پێکەوە بوونی بێ ریایانە لە گەڵ خەڵکانی ئاساییدا)) بێ بەش بکەن و هیوای خواست لە داهاتوودا جۆرێک لە هەماهەنگی گشتی دروست بێت. گولب ئوسپنیسکی[101] لە وتاری ((ڕێزلێنان لە پوشکین)) سەبارەت بەو پێشوازییەی کە لە وتارەکەی دۆستۆیڤسکی کرا دەنووسێت: ((کاتێک کە وتارەکەی دۆستۆیڤسکی تەواو بوو، هەڵەیە ئەگەر بڵێم ئامادەبووان هەڵهەڵەیان لێدا، ئەوان بێ ئاگا بوون لە خۆیان و وەکو بوتێک بۆ ڕێزلێنان هەستانە سەرپێ.))[102]

لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٨٨١دا دۆستۆیڤسکی دوای دوو ڕۆژ خوێن لێچوون کە جاروباریش دەوەستا کە ئەمە لە ئەنجامی ئەو شەڕە بوو کە لە گەڵ خوشکە خۆشەویستەکەی ڕووی دابوو لە سە رمیرات، مرد. ئەویان لە گۆڕستانی تیچڤین[104] لە پەرستگای ئەلکساندەر نیفسکی[105] بە خاک سپارد. خەڵکیکی زۆر هاتبوون بۆ بەڕێکردنی تەرمەکەی.

ڤلادیمیر سالاڤیف[106] کە لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی دۆستۆیفسکی یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی لە مەراسیمی بە خاك سپاردنەکەیدا وتی:

((روسیا تەنیا یەکێك لە نووسەرەکانی لە کیس نەچووە، روسیا ڕابەرە مەعنەوییەکەی لە کیس چووە.))

دواتر پەیامی دۆستۆیفسکی بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی روسیای بەمشێوەیە دەربڕی:

ئێستا کە بە عەشقی ئەو لێرەدا کۆبووینەتەوە، با ئەوەی کە پێمان دەکرێت بیکەین تا شایەتی ئەوە بین کە ئەم عەشقە دەتوانێت یارمەتی دەری دۆستی و ئاشتی ئێمە بێت. تەنیا بەمشێوەیەیە کە دەتوانین شتێك بدەین بە ڕابەری خەڵکانی روسیا لە پێناو کارەکانی و ئەو رەنجە گەورانەی کە کێشابووی.[107]

بەڵام وانەکرا. تەنیا یەك مانگ دوای ئەوە قەیسەر ئەلکساندەری دووەم بە دەستی شۆڕشگێڕەکان کوژرا.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1.Mariinskaya
2.Maria Fyodorovna Nechaeva
3.Alexandra Kumanina
4.Ann Radcliffe
5.Karamzin
6.History of the Russian Stat
7.Darovoe
8.Cheremoshna

٩.لە برایانی کارامازۆف دا، چەرموشنا بە ئەو موڵکە دەڵێن کە هی فیۆدۆر کارامازۆفە واتە ئەو باوکە خۆش گوزەران و بێڕەحمەی خێزانەکە.
10.Fyodor petrovich Haas
11.Monsieur Souchard
12.Drachusov
13.A Raw Youth
14.Leopold Chermak
15.Quoted in Leonid Grossman, Dostoevsky, A Biography, translated by Mary Mackler, The Bobbs-Merrill Company, New York, 1975, p. 19.
16.Quoted in Grossman, Op.Cit, p.19.
17.Mikhalovsky palace
18.Tsar paul I
19.Reval
20.the Diary of a write, 1876, Op.cit., p. 185.
21.Grossman, Op.Cit., p. 29.
22.Ivan Nikolaevich Shidlovsky
23.Quoted in Grossman, OP.Cit., p. 42.

24.Quoted in Grossman, Op. Cit., p. 49.
25.Maria Stuart
26.Boris Godunov
27.Quoted in Alba Amoia, Feodor Dostoevsky, Continuuum publishing Company, New York, 1993, p. 25.
28.Eugénie Grandet
29.Repertoire and pantheon
30.poor Folk
31.Dmitry Vasilievich Grigorovich
32.Nikolay Alexeevich Nekrasov
33.Vissarion Grioorievich Belinsky
34.the Diary of Writer, op.Cit., p.587.
35.the Diary of Writer, pp. 587-8.
36.petersburg Miscellany
37.The Double
38.Notes of the Fatherland
39.Alba Amoia, Op.Cit., p. 29.
40.Ivan Ivanovich Panaev
41.Quoted from his Letters, in Amoia, op.cit., p. 28.
42.Nastasya Filippovna
43.Mr. prokharchin
44.The Landlady
45.Amoia, p. 29.
46.Netochca Nezavanova
47.Mikhail Vasilievich Butashevich-Petrashevsky
48.Charles Fourier
49.Quoted in Grossman, Op.Cit., pp. 163-4.
50.Reported by Alexander Milyukov, Who was also Present. Quoted in Grossman, OP.Cit., p. 165.
51.Toblosk
52.Omsk

53.House of the Dead
54.Semipalatinsk
55.Maria Dmitrievna Isaev
56.Kuznetsk
57.Eduard Totleben
58.Russian World
59.Time
60.The Insulted and Injured
61.Alexandra Shubert
62.See Grossman, OP.Cit., p. 272.
63.Winter Notes about Summer Impressions
64.Crystal Palace
65.Notes from Underground
66.Apollnaria (polina) Suslova
67.Grossman, Op.Cit, p. 292.
68.The Gambler
69.Wiesbaden
70.Grossman, Op.Cit., p. 296.
71.Epoch
72.Apollon Grigoryev
73.Russian Messenger
74.Mikhail Nikiforovich Katkov
75.Quoted in Grossman, Op.cit, p.349-50.
76.Feodor Timofevich Stellovsky
77.Anna Grigorievna Snitkina
78.Grossman, OP.Cit., p. 394.
79.Anna korvin-krulovskaya
80.Maria Sergeevna-pisareva
81.Elena pavlovna Ivanova
82.Myshkin
83.Grossman, OP.Cit., p. 431.
84.Sonya

## ٣

# هاورا و دەستنووسە ژێرزەمینییەکان

ئەمە مرۆڤێکە کە بەرەو لەناوچوون دەچێت،
مرۆڤێك کە شوناسی خۆی لە دەست داوەو ناتوانێت
ڕێگری لە خۆیشی بکات........

*(هاورا)*

مرۆڤ، ئیتر هەرکەسێك بێت، هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا دەیەوێت ئەو کارە بکات کە حەزی لێیە.....ئەم کارە بە هەر شێوەیەك بێت ئەو شتەی کە لای ئەم خۆشەویستە بۆی دەپارێزێت، واتە کەسایەتی و کەسێتی بۆ دەپارێزێت.

*(دەستنووسە ژێر زەمینییەکان)*

لەم دوو ڕۆمانەی کە پێش لەوانی تر باسی لە سەر دەکەم، واتە هاورا (١٨٦٤) و دەستنووسە ژێرزەمینییەکان (١٨٦٤)، دۆستۆیڤسکی هەوڵدات فۆرمێك ببەخشێت بە وەلامی ئەم پرسیارە: گرفتاری مرۆڤ چییە؟ وەلامی ئەم پرسیارە لە هاورا دا بەشێوەیەکی ناتەواو و لە

دەستنووسە ژێر زەمینییەکان بە شێوەیەکی تەواو، بنەمایەك بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو کە تەواوی فەلسەفەکەی لە سەری ڕەگی داکوتاوە.
دۆستۆیڤسکی چەند ساڵێك دوای نووسینی هاوزا، لە تشرینی دووەمی ١٨٧٧دا نووسی ئەگەر چ ئەم یەکەم ڕۆمانەم کۆمەڵێك گرفتی لە لایەن ((فۆرم))وە هەیە بەلآم ((ئەو بیرۆکەیەی کە لەم ڕۆمانەدا خراوەتە ڕوو بە تەواوی ڕوونەو و هەرگیز لە هیچکام لە بەرهەمەکانمدا بیرۆکەیەکی لەمە جیددیترم نەخستوەتە ڕوو.))[1] ئەم ڕۆمانە سەبارەت بە کارمەندێکی ئاساییە بە ناوی یاکوف پترۆڤیچ گالیادکین[2]، کە کاری ئەم کەسە کۆپی کردنی بەڵگەنامە ئیدارییەکانە لە ئەنجوومەنی شاردا و دوای ئەوەی کە هاورزاکەی کە ڕێك وەك خۆی وایە (لە ڕووی جەستەییەوە) لە بەرامبەریدا دەردەکەوێت بەرەبەرە زەینی پەرێشان دەبێت. پێش لەم ڕووداوە گالیادکین گاڵتەجاری دەستی کارمەندەکانی ترە، کە دەڵێن هەمیشە زیاد لە ئاست ئەو نیگەرانی سەرنج ڕاکێشان و ڕازیکردنی کەسانی ترە، ترسنۆکە، بوختان چییە، هەروەها کەسێکە کە تاوانی هەرەسهێنانەکانی لە ژیاندا دەخاتە ئەستۆی کەسانی ترەوە.
ئەو ڕقی لەم سیفەتانەیە کە دەیدەنە پاڵی، بەلآم بەڕاستی نازانێت کە ئەم سیفەتانەی هەیە. لە یەکەم پەڕەی ڕۆمانەکانەدا ئەمە دەخوێنینەوە کە گالیادکین لە خەو هەڵدەسێت و لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات: ((خاوەنی ئەم وێنەیە لە ئاوێنەکەدا بە ئاشکرا چێژی لەو شتە دەبینی کە لە ئاوێنەکەدا بەدی دەکرد.))

ئەو شەوێك لە جەژنی لە دایك بوونی كلارا ئولسوفیۆنا كچی جەنابی بەڕێوبەری گشتی ئولسوفی ئیڤانۆڤیچ، واتە ئەو كچەی كە لەناو ئارەزووەكانیدا خەریكە دەبێتە هاوسەری، لە بەر ئەوەی كە سوكایەتی پێدەكەن و دەیكەنە دەرەوە، هەستی بریندار دەبێت. ئەو لەبەر ئەوەی كە لەو شەوەدا رواڵەتێكی رێك و پێكی هەبێت زۆر خەریكی خۆی ببوو، دەستێك جلی بۆ خزمتكارەكەی قەرز كردبوو و گالیسەكەیەكی بەشكۆی بۆ تەواوی ئەو رۆژە بە كری ٌ گرتبوو، بەڵام دواتر كە دێت ((حاڵی باش نییەو لە ترساندا عەقڵی تێك چووەو دەكەوێتە سەر كورسییەكە.))

چەند بەڵگەیەك هەیە كە دەیسەلمێنێت كە گالیادكین پێش ئەو ئابڕووچوونەی لە جەژنی لە دایك بوونەكەدا عەقڵێكی تەندروستی نەبووە و تەنانەت لە بیری خولقاندنی هاوزایەك بووە بۆ خۆی. ئەو بەیانییەی رۆژی جەژنی لە دایك بوونەكە، كاتێك گالیادكین بە سواری گالیسكەیەكەوە كە لە سەرووی پلەوپایەی ئیداری و كۆمەڵایەتی ئەودایە، ڕووبەڕووی سەرۆكەكەی دەبێتەوە نازنێت كە چ كاردانەوەیەك پیشان بدات:

جەنابی گالیادكین كاتێك كە زانی ئاندرییە فیلیپۆڤیچ° بێ گومان ئەوی ناسیوەتەوەو و بە چاوە خڕەكانی لێی دەڕوانێت بە شێوەیەك كە ئیتر ناتوانێت خۆی لە پێش چاوی بشارێتەوە، تا بن گوێی سوور هەڵدەگەڕێت. ئەم پاڵەوانەی ئێمە لە مشتومڕێكی ئەشكەنجە دەری دەروونی دا كە وەسف ناكرێت بە خۆی دەڵێت: ((ئایا دەبێت خۆمی بۆ دانەوێنم؟ ئایا دەبێت لە گەڵیا قسە بكەم؟ دەبێت وا دەریخەم كە یەكتر

دەناسین؟ یان نە وا دەریخەم کە کەسێکی ترە کە لێکچوونێکی سەیری لە گەڵ مندا هەیەو خۆمی لێ گێل بکەم؟

گالیادکین یەکسەر دوای ئەم ڕووداوە بێ هیچ دوو دڵییەک بڕیار دەدات بچێت بۆ لای پزیشکەکەی ئیڤانۆڤیچ روتنشپیتس[6]. گالیادکین لای پزیشکەکەی زۆر تووڕەو سەرلێشواوە و پزیشکەکەی پێی دەڵێت: ((تۆ دەبێت ژیانت لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕی، لە ڕاستیدا دەبێت کەسایەتیت بگۆڕی.))

گالیادکین تەنانەت لای دۆکتۆرەکەشی وا دیار بوو کە خەریکە تووشی جادو دەبێت:

...جەنابی گالیادکین تووشی گۆڕانیکی نامۆ هاتبوو. چاوە خۆڵەمیشییەکانی بە شێوەیەکی سەیر بریسکەی دەهات، لێوەکانی چرچ ببوون، و هەر ماسولکەیەك و هەر ئەندامێکی ڕومەتی بەرە بەرە دەگۆڕدرا. هەموو گیانی دەلەرزی.

لە کۆتایی پشکنینەکە" گالیادکین بە قەستی، بە هەڵە خۆی لەم پرسیارەی پزیشکەکە تێدەگەیەنێت کە لێی پرسیبوو پێشتر لە کوێدا دەژیات، بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

جەنابی گالیادکین وەڵامی دایەوە: ((کریستیان ئیڤانۆڤیچ، من زیندوو بووم، تەنانەت پێش ئێستاش هەر زیندوو بووم، بەدڵنیاوە زیندووم ئیتر، وانییە؟)) دوای ئەوەش کەمێك پێکەنی. ئەم وەڵامە کەمێك کریستیان ئیڤانۆڤیچی نیگەران کرد.

ئەم وەڵامە یەکێك بوو لە ڕەفتارە سەیرەکانی گالیادکین لای پزیشکەکە، کە تەنانەت هەر لە خۆیەوە ڕۆشتبوو بۆ ئەویێ، بۆیە شتێکی گاڵتە نەبوو، بە تایبەت کە گالیادکین کەسێکی گاڵتەچی نەبوو. وا دیار بوو کە ئەو تا ئەو ڕۆژە گومانی لە ژیانی خۆی هەبووە و دەیەوێت شوناسێکی تازە بۆ خۆی دروست بکات. لە چەند دێڕێك لە خوارەوە، کاتێك کە شوێنی پزیشکەکە بەجێ دەهێڵێت ئەمە دەخوێنینەوە کە گالیادکین ((هوشیار بوو سەبارەت بە ئازادییەکەی.))

هەر لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا چەند کارێکی سەیری لێدەوەشێتەوە. بۆ نموونە کاتێك لە ڕێستۆرانەکە چەند هاوکارێکی دەبینێت و ئەوان لێی دەپرسن: ((بەه! چ بۆنێك، چ ڕۆنیك، چ جل و بەرگێکت لەبەردایە! چ ڕووی داوە؟)) گالیادکین لە وەڵامدا دەڵێت:

هیچ ڕووی نەداوە! تەنیا حەزم لێبوو، بەڕێزان! ئیتر هیچ!....بەڕێزان تاوەکو ئێستا تەنیا یەك ڕووی منتان بینیوە: هەڵبەت تاوانی کەس نییە، لەوانەیە تاوانی خۆم بێت.

لە ڕێگای چوونیدا بۆ جەژنی لە دایك بوونەکە، ((خۆی بۆ ڕووداوێکی ناخۆش و نیگەران کەر ئامادە دەکرد...)) کاتێك کە دەگاتە شوێنی میوانییەکە، ڕێگای نادەن بڕواتە ژوورەوە، بە زۆر دەچێتە ژوورەوەو دواتر ئاگاداری باروردۆخە نالەبارەکەی خۆی بوو:

جەنابی گالیادکین هەستی کرد کە بەردەوام سەرقاڵی ئەوەیە کە بریا ڕۆیچووبایەت بە زەویدا و یان خۆی و گالیسکەکەی لە کونە مشکێکدا بشارێتەوە. وا هەستی دەکرد کە تەواوی کەرەستەکانی ماڵی

ئۆلسوفی ئیڤانۆڤیچ لە پەنجەرەکەوە لە ئەو دەڕوانن. ئەگەر ئۆلسوفی ئیڤانۆڤیچ ئاوڕێك بداتەوە، ئەم هەر لەوێدا یەکسەر دەمرێت.

بۆیە بڕیاری دا کە بڕوات" سەرەتا لە سووچێکی هۆڵەکەی پشتەوە دەوستێت و وابیر دەکاتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ میوانییەکە، بەڵام لە یەك ساتدا بەرچاوڕوونی بۆ دێت و بە خۆی دەڵێت:

نە، لە گەڵ ئەم کەسایەتییەی کە من هەیمە، گەڕانەوە بۆ میوانییەکە چ سوودێکی هەیە؟ منی پەست و ترسنۆك! وەکو کەروێشك هەڵهاتم. ترسنۆکم، ترسنۆك! پەستی لە زاتی مندایە و هەمیشە لە زاتی من بووە.

بەڵام لە ناکاو ((هەنگاوی بۆ پێشەوە نا. وەك ئەوەی کە کەسێك سپرینگێکی لە ناو لەشیدا ڕاکێشابێت)) و چووە ناو هۆڵێکی سەماکردنەوە، کە میوانەکان لەوێدا کۆببوونەوە و خۆی کرد بە گاڵتەجاڕی هەمووان و بەمشێوەیە لە ماڵەکەدا کردیانە دەرەوە.

بە تەواوی ئاشکرایە کە چیتر گالیادکین نەیدەتوانی لە گەڵ ئەو ((منەی)) کە بەو شێوەیە سووکایەتی پێکرابوو بژێت و لە ئەنجامدا هاوزایەکی بۆ خۆی ((دروست کرد)) و تەواوی خەسڵەتە نەخوازراوەکانی خۆی دایە پاڵ ئەو و هەوڵی دا وێنەیەك بۆ خۆی دروست بکات کە تەواو پێچەوانەی ئەو بێت و هەموو خەسڵەتە ((باشەکانیشی)) لەخۆ گرتبێت.

باشە، ئەو کەسێکی پەستە، کەواتە دەبێت من شەریف بم و هەمووان دەڵێن: ((ئەو گالیادکینە کەسێکی پەستە، گوێی پێمەدەن،

بە هەڵەش وانەزانن کە ئەو، ئەم گالیادکینەیە، ئەم گالیادکینە شەریفە، دواێن پاکە، بەرێزە، نەجیبە و بەڕاستی دەتوانی لە هەموو کارێکدا متمانەی پێ بکەیت و شایانی رێزلێنانە)) ـــ بەڵێ هەروا دەبێت!

بەلاّم شەڕێك لە نێوان ئەم دوو ((منە)) دا دروست دەبێت ـــ هەرچییەك کە ئەم گالیادکینە شەریفە دەیەوێت بیکات ئەو گالیادکینە پەستە هەڵیدەوەشێنێتەوە و سەرەنجام گالیادکین دەکەوێتە شێتخانە.

ڕەخنەی بلینسکی لە سەر هاوزا ئەمە بوو کە بەڕاستی ریالیستی نییە. بە تایبەت ئەم ڕاستییەشی زۆر لا ناخۆش بوو کە هیچ پێویست ناکات گالیادکین ئەوەندە نیگەرانیش بیت و ئەم کارە سەیروسەمرانەی لێبوەشێتەوە.

گالیادکین بە پێچەوانەی پاڵەوانی یەکەم ڕۆمانی دۆستۆیڤسکی، واتە هەژارەکان، پیشەیەکی باش و پارەی پێویستیشی هەیە:

گالیادکین دەیتوانی لەم دونیایەدا بە ئاسوودەیی و ئاسانی بژێت، بەلاّم گومان و ڕاڕایی لە پێناو بوختان و سووکایەتی پێکردن، لە شەیتانە تاریکەکەکانی کەسایەتی ئەون، ئەم شەیتانانەش ژیان دەکەن بە دۆزەخ.[7]

ڕەخنەگرێکی تر واتە ن.ك. میخایلۆفسکی[8] هەر سەبارەت بەم لایەنە دەنووسێت:

گالیادکینی دووەم بۆ سەر هەڵدەدات؟ هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکەر بۆ دەرکەوتنی ئەو لە سووچێکی تری ژیاندا کە وەك هاوزا وێنای بۆ

دەکات بوونی نییە. گالیادکینی دووەم بە زۆر و بە پێچەوانەی حەقیقەت و واقیعەوە دێتە مەیدانەوە؟[9]

ئەوەی کە دەربڕینی ئەم بیروڕایانە ئاشکرا دەکات جیاوازییەکە لە نێوان تێڕوانینەکانی پێشوو لە سەر گرفتاری و گیرۆدە بوونی مرۆیی و تێڕوانینێکی تازە تری بوونگەرایانەیە لەم بوارەدا. بە پێی تێڕوانینی پێشوو کە بە شێوەیەکی ئاشکرا زیاتر لە فەلسەفەی جۆن لۆک دا (١٦٣٢–١٧٠٤) بەر چاو دەکەوێت، زەین و ڕۆحی مرۆڤ لە کاتی لە دایك بووندا تابلۆیەکی سپییە کە بەرە بەرە ئەزموونەکانی ماوەی ژیان لە سەری نەخش دەکرێن. بۆیە ئەوەی کە کەسایەتی دەبەخشێت بە هەر کەسایەتییەك ژینگەکەیەتی. لە بنەماوە مرۆڤەکان ڕۆڵێکی ناچالاکیان لەم پرۆسەیەدا هەیە. ئێمە دەتوانین بە پێی بنەمای ئەزموون، بەروارد و گشتاندن بکەین، بەڵام خۆمان بە تایبەت ناتوانین ئەزموون گەلێکی تازە بکەین.

ئەم تێڕوانینە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دا بە فەلسەفەی ئیمانوئێل کانت (١٧٢٤–١٨٠٤) بەرەو گۆڕان چوو. کانت چەقی گرنگی دانی لە جیهانی دەرەوەو گواستەوە بۆ زەین و جیهانی ناوەوە، کە هەمووان لەم جیهانەدا شت بەدیدەکەن و دەست بەکار دەبن. ((شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی)) کانت لە فەلسەفەدا هەر ئەمە بوو. کانت تێگەیشتنێکی نوێی لە زەین بۆ ئێمە خستە ڕوو، تێگەیشتن لەوەی کە زەین بە شێوەیەکی چالاکانە فۆرم دەبەخشێت بەو شتانەی کە ئەزموونی دەکات و ئەم کارەش لە ڕێگای پێکهاتە جەوهەرییەکانی

شێوازەکانی تێگەیشتنی شهودی ئەنجام دەدات واتە هەر شتێك لە شوێنێکی سێ ڕەهەندی و کاتێکی دوو ڕەهەندی وێنا دەکات و لێی تێدەگات، و لە چوارچێوەی هەستپێکردنەکان، کە گرنگترین بوونی هۆکارە، واتە هەر ڕووداوێك دەبێت هۆکارێکی هەبێت. ئەگەر چ کانت زیاتر لە جاران گرنگییەکی زۆری بەخشییە زەین، بەڵام مەبەستی ئەو لە زەین شێوە گشتییەکەی بوو. بە ڕای کانت ئێمە داموودەزگای تێگەیشتنی هەموومان لە یەك دەچێت. ئەو دواتر گەیشت بەو بیروڕایە کە ئێمە هەموومان بگەینە یەك ڕێگا بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست سەبارەت بە بابەتە ئەخلاقییەکان. فەلسەفەی کانت هیچ جێگایەکی بۆ جیاوازییە تاکەکەسییەکان نەدەهێشتەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا سێ کەسی تر ئەم بیروڕای گرنگی دان بە دەروونەی مرۆڤیان لای کانت، زیاتر پەرە پێدا.

یەکەم، سۆرین کیرگەگۆرد (١٨١٣–١٨٥٥) بەرەو پێشچوون بۆ زەینی (sobjectif) ڕادیکالی کاملتر کرد و هەر ئەمەش بوو بە بنەماو ژێرخانی فەلسەفەی بوونگەرایی سەدەی بیستەم. کیرگەگۆرد تەنیا باسی تاکی دەکرد و تاکی لا مەبەست بوو. ئەو ڕای وابوو ئێمە هەریەکەمان بە تەنیایی ئازادین تاوەکو بیروڕاکانمان هەڵبژێرین و هۆکارێکی پەسەندکراو بۆ ژیانی خۆمان پەیدا بکەین.[١٠] ئەوەی تریان فریدریش نیچە بوو ((١٨٤٤–١٩٠٠)) کە باسی لە هێزێکی بزوێنەری تری ناوکی و دەروونی دەکرد، واتە ویستی هێز، بۆیە باسی لە ئەمەش کرد تا لە ڕێگایەوە بتوانێت ئەمە ڕوون بکاتەوە بۆچی ئێمە بەم چەشنە

کردەوە ئەنجام دەدەین و بۆچی وا بەمشێوەیە جیهان دەبینین و لێی تێدەگەین. نیچە بڕوای وابوو کە مرۆڤەکان لە دوو تاقمی تەواو جیاواز پێکهاتوون. مرۆڤ هەیە کە خاوەن سروشتێکن کە ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە (سەروەرەکان)، کە ویستی هێز لەماندا بۆ کەڵك وەرگرتنێکی زۆر لە توانایییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە و لە ماوەی ئەم هەوڵدانانەیان ئەوان خۆیان بەهاکانی خۆیان دەخولقێنن، مرۆڤیش هەیە ئیرادەیەکی لاوازی هەیە (کۆیلەکان) کە ویستی هێز لەماندا بۆ دەست تێکەڵکردن لە پێناو لە کارخستنی مرۆڤەسەروەرەکان ڕەنگ دەداتەوە، ئەو مرۆڤە سەروەرانەی کە کۆیلەکان لە هێزی ئیرادەیان هەم دەترسن و هەم ئیرەییشیان پێدەبەن. ئەوان لە پێناو ئەوە دەست تێکەڵ دەکەن تا لەم ڕێگا نەرێیەدا بتوانن بارودۆخیان بە بەراورد لە گەڵ مرۆڤە سەروەرەکاندا باشتر بکەن.

دۆستۆیفسکی بەهامنشێوە کە دەیبینین، ئەو ئازادییە زەینییە ڕادیکاڵییەی کە کێرگەگۆرد وایدەزانی ئێمە هەموومان هەیمانە و نیچە پێی وابوو تەنیا مرۆڤە سەروەرەکان خاوەنی ئەوەن، پێ قبوڵ بوو. دۆستۆیۆفسکی تاڕادەیەکیش هێزێکی بزوێنەری ناوکی بۆ شیکردنەوە لە سەر ڕەفتاری مرۆڤی پێ قبوڵ بوو، واتە شتێك وەك هەمان ویستی هێز لای نیچە، بەڵام بە ڕای دۆستۆیڤسکی گرنگترین هێزی بزوێنەری ناوکی خواستە بۆ ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر. ئەو شتە جیاوازەی کە دۆستۆیڤسکی زیادی کرد بۆ ئەم بیروڕایانە ئەمە بوو کە لە ناوەوەی هەر کەسێکدا کۆمەڵێك خواست و خەسڵەت بوونیان هەیە کە لە گەڵ

یەکدا لە شەڕدان.[11] کەواتە کاتێك دۆستۆیڤسکی سەیری ناوەوەی مرۆڤەکانی دەکرد، ئەوەی کە بەدی دەرکرد ئاڵۆزی بوو نەك سادەیی و ساکاری. تێڕوانینی زەینی (sobjectif) تێڕوانینێکی سادە نییە. بە ڕای دۆستۆیڤسکی یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی گرفتی مرۆڤەکان هەر ئەم بابەتەی زەین یا زەینی یە (sobjectif ). دۆستۆیڤسکی دوو تێڕوانینی تری خستە ڕوو کە دواتر بوون بە چەند ناوەڕۆکێکی گرنگ لە فەلسەفەی ژان پۆل سارتەر: (١) چونکە ئێمە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، بیروڕای کەسانی تر بەرامبەر ئێمە سەبارەت بە ئەوەی کە خۆمان چۆن ببینین کاریگەری هەیە، ئەوەی کە خۆمان بە باش بزانین یا خراپ. کەواتە بە ڕای دۆستۆیڤسکی کەسانی تر ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەر ئێمە هەیە کە ڕێز لە بوونی کەسانی تر بگرین و خۆمان بە بەڕێز بزانین یا نە. (٢) ئێمە حەزمان لێیە کە نکۆڵی لە ئازادی خۆمان بکەین تا لەو ئەرکە قورسە بەپەرسیارییەتیەی کە ئەم ئازادییە لە گەڵ خۆیدا دەیهێنێت هەڵبێین. (ئەم بابەتە پێش هەموو شتێك تیۆری ((ناڕاستگۆیی)) لای سارتەر بە بیردێنێت).

بگەڕێینەوە بۆ هاوزا. لە پشتەوەی هەستی گالیادکین بۆ پێویستی خولقاندنی هاوزایەك کۆمەڵێك ئامانج خۆی مەڵاس داوە: گالیادکین کۆمەڵێك حەزی دژ بە یەکی لە ناوەوەی خۆیدا هەیە کە ناتوانێت پێکەوە بیانگونجێنێت و لە ئەنجامدا بیانگۆڕێت بۆ یەك خودی تاك[12] و ناتوانێت دڵخۆش بێت بە وێنەی خۆی لە چاوی کەسانی تردا. ئەو توانای ڕێز گرتن و خۆش ویستنی کەسانی تری لە کیس چووە. ئەم

هۆکـاره جیاوازانــه لــەو هۆکارانــەن کـه بلینـسکی و میخایلۆفـسکی وایانــدەزانی بەسـه تــاوەکو کەسـێك شـێت بکـات. ئـەوان وابیریـان دەکــردەوه کــه تــەنیا هەژارییــەکی زۆر و ڕەفتــاری وەحــشیانەو ستەمکارانەی کەسانی تر دەتوانن کەسێك شێت بکەن. دۆستۆیفسکی وێنەیەکی نوێ جیا لەوەی که زۆربەی مرۆڤـەکان ئـازار دەدات دەخاتـه پێش چاوی ئێمە، وێنەیەکی نـوێ لـه گرفتـاری و چەرمەسـەری مرۆیی. ئەو شەڕەی که ئەوەندە ئێمە ئازار دەدات، لەناو دڵـی خۆماندایە. ئـەم شـەڕە بەرهـەمی ژینگـه نییـە، بـەڵکو ژینگـه تـەنیا دەتوانێـت ئـەوە ((قورستر)) یان ((سـووکتر)) بکـات.[١٣] بـەڕای دۆستۆیفسکی مرۆڤـەکان بەتــەواوی دەکــرێ و دەتــوانن خۆیــان ئــازار و ئەشــکەنجە بــدەن. گالیادکینی دووەم، واته ئەو هاوزایەی که گالیادکینی یەکەم هەموو ئـەو سیفەتانەی که لەخۆیدا دەیبینێت و ڕقی لێیـان دەبێتـەوه دەیدات بـه ئەو، له کۆتاییدا هەر بەدواوەی گالیـادکینی یەکەمـەو ئـازاری دەدات، کەواته دەکرێت بڵێی که گالیادکین هەر خـۆی خـۆی ئـازار و ئەشـکەنجە دەدات. لـه جێگایـەکی ڕۆمانەکـەدا، پترۆشـکا[١٤] واتـه خزمتکارەکـەی گالیادکین، که ئـیتر تاقـەتی ڕەفتـاره سەیروسـەمەرەکانی سـەرۆکەکەی نەماوە، دەڵێت:

((من دەڕۆم بـۆ لای کەسـانی بـاش و بـەڕێز.....مرۆڤـه بـەڕێزەکان ڕاسـتگۆیانە دەژیـن، مرۆڤـه بـەڕێزەکان نوانـدن ناکـەن و خۆیـان بـه شێوەیەکی تـر دەرناخـەن، مرۆڤـه بـەڕێزەکان هـاوزا پەیدا ناکـەن...)) دۆستۆیفسکی دەڵێت گرفتەکه لێرەدایە کـه ئێمـه کـەسمان باشـی بـاش

نین. ئێمە هەمووومان باش و خراپێکمان تێدا هەیە و هەر بۆیە بە لانی کەمەوە دوو کەسین. جگە لە نیگەرانی سەبارەت بەوەی کە لەوانەیە کەسانی تر گالیادکینی دووەم بە گالیادیکنی ڕاستەقینە بزانن و گالیادکینی یەکەمیش بە تەڵەکەباز بزانن، ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێك ترس لای گالیادکین دروست دەکات ئەمەیە کە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر گالیادکین بوونیان هەبێت.[١٥]

لەم ڕۆمانەی دۆستۆیڤسکی کە بەرهەمی سالآنی سەرەتای نووسەری ئەوە و یەکەمین هەوڵدانی ئەوە بۆ پیشاندانی گرفتاری مرۆڤ، دەتوانین چ شتێکی لێ فێر بین؟ وادەردەکەوێت کە دۆستۆیڤسکی جگە لە بیروڕای بۆ ئەوەی کە ئێمە سادە نین و کۆمەڵێك خواستی دژبەیەکمان لە ناو خۆماندا هەیە، دەیەوێت بڵێت ئەمە ئێمەین کە ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین دیاری دەکەین. جیهانی گالیادکین پڕە لە پیلان و دوژمنی جۆربەجۆر، چونکە زەینی ئەو ئەم پیلان و دوژمنانەی سەپاندووە بە سەر واقیع دا. هەروەها دەیەوێت بڵێت ئەگەر ئێمە تا ئێستا ڕازی نین لەوەی کە بەم شێوەیەین، دەتوانین کەسایەتییەکی نوێ دروست بکەین، دەتوانین خۆمان بگۆڕین. ئێمە بوونەوەرێك نین کە سیفەتەکانمانیان وەکو نەخشێك لە سەر بەرد هەڵکۆڵیبێت. سەبارەت بە گالیادکینیش، دەبێت سەرنج بدەینە گالیادکینی یەکەم نەك دووەم. گالیادکین لەوانەیە بێ ئەوەی کە خۆی هەستی پێکردبێت، تێگەیشتبوو کە ناتوانێت ڕێز لەو کەسەی کە خۆی بووە بگرێت، بۆیە هەوڵدات خۆی بگۆڕێ بۆ کەسێك کە شیاوی ڕێزگرتن بێت: ((من پیلان گێر نیم،

بە شانازییەوە ئەمە دەڵێم. من شەریف، راستگۆ، رێک و پێک، خۆشەویست و نەرم و نیانم...)) پلانی ئەو بۆ گۆڕینی خۆی خولقاندنی هاوزایەک بوو کە کۆمەڵێک خەسڵەتی نەشیاوی هەبێت تا دەرفەتی ئەوەی بۆ برخسێت ببێتە کەسێکی باش.

گالیادکین خاوەن ئازادییەکی زۆرە کە لە هەندێ بواری کەمدا هەستیان پێدەکات. بەلام زۆربەی کات ئەوەی کە بۆی ڕوویداوە بە زمانی قەدەرەوە دەیانگێڕێتەوە: ((ئەمانە تاوانی من نییە. هەمووی تاوانی چارەنووسە.)) (هەڵبەت ئەو قەدەرگەرایەکی گەشبینە: ((لەوانەشە خێر لەمەدا بووبێت)) ئەمە ((باشترین دڵخۆشی)) ئەو بوو). کاتێک بارودۆخەکە هەردی بەسەر بەردەوە نەما، گالیادکین ئازادییەکەی رەتکردەوە. بەلام دەبینین کە گالیادکین ناتوانێت بە هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆی و لەوەی کە چۆن بووە و خۆ دەرخستنی بەو شێوەیەی کە نەیتوانیوە هیچ کارێک بکات بەرامبەر بەو شتانەی کە بە سەری هاتووە، زاڵ بێت بە سەر کێشەو گیروگرفتەکانیدا.

دۆستۆیفسکی کاتێک کە هاوزای دەنووسی هیچ وەلامێکی بۆ دووەم پرسیار واتە ئەو پرسیارە گرنگەی کە بۆ خۆی خستبوویە ڕوو نەبوو: ئەگەر گریمان گرفتاری مرۆیی هەر ئەمە بێت کە هەر ئەمشە، کەواتە ئێمە لە گەڵ بوونی ئەم گرفتارییە چۆن بژین؟ دۆستۆیفسکی لە ڕۆمانەکانی تریدا وەلامێکی بۆ ئەم پرسیارە گرنگە دەستەبەر کرد. بەلام لە هاوزا و دەستنووسە ژێر زەمینییەکان ئەو تەنیا چەند وەلامێکی خستە ڕوو، واتە ئەوەی کە کارکتەرەکەی ئازادی

ڕەتکردەوە. بەڵام نابێت ئەمە لە بەر چاو نەگرین کە ئەو وەڵامە ڕەتکەرەوانەش هەر ئاماژەیان بۆ ئەوە هەیە کە دەبێت ئێمە چۆن بژین. دۆستۆیڤسکی لە هاوزادا بە ئێمە دەڵێت ئێمە نابێت بمانەوێت بەشێك لە خۆمان، خودێك کە بەو شێوەیە بووینە ڕەتکەینەوە" ئێمە نابێت ئازادی خۆمان ڕەتبکەینەوە.

ماوەی نێوان نووسینی هاوزا تا نووسینی دەستنووسە ژێر زەمینییەکان هەژدە ساڵ بوو. لەم ماوەیەدا دۆستۆیڤسکی زیانێکی قورسی بەرامبەر بە یەکەمین خولیابوونی بۆ سۆسیالیسم بەرکەوتبوو و سەفەرێکی بۆ ئەوروپاش کردبوو و ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ڕیفۆرم خوازەکانی — بە تایبەت لە پێشانگای ((کریستاڵ پالاسی)) لەندەن —— بۆ چاکسازی کۆمەڵگا بینی بوو—ڕێکخستنێك کە مایەی نیگەرانی بوو بۆ ئەو.

دەکرێت کاریگەرییەکانی ئەم بینین و ئەزموونانە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە دەستنووسە ژێر زەمینییەکان بە دی بکەیت.

دەستنووسە ژێرزەمینییەکان لە دوو بەشی درێژ خایەن پێك هاتووە:

واتە ((ژێرزەمین)) و ((لە سەر بەفری شێدار)). دۆستۆیڤسکی خۆی ناوەڕۆکی ئەم دوو بەشەی بەم شێوەیە کورت کردوەتەوە:

لەو بەشەی کە ناوی لێنراوە ((ژێرزەمین))، نووسەر خۆی دەناسێنێت و بیروڕای خۆی سەبارەت بە ژیان پێشکەش دەکات و هەوڵدەدات هۆکاری هاتنی ....بۆ لای ئێمە ڕوون بکاتەوە. لە بەشی

دووەم دا بـە هەنـدێك لـە بیرەوەرییـەكانی ئـەم كاراكتـەرە سـەبارەت بـە ڕووداوەكانی ژیانیدا دەچینەوە. لە بەشی یەكەمدا لـە گـەڵ نووسـەری دەستنووسەكاندا یان بەڕای دۆستۆیفسكی لـە گـەڵ ((دژە پاڵـەوان)) دا ئاشنا دەبین. ئەو پیاوێكی چل ساڵانە، كارمەنـدێكی سـادەی پێشـووە، كە بە تەنیا دەژی و هـاوڕێی نییـە. ئـەو نەخۆشـە بـەڵام هـەر خـۆی بـە شێوەیەكی ئازادانە گوێ بە چارەسەركردنی خۆی نادات: ((من كەسێكی نەخۆشم...لـە ڕووی لاسارییەوە چارەسـەری خـۆم ناكـەم...خـۆم لـە هەموو كـەس باشتر دەزانم كـە زیانەكـەی بـەس بـە خـۆم دەگـات نـەك كەسی تر.)) بە شێوەیەك ڕەفتـاری خـراپ بـووە: ((كارمەنـدێكی خـراپ بووم. بێ ئەدەب بووم و لەم بێ ئەدەبییەی خۆم چێژم دەبینـی.)) ئـەو ئاست و سنوورەی كە كەسانی تـر ڕەچـاوی دەكـەن ئـەم دەیبـەزێنێت: ((ئــەوان دیوراێــك یــا ســنوورێك لایــان، جێگــای ئاســوودەیی و دووركەوتنەوەیەكی ئەخلاقی و شتێكی كۆتاییە.)) بەڵام ((مـن زیـاتر لـە هەموو شتێك ڕقم لە یاساكانی سروشتە.))

ڕەتـی بـەها كۆمەڵایەتییـەكانیش دەكاتـەوە: ((تـا زیـاتر هوشـیار دەبووم بەرامبەر بە جوانی و باشی و موتەعالی، زیاتر ڕقـم هەڵدەسا.)) تەنانەت بە ئازار گەیاندن بە كەسانی تریش چێژم دەبینی: ((نـازانن كـە چ چێژێكم دەبینی كاتێك كە هەستی كەسێكم برینـدار دەكـرد.)) بـەڵام ئەو خراپـی خـراپیش نییـە. لێرەدا دووبـارە دۆستۆیۆفـسكی دەیـەوێت پیشانی بدات كە مرۆڤەكان ئاڵۆزن:

بەلام بە شێوەیەکی وەها نەمدەتوانی کەسێکی زۆر خراپیش بم. هەمیشە ئاگام لە چەندین شت بوو کە منیان بەرەو لای ڕۆچوونێك بە پێچەوانەی ئەمەوە پال پێوە دەنا. من هەست دەکەم ئەم شتانە لە ناوەوەی مندا لە سەر یەك کەڵەکە دەبن. دەمزانی بە درێژایی تەمەن ئەم شتانە لە ناوەوەی مندا کەڵەکە بوونە و بە دوای ڕێگایەکی دەربازبوون دا دەگەڕێن.....

زۆر زیرەکە — ((من لە کەسانی چواردەوری خۆم زۆر زیرەکتر و عاقڵترم)) — بەلام دەزانێت کە ((بیرکردنەوەی زۆریش جۆرێکە لە نەخۆشی،))[١٦] و هۆکارێکی هەر ئەمەیە کە ڕێگای لە هیچەوە دەردەچێت: ((مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت کردەوەیەك ئەنجام بدات دەبێت بە تەواوی دڵنیا بێت لە خۆی، دەبێت هیچ گومانێکی نەبێت)) بەلام مرۆڤێك کە زۆر بیردەکاتەوە بەردەوام گومانی هەیە. ئەو کەسێکی زۆر هەستیارە، ((کەسێکە کە هوشیاری و فامێکی زۆری هەیە)) کە بوغز بەرامبەر بە کۆمەڵێك بوختان و سووکایەتی کردنی خەیاڵی، کە بە خەیاڵ خۆی ئەمەی بۆ خۆی دروستی کردووە، چەندین ساڵە تیایدا کەڵەکە بووە.[١٧] هەر ئەم بوغزە کەڵەکەبووانەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی ((چل ساڵ لە رووی لاسارییەوە)) خۆی لە ((ژوورێکی بچووکی تاریکدا بە قەستی دیل بکات)). ئەو دەزانێت کە گرفتی ئەو ((توانای ڕێز نەگرتن و حورمەتی کەسانی ترە)) و ئێستا هیچ کارێکی تری نییە جگە لە ((پاراستنی ئەم حورمەت و ڕێزەی)). دژە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ((فەلسەفەی ژیانی خۆی)) دەخاتە ڕوو و ئاشکرایە کە ئەمە

((فەلسەفەی ژیانی)) دۆستۆیڤسکی خۆیەتی. دۆستۆیڤسکی هێرش دەکاتە سەر تێڕوانینە جەبرگەراکان سەبارەت بە ڕەفتاری مرۆڤ، بە تایبەت بەرامبەر بە ((خۆپەرەستی دەروونناسی))، واتە ئەوەی کە مرۆڤەکان هەمیشە بەجۆرێك کردەوەیەك ئەنجام دەدەن کە وادەزانن زۆرترین سوودی بۆیان هەیە. دۆستۆیڤسکی پێش نووسینی ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی[١٨] واتە دەبێت چ بکرێت؟[١٩]ی (١٨٦٣) خوێندبوویەوە. بیروڕای چرنیشفسکی لە ڕۆمانەکەیدا ئەمەیە کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئایدیالیستی دەبێت لە ڕووی عەقڵ و لۆژیکەوە ئەمە پیشان بدەین کە بەرژەوەندی تایبەتی هەر کەسێك لە هاوکاری کردنیەتی لە گەڵ کەسانی تردا، و ئەمە لە کردەوەدا بە شێوەیەك ((شەرافەتمەندانەو مێرخاسانەیە)). ئەو گریمانەی کە لەم بەڵگەهێنانەوەیەدا بوونی هەیە ئەمەیە کە ئێمە هاوکات لە پێناو بەرژەوندییە تایبەتییەکانمان هەوڵ دەدەین. سبەڵام دۆستۆیڤسکی دەڵێت کە مرۆڤەکان دەتوانن بە پێچەوانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان کردەوەیەك ئەنجام بدەن و ئەم کارەش دەکەن. هەندێك مرۆڤ بە قەستی بە پێچەوانەی بەرژەوندییە تایبەتییەکانیانەوە هەوڵ دەدەن و دەست لە ئارەزووەکانیان هەڵدەگرن چونکە ((ئینکاری و لاساری لە هەر شتێکی باش، گرنگترە بۆیان.)) دۆستۆیڤسکی دەڵێت ((ئازادەیەك بۆ هەر کەسێك شتێك کە لە بەرژەوەندی پەتیش خۆشەویستر بێت، بوونی هەیە)) ئەویش ((ئەنجام دانی ئازادنەی کردەوەیەکە کە حەز و خواستی لێیە.)) ئاشکرایە کە دۆستۆیڤسکی

تەنیا تیۆری جەبرگەرایانەی ((خۆپەرەستی دەروونناسی)) ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو هەر چەشنە تیۆرێکی جەبرگەرایەنە سەبارەت بە ڕەفتاری مرۆیی ڕەتدەکاتەوە. ئەو دەڵێت ڕەفتاری مرۆڤەکان بە پێی ڕێسا نییە. ئێمە حەزمان لێ نییە کە ملکەچی ((یاساکانی سروشت)) بین ئیتر هەر یاسایەك، یا ئەوەی کە زاناکانی زانستی کۆمەڵایەتی دەیانەوێت بیسەپێنن بە سەر ئێمەدا. ئێمە سەربەخۆین و سوود لە سەربەخۆیی خۆمان دەبینین تەنانەت ئەگەر چەند کردەوەیەکیش ئەنجام بدەین کە ((بەڕاستی زیان بەخش و نەفامانە بێت.)) بەڵام بۆ؟

چونکە ئەم کردەوانە بە هەر شێوەیەك بێت ئەو شتەی کە زۆر لای ئێمە خۆشەویست و گرنگە دەپارێزێت، واتە کەسایەتی و کەسێتیمان. زۆر کەس ئەمە پشت ڕاست دەکەنەوە بۆ ئێمە کە ئەم دوو شتە بۆ مرۆڤەکان لە هەموو شتێك لایان خۆشەویست ترە. بەڕای دۆستۆیۆڤسکی ئێمە بە مانا ئیرادە گەرایانەکەی* ئازادین، واتە ئێمە دەتوانین لە هەلومەرجی یەکساندا کردەوی جیاواز ئەنجام بدەین، هەر ئێمەش تاقە هۆکاری ئەو کردەوەیەن کە جێبەجێ کراوە. لەوانەیە من لەم کاتەدا بمەوێت هەڵبەز و دابەز بکەم یان نەمەوێت ئەم کارە بکەم، ئەگەر بمەوێت ئەم کارە بکەم واتە ویستومە وا بکەم و ئەگەر نەمەوێ ئەم کارە بکەم ئەوە نەمویستووە ئەم کارە بکەم ئەم تێگەیشتنە ئیرادە

---

* Libertarian ئەم چەمکە بە مانای حاڵەتی ئیرادی مرۆڤ دێت بۆ ئەنجامدانی کارێك یان پاشگەز بوونەوە هەر لەو کارە واتە بە مانای ئازادی مرۆڤ دێت لە بڕیاردان -وەرگێڕ-

گەرایانە لە خواست یا ئیرادەی ئازاد ناتەبایە لە گەڵ جەبرگەرایی** واتە ناتەبایە لە گەڵ ئەم تێڕوانینەی کە هەر ڕووداوێك – لەوانە هەر کردەوەیەکی مرۆڤ – بە سەرنج دان لە گەڵ هەلومەرجەکانی پێشوو، بە ناچار ڕوو دەدات. جەبرگەراکان بە شێوەیەکی جیددی بڕوایان وایە لە بنەمادا دەکرێت پێشبینی بۆ هەر کردەوەیەکی مرۆڤ بکرێت، چونکە کۆمەڵێك ڕیسای هۆدار زاڵن بە سەر ڕەفتاری مرۆڤدا. ئەمە بە تەواوی هەر ئەو شتەیە کە دۆستۆیڤسکی ڕەتی دەکاتەوە. دۆستۆیڤسکی دەڵێت کەسانی تر هەن کە بە شێوەیەکی تر دەڕوانن بۆ خواست و ئیرادەی ئازاد، واتە تێڕوانینیان لە گەڵ جەبرگەراییدا تەبایە، ئەم شتەش لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر باوە، چونکە لەم سەردەمەی ئێمە ئیمان بەرامبەر بە زانست زۆرێك لە زاناکانی بەرەو تێفکرینی جەبرگەرایانە بردووە. ئەم تێڕوانینە جیاوازە بۆ خواست و ئیرادەی ئازاد پێی دەوترێت سازش کردن*.

بە پێی ئەم بیروڕایە ئێمە بە ئازادی کردەوە ئەنجام دەدەین ئەگەر لە ژێر گوشاردا نەبین و ئەوەی کەحەزمان لێیە و خواستمان لە سەریەتی جێبەجێ بکەین. چونکە زۆبەی کات بە پێی خواست و ویستی دڵمان کردەوە ئەنجام دەدەین، ئەوا لێرەدا ئیتر دەتوانین بڵێین کە ئازادانە کردەوەمان ئەنجام دەدەین تەنانەت ئەگەر جەبرگەراییش ڕاست بێت و ئێمەش جگە لەو کردەیەی ئێستامان کە کردوومانە

**Determinism

*compatibilist

نەمانتوانیبێت کردەوەیەکی تر ئەنجام بدەین. کەواتە لە گەڵ گریمان دانان بۆ هەبوونی جەبرگەرایی من لەم کاتەدا کە هەڵبەزودابەز دەکەم ئەوا ئازادانە ئەم کارە ئەنجام دەدەم، تەنانەت ئەگەر نەمتوانیبێت لەم کارە زیاتر ئیشێکی تر بکەم، چونکە ئەمە ئەو کارەیە کە دڵم ویستوویەتی بیکەم. هیچ کەسێك بە پێچەوانەی خواستی خۆمەوە ناچاری نەکردووم کە ئەم کارە بکەم. بەڵام دۆستۆیڤسکی ئەم تێڕوانینە جیاوازە بۆ خواست و ئیرادەیەکی ئازادانە ڕەتدەکاتەوە. بەڕای ئەو شتێکی بەم چەشنە بە هیچ شێوەیەك خواست و ئیرادەیەکی ئازادانە نییە. دەڵێت: ((ئەگەر ڕۆژێك ئەم هاوکێشەیە سەبارەت بە هەموو حەز و خولیاکانی ئێمە ڕاست بێت)) واتە ئەگەر ڕۆژێك بسەلمێنرێت کە جەبرگەرایی ڕاستە، ئەوکات ئیتر مرۆڤ بەو مانایەی کە ئێمەی دەیناسین بوونی نامێنێت. ((مرۆڤ یەکسەر لە مرۆڤەوە دەگۆڕدرێ بۆ کیبۆردی پیانۆ یان شتێکی تر بەم چەشنە.)) ئەوا ئیتر لە بنەماوە ئێمە هیچ جیاوازییەکمان لە گەڵ شتە مادییە ئاساییەکاندا نامێنێت بۆیە هەر کردەوەیەکمان بە تەواوەتی دەکرێت پێشبینی بۆ بکرێت. بەڵام دۆستۆیڤسکی بە پێداگرییەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە لەم شتانە ناچین، ئێمە جیاوازین. ئێمەی مرۆڤ لە سەروو هەموو شتێکەوە دەژین و بە کردەوەکانمان بە خۆمان دەیسەلمێنین کە جیاوازین لە هەر شتێکی تر لەم دونیایەدا و خاوەن دەسەڵاتین.ئەوەی کە دەیکەن هەر لە پێشدا نادیارە: بەڕای من تەواوی کاری مرۆڤ هەر ئەمەیە – واتە ئەوەی کە دەبێت بە خۆی بیسەلمێنێت کە مرۆڤە نەك

کیبۆردی پیانۆ! دەبێت بیسەلمێنیت ئەگەر چ سەریشی لە پێناو ئەمەدا تیا بچێت........

کەواتە دۆستۆیڤسکی داوامان لێدەکات ئەم ڕێسا هۆدارانەی کە زاڵن بە سەر ڕەفتاری مرۆڤدا بەرەو تەفروتونا بوونیان ببەین و ((هەر وەك مرۆڤێك بەو چەشنەی کە دڵمان دەیەوێت بژین.))

ئەوەی کە دۆستۆیڤسکی لە پرۆژەکانی سۆسیالیستی یۆتۆپیاییدا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئایدیالیستی قبوڵی ناکات، ئەو پرۆژانەی کە بۆ نموونە ((کریستاڵ پالاس)) بە یەکێك لە سەمبولەکانی دەزانێت، بوونی ئەو گریمانەیە کە مرۆڤ سروشتێکی پێناسەنەکراوی هەیە و بە تایبەت مرۆڤ بە دوای بەختەوەری و خۆشی خۆیدایە" بۆیە تەنیا کارێك کە ئێمە دەبێت بیکەین ئەمەیە کە بە پێی عەقڵ و لۆژیك ئەمە پشان بدەین کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت بگات بەم خواستەی خۆی. ئەو کاتە ((تەواوی گرفت و کێشەکان خۆی لە چاوترووکاندنێکدا نامێنێت.)) بەڵام بە ڕای دۆستۆیڤسکی ئێمە بوونەوەرێکی هەوەس بازین. ئێمە ئازادی و دەسەڵاتمان دەخەینە گەڕ، ئازادی و دەسەڵاتێك کە هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت تاکێتی خۆمان دەربخەین و هەوڵی ئەو کەسانەش بە درۆ بخەینەوە کە دەیانەوێت لە ڕێگای عەقڵ و لۆژیك بە ئێمە بڵێن کە ئێمە چۆن کەسێکین و دەبێت چ بکەین. دۆستۆیڤسکی دەڵێت کە مێژوو شایەتێکی ڕاستگۆی بیروڕای ئەوە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ: ((سەبارەت بە مێژووی جیهان دەکرێت هەموو شتێك بڵێی ....جگە لەوەی کە بڵێی عەقڵ و لۆژیك بوونی تێدا هەبووە.)) جگە لە

سۆسیالیسم بیروڕایەکی تر کە دۆستۆیڤسکی هێرش دەکاتە سەری ((سوودگەرایی چێژبینانەیە*)).

فەلەسەفەیەك کە لە سەدەی نۆزدەیەم دا لە ئینگلیز برەوێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. بە پێی ئەم تیۆرە کە جیرمی بێنتام و جۆن ئیستیوارت میلْ بانگەشەکەری بوون، هەموو مرۆڤەکان حەزیان لێیە چێژ و خۆشی خۆیان زیاتر و ئازار و بەدبەختییان کەمتر بکەنەوە. چونکە ئێمە هەموومان ئەمەمان دەوێت و کەسیش لە ئێمە لە کەسی تر زیاتر نییە، تەواوی ئەم خواستانە زنجیرەیەك کردارە کە زۆرترین چێژ یا خۆشبەختی تەواو بۆ زۆرترین کەس بەرهەم بێنێت.[20]

دۆستۆیڤسکی بەرامبەر بەم تێڕوانینە دەڵێت، ((مرۆڤ ڕێك بە هەمان ئاستی چێژ بینین بەرەو ڕەنج و ئازاریش پەلکێش دەکرێت.....دڵنیام کە مرۆڤ هەرگیز خۆی لە کاولکردن و ئاژاوە بێ بەش ناکات. ڕەنج – بەڵێ، ڕەنج تاقە هۆکاری هۆشیارییە.))

لە گەڵ ئەمەشدا دەتوانین لوتکەی ڕەخنەکانی دۆستۆیڤسکی لە سۆسیالیستەکان و تەنانەت لیبڕاڵەکانی وەکو بێنتام و میلْ لە دەستنووسە ژێرزەمینییەکان ببینین. لارنێس ئیسترین بەڵگەهێنانەوەکانی دۆستۆیڤسکی بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: ((ئەوان بە دوای ڕێگاچارەیەکی چەسپیون بۆ گرفت و کێشەکانی مرۆڤ.))[21] بەم ڕێگاچارانە مرۆڤ لە ئازادی و خواست و دەسەڵاتی خۆیدا

*Hedonistic Utilitarianism

بێ بەش دەکرێت. دۆستۆیڤسکی دژایەتی ئامانجی یەکسانی و هاوکاری زۆرتر نییە، بەڵام بە باشی دەزانێت کە ئەم ئامانجانە لە ناوەوەی مرۆڤ خۆیدا هەڵقووڵێت. مرۆڤەکان دەبێت بە شیوەیەکی ئازادانە ڕوو لەم شتانە بکەن. ناکرێت یەکسانی هەلومەرجەکان بەسەر ئەواندا بسەپێنرێت" ئەوان بەرامبەر بە فەرمانێك کە پێیان بڵێیت دەبێت چ بکەن هەڵدەچن، بەهامنشێوەی کە ئەم دژە پاڵەوانەی ئێمە وایکردووە.

لە کۆتاییەکانی بەشی یەکەمدا ئەمە دەخوێنینەوە کە دژە پاڵەوانەکەی ئێمە تێدەگات کە تەمەنێك ژیان بەسەر بردن لە ژێر زەمینێکدا شتێکی باش نییە، ئەو دەیەوێت ژێر زەمینەکە بە جێبهێڵێت، بەڵام باوەڕ ناکات کە بتوانێت ڕێگایەك بۆ چوونە دەرەوە لە ژێر زەمینەکە بدۆزێتەوە:

دەزانم....دەزانم کە ژێر زەمین ئەو جێگا باشترە نەبوو کە من دەمەوێت، ئەوەی کە لە ناخی دڵەوە دەمەوێت شتێکی ترە، شتێك کە بە تەواوی جیاوازە، شتێك کە هەڵبەت هەرگیز دەستم ناکەوێت، نەفرەت لە ژێر زەمین!

لە بەشی دووەمی دەستنووسە ژێرزەمینییەکان واتە ((لەسەر بەفری شێدار)) لە سێ بەشی ژیاننامەی ئەم دژە پاڵەوانە ئاگادار دەبینەوە، کە بیست ساڵ پێش ئێستا ڕوویانداوە هەڵبەت کە جێگای شانازی پێوەکردنی نین بەڵکو بوونەتە هۆی توانای لە دەست دانی توانای ڕێزگرتن و حورمەتی ئەو لە کەسانی تر. لە کاتی خوێندنەوەی باسی ئەم ڕووداوانە لە زمانی پیاوی ژێر زەمینی لە ژیانیدا، ئاگاداری

ئەم بابەتە دەبێ کە ئەو لە گەڵ بوونی ئەو بیرورایەیە کە ئێمە خاوەن دەسەڵاتین و ئازادین، بەڵام خۆی حەزی لێیە کە ژیانی لە ڕوناکایی جەبرەکاندا ببینێت. دووبارە لێرەدا دۆستۆیڤسکی دەیەوێت بڵێت تاوانی ئێمە ئەوەیە کە زۆرجار ئازادی خۆمان ڕەتدەکەینەوە، ئەو ئازادییەی کە باشترین کەرەمە کە ئێمە هەیمانە. بۆ نموونە سەیری ئەم بەشە بکەن کە ئەم دژە پاڵەوانەی ئێمە چۆن لە ژیان دەڕوانێت:

زۆرجار بە شێوەیەکی شێتانە حەزم لە خۆم نەبوو، تەنانەت ڕقم لە خۆمیش بوو و بۆیە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی هەموو کەسێکیش حەزیان بە من نییەو ڕقیان لە منە. بۆ نموونە حەزم بە ڕوخساری خۆم نەبوو، وامدەزانی کە ڕوخسارێکی شوومم هەیە، تەنانەت وابیرمدەکردەوە کە ڕوخسارم لە خزمتکارەکان دەچێت، هەر بۆیە کاتێک دەچووم بۆ فەرمانگە، بەوپەڕی خۆ ماندوو کردنەوە هەموو کارەکانم دەکرد تا لە پێش چاودا زۆر سەربەخۆ دەرکەوم و نەوەک گومانی خزمتکاریشم لێبکەن.....

ئەو خۆی خۆش ناوێت و هەست بە خزمتکار بوون دەکات، بەڵام ئەم هەستە لە ئەنجامی ئەوەوە دەزانێت کە هەر لە منداڵیدا دایک و باوکی لە دەست داوەو و دواتر چەند خزمێکی دووری سەرپەرشتی ئەویان گرتوەتە ئەستۆ کە هیچ هەست و سۆزێکیان بەرامبەری نەبووە و ئەویان خستووەتە قوتابخانەیەك کە بیرەورییەکی زۆر ترسانکی لەوێ هەیە. لە ئەنجامدا ئەو هەموو کەسێکی بەو چاوەوە بینیوە کە دەیانەوێت لەناوی ببەن بۆیە بە ناچار بێ هیچ هۆیەك بەم شێوەیە

ڕەفتاری کردووە بەڵکو بتوانێت خۆی خاوەن دەسەڵاتی خۆی بێت.
یەکەمین بەشی ژیانی لەو شەوەوە دەست پێدەکات کە لە مەیخانەیەک بووە و بەڕێکەوت ئاگاداری ئەوە دەبێت کە بووەتە بەربەستێک لە بەرامبەر ئەفسەرێک. ئەم ئەفسەرە کە بەژن و باڵایەکی زۆر بەرزتری لە ئەو هەیە، پاڵێک دەنێت بە ئەو تا ڕێگای تێپەڕینی هەبێت. پیاوە ژێرزەمینییەکە هەست دەکات کە لە گەڵ ئەودا وەکو ((جرِوجانەوەرێک)) مامەڵە کراوە. ئەم بوغزە ساڵانێکی زۆر لە دڵیدا مایەوە، بوغزێک کە وەک ڕاڕاییەک هەموو زەینی داگیرکردووە، تا ئەوەی کە لە کۆتاییدا دەتوانێت ((تۆڵەی)) خۆی بکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەک بوو کە ئاگری دڵی دانەمرکاندەوە.

بەشی سێیەم کاتێک دەستپێدەکات کە لەوپەڕی لوتکەی تەنیاییدا یەکێک لە هاوپۆلەکانی ڕابردووی خۆی دەبینێت کە هەر لە گەڵ دوو کەسی تری هاوپۆلی ڕابردوو بە نیازن بڕۆن بۆ میوانی بۆ ماڵی یەکێک لەو هاوپۆلانەی ڕابردووی خۆیان. ئەویش خۆی خۆی داوەت دەکات، لە گەڵ ئەوەی کە دەیشیزانی بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێناکەن و تەنانەت خۆیشی حەز ناکات بڕوات بۆ ئەو میوانییە. کاتژمێرێک پێش هەمووان دەگاتە ئەوێ ـــ دەستیان پێڕانەگەیشتووە کە پێی بڵێن کاتی میوانییەکە گۆڕاوە ـــ لە ئەنجامدا هەست بە شکانەوە دەکات و ڕەفتارێکی توند بەرامبەر بەو سێ کەسەی تر دەگرێتە بەر. ئەو سێ کەسە پشت گوێی دەخەن. ئەو کە تەحەمولی ئەم ((پشت گوێ خستنە)) ناکات و زۆر ((شەرمەزار)) کراوە، پارە قەرز دەکات تا لە

گەڵ ئەواندا بڕوات بۆ قەحبەخانە، بەو نیازەی کە بتوانێت پێگەی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو بە دەسبهێنێتەوە: ((یا پێگەی خۆم بە دەست دەهێنمەوە، یان یەکسەر هەر ئەمشەو دەمرم.))

لە قەحبەخانەکە، سۆزانییەکی گەنج بە ناوی لیزا[٢٢] دەبینێت. سێیەم و گرنگترین ڕووداوێك کە ئەم دژە پاڵەوانەی ئێمە باسی دەکات تایبەتە بە ڕەفتاری ئەو لە گەڵ ئەم لیزایەدا. ئەو کە نەیتوانیووە تۆڵەی ڕێز و حورمەتی لە کیس چووی لە هاوپۆلەکانی بکاتەوە لەباتی ئەوان تۆڵە لەم کچە ((میهرەبان و سادە دڵ)) و بەخت ڕەشە دەکاتەوە. تەنانەت دوای دەسەڵات گرتن بە سەر ئەودا، کاتێك کە دووبارە لە خەو هەڵدەسێت هێشتا تووڕەیی و داماوی لە ناخیدا بڵق دەدات و بەدوای ((دەربازبوونێکدا دەگەڕێت)). باسێکی دوور و درێژ بۆ ئەم کچە سەبارەت بەو مەترسییانەی کە ئەم ژیانە تاڵە بۆ سەری هەیەتی دەخاتە ڕوو. وێنەیەکی خەمبار لە ژیانی ئەم کچە دەکێشێت و بە لیزا دەڵێت : ((هەرگیز کەسێکم بەم شێوەی کە تۆ نوقوم بویتە نەبینیوە!)) دواتر کە هەست بە پەژیوانی دەکات دەڵێت: ((لیزا، وەریگرە، ئەمە ناونیشانی منە، وەرە بۆ لای من.)) لیزا پێی دەڵێت کە دێت. پێش بە جێهشتنی قەحبەخانەکە، لیزا ((خەزێنەکەی)) پیشانی ئەو دەدات، واتە نامەیەکی عاشقانە کە قوتابییەکی کۆلیژی پزیشکی بۆی نووسیبوو بە بێ ئەوەی کە ئەو قوتابییە بزانێت کە ئەم کەسێکی سۆزانییە:

لیزا دەیویست من بزانم کە ئەویان خۆش دەوێت، بە شەرافەت و بەڕێزەوە بزانم کە خەڵکی لە گەڵ ئەویشدا بەڕێزەوە قسە دەکەن. بێ گومان ئەم نامەیە جگە لەوەی کە هەر لەو سووچەدا بمێنێتەوە هیچ چارەنووسێکی تری نەبوو، بێ ئەوەی کە هیچ سوودێکی بۆ ئەویش هەبێت. بەڵام ئەمە گرنگ نەبوو" دڵنیام کە لە تەواوی تەمەنیدا وەکو خەزێنەیەك دەیپارێزێت......

دوای ئەوە پیاوی ژێرزەمینی سەرقاڵی ئەم بیرکردنەوەیە دەبێت کە ئەگەر لیزا بەڕاستی بێت بۆ بینینی ئەو، دەبینێت کە ئەم چۆن لە هەژاری و چەرمەسەری دا دەژێت. سەرەنجام لیزا دێت، ڕێك لە کاتێکیشدا کە ئەو لە شەڕدایە لە گەڵ خزمتکارەکەی هەر وەکو جارانیش ئەم خزمتکارە دەسەڵاتی بە سەر سەرۆکەکەی هەیە. دووبارە لێرەشدا خۆی بە ناچار وا دەبینێت کە کچەکە سزا بدات بەوەی کە ئەوی بەم شێوەیە بینیوە. تا پێی دەکرێت قسەی ڕەقی پێدەڵێت. بەڵام لیزا کە تێگەیشت ئەو کەسێکی داماوە باوەشی بۆ دەکاتەوەو و بە دوو کەسی دەست دەکەن بە گریان" بەڵام دواتر پیاوی ژێرزەمینی هەست بە شەرم دەکات. تێدەگات کە ((ڕۆڵیان ڕێك پێچەوانە بووەتەوە)) و ((لیزا پاڵەوانە)) و ئەمە ئەوە کە بووەتە ((بوونەوەرێکی سووکایەتی پێکراو)) بەو شێوەیەی کە لیزا پێشتر وەهابوو. لەو پەڕی تووڕەییدا جارێکی تر دەست دەگرێت بە سەر ئەودا و سەرەنجام پیشانی دەدات کە ئەم بوونەوەرێکی خراپە و خراپتر لەمانە ئەو لە بارودۆخێکدا نییە کە بتوانێت ئەوی خۆش بوێت.)) بە سووکایەتی

پێکردن و شکاندەوەوە پارەیەك دەخاتە دەستی لیزا کە ئەو لێی وەرناگرێت. ئەو بە قەستی دڵرەقی دەکات بەرامبەر بە لیزا، ((بەڵام ئەم دڵرەقییەی ئەو هی ئەو مێشکە بەدفەڕەی بوو نەك هی دڵی.)) ئیتر ئەو هەرگیز لیزا نابینێتەوە و بڕیاردەدات ((لەم ئاسوودەییەی تەنیاییەکەی خۆیدا لە ژێر زەمینەکەدا بمێنێتەوە.)) لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەسەرهاتی ئەو ((بەسەرهاتێکی درێژخایەنی ژیانە بە دابەزینی بەرەبەرەی ئاستی ئەخلاقی لە سووچێکدا....کە ڕاهاتنی لە گەڵ ژیاندا لێوەرگرتووەتەوەو لە باتی ئەمە تەواوی سەرنجی خۆی داوەتە پەرەپێدانی ڕقی خۆی لە ژێرزەمینەکەدا.))

لەم چیرۆکەدا دۆستۆیڤسکی بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە ئێمە ئازادین بەو شێوەیەی کە دەمانەوێت بژین. هیچ کەسێکیش ناتوانێت ئەم ئازادییە لە ئێمە زەوت بکات. بەڵام ئێمە لە ئازادی خۆمان دەترسین: ((تەنیا وەرن تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت سەربەخۆیی بدەن بە ئێمە....دڵنیاتان دەکەینەوە کە یەکسەر دەست بە داوێنتانەوە دەگرین کە دوبارە ملکەچمان کەنەوە.)) ئەوەی کە بارودۆخی ئێمە ئاڵۆزتر دەکات ئەم ڕاستیەیە کە ئێمە ڕۆچوونی دژ بە یەکمان لە ناو خۆماندا هەیە، کە هەندێکیان باشن و هەندێکی تریان خراپن" بەڵام ئەگەر هەست بەوە بکەین کە توانای ڕێزگرتن و حورمەتی خۆمان بەرامبەر بە کەسانی تر لە کیس چووە، ئامادەین کە هەر کارێك بکەین تاوەکو بەشێك لەم ڕێز و حورمەتی خۆمان ڕزگار بکەین. هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار ڕێگای خۆمان ون دەکەین. ئەم دژە پاڵەوانەی ئێمە ئەو

عەشقەی کە دەیتوانی ڕزگاری بکات، ڕەتدەکاتەوە، چونکە وادەزانێت ناتوانێت کەسی خۆش بوێت. ئەویش هەر وەك گالیادکین بە دروستی سوود لە ئازادی خۆی نابینێت و هەر دووبارە وەك گالیادکین ئازادی خۆی ڕەتدەکاتەوە. بەڵام ئەمجارەیان لە دەستنووسە ژێرزەمینییەکان ئاماژەیەك بۆ ئەوە کراوە کە دەبێت چۆن بژین. لیزا ژنی – پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، دەزانێت کە عاشق بوون تا چ ئاستێك گرنگە.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1.The Diary of Writer, 1877, Op.Cit., p. 833.
2.Yakov Petrovich Golyadkin
3.Clara Olsufyevna
4.Olsufi Ivanovich
5.Andrey Philippovich
6.Christian Ivanovich Rutenspitz
7.Quoted in Edward Wasiolek, Dostoevsky, The Major Fiction, The M.I.T. Press, Cambridge, Mass., 1964, p. 5.
8.N.K. Mikhaylovsky
9.Wasiolek, Op.Cit, p. 6.

١٠.بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیروڕاکانی کێرکەگۆرد بگەڕێنەوە بۆ کتێبی فەلسەفەی کیرکەگۆرد کە هەر لە نووسینی ئەم نووسەرەیە و هەر لەم زنجیرەیە چاپکراوە.

١١.نیچەش ڕای وابوو کە لە ناوەوەی کەسایەتییە ((سەروەرەکانیش))، بەها کۆیلەیەتییەکان لە گەڵ بەها سەروەرییەکان لە شەڕدان، بەلام بە ڕای نیچە بەها کۆیلەیتییەکان لە دەرەوە دێن نەك ئەوەی کە لە ناوەوەی کەسێك هەڵبقوڵێن.

١٢.دەکرێت ئەم ڕۆمانەش بە یەکێك لەو بەرهەمە سەرکەوتووانە هەژمار بکرێت کە پێشەنگی توێژینەوە بووە سەبارەت بە کەسایەتییە چەند لایەنەکان کە شەست ساڵ دوای ئەوە توێژینەوەی لە سەر کرا.

بەتایبەت بگەڕێنەوە بۆ:

Morton Prince, The Dissociation of a Personality, Greenwood, New York, 1969 (first published in 1906)
13.See Robert Louis Jackson, the Art of Dostoevsky, Princeton University Press, Princeton, N.J., 1981, p. 9.
14.Petrushka

١٥.بگەڕێنەوە بۆ خەونەکەی گالیادکین لەناو ڕۆمانەکەدا.

١٦.ئەم ناوەرۆکە شتێکی تازەیە بۆ دۆستۆیفسکی کە دواتر گرنگییەکی زۆر لە تەواوی فەلسەفەکەیدا پەیدا دەکات.

١٧.ڕۆڵی چارەنووس سازی کینە لە دەروونناسی مرۆڤدا لای نیچەش بیرۆکەیەکی گرنگی هەیە، بێ گومان ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەستپێکردنی نزیکی نیچەیە لە گەڵ دۆستۆیفسکی.

18.N. G. Chernyshevsky

19.what is to be Done?

٢٠.بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیروڕاکانی بینتام و میل، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی فەلسەفەی میل کە هەر ئەم نووسەرە نووسیویەتی و لەم زنجیرەیەدا بلاوکراوەتەوە.

21.Lawarence Stern, "Freedom and Love in Notes from Underground", philosophy Research Archives, Vol. 4, 1978, P. G-3.

22.Liza

# ٤

# تاوان و سزا

لــە دەستنووســە ژێــر زەمینییــەکان پیــاوی ژێــر زەمینی ئاکامە ترسناکەکانی ئازاد نەبوونی خستووەتە ڕوو" لــە تــاوان و ســزادا راسـکۆلنیکۆف ئاکامــە ترسناکەکانی ئازادبوون دەخاتە ڕوو.

((ئەمە یەکێکە لەو بابەتە گوماناوییە سەیرە خەیاڵییانە، بابەتێکی ئەمڕۆیانە، ڕووداوێك کە تەنیا دەکرێت لەم سەردەمەی ئێمە ڕوو بدات، سەردەمێك کە تیایدا دڵی مرۆۆ تاریك و پیس بووە...سەردەمێك کە تیایدا خۆشبەختی مادی بە تەنیا ئامانجی ژیان دەزانن و بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەم بابەتە لە ئەنجامی ئەو خەونانەی نێو کتێبەکانە...لە ئەنجامی ئەو دڵەیە کە تیۆرێکی زۆر وەڕەسیان کردووە...ئەو کوشتوویەتی، دوو مرۆڤی کوشتووە تەنیا لە بەر تیۆرێك)) (لێکۆڵەر پورفیری پترۆفیچ لە تاوان و سزا)

تاوان و سزا لەو جێگایەوە دەستپێدەکات کە دەستنووسە ژێرزەمینییەکان کۆتایی پێدێت. کەسایەتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە رادیۆن رامانۆڤیچ راسکۆلنیکۆف[٢]، قوتابییەکی پێشووی زانکۆیە کە تەمەنی بیست و سێ ساڵەو تووشی هەژاری و چەرمەسەری هاتووە، ئەو ((خزمی ڕۆحی)) پیاوی ژێرزەمینییە. بەڵام لە دەستنووسە ژێرزەمینییەکانەوە کە دەگەینە تاوان و سزا، سەرکێشی مرۆڤێکی تەنیای لە خۆڕازی بوو دژ بەو ((دیوارانەی)) کە سروشت و کۆمەڵگا دروستیان کردەوە لە بیرۆکەوە دەگۆڕێت بۆ کردەوە (یان ئەگەر ئەم شێوازە ڕەفتارەی کە پیاوی ژێرزەمینی بە قەستی بەرامبەر بە لیزا نواندی هەژمار بکەین، دەتوانین بڵێین دەگاتە ئاستی کردەوەیەکی توندوتیژانە). لە دەستنووسە ژێرزەمینییەکان، دۆستۆیڤسکی ئەم بڕیارە دەسەلمێنێت کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی ئازادن" لە تاوان و سزا، ئەو ئاکامە ترسناکە گریمانەییەکانی ئەم ئازادییە پیشانی ئێمە دەدات. مرۆڤەکان ئازادن تاوەکو تاوانی ترسناک ئەنجام بدەن. لە سەرەتای ڕۆمانەکە راسکۆلنیکۆف دوو کەس دەکوژێت، دەمانەوێت بزانین چۆن و بە شێوەیەك دەكرێت ڕێگری لە کردەوەیەکی بەم چەشنە بکرێت.

چیرۆکی تاوان و سزا چونکە لای هەمووان ئاشنایە بۆیە من کورتەیەك لەم بەسەرهاتە باس دەکەم و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەناسێنم. ئێمە لەم ڕۆمانەدا لە کاتێکدا لە بارودۆخی رۆحی و ناوکی راسکۆلنیکۆف دەکۆڵینەوە کە پیرەژنێکی دەوڵەمەندی

سوود خۆری کە خوێنی هەزاران دەمژێت، دەکوژێت، دواتریش ناچار دەبێت ئەو خوشکە سادەو ساویلەکەیەی ئەم پیرەژنە چونکە شایەتی بینینی کوشتنەکە بووە بکوژێت. دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە، ((سزای)) راسکۆلنیکۆف دەستپێدەکات، چونکە دەبێت ئەو هەم سازش بکات لە گەڵ ئەم بارودۆخە رۆحی و دەروونییەی خۆی کە دوای کوشتنەکە بەرەو خراپ بوون دەچێت و هەم دەبێت بە شێوەیەك ڕووبەڕووی لیکۆڵەر پورفیری پترۆفیچ ببێتەوە کە ئەم دڵنیایە لەوەی کە ((نێچیرەکەی)) خۆی دەگرێت. دڵنیایە کە ئاخیری بکوژ بۆ رزگارکردنی خۆی لەو ئازارە دەروونی و ڕۆحییەی دان بە تاوانەکەیدا دەنێت:

تا ئێستا پەپوولەیەکت لە نزیك مەشخەڵی مۆمێکەوە بینیوە؟ باشە، ئەویش بارودۆخی هەر وەك من وایە، وەکو پەپوولەیەك لە نزیك مۆمێکی داگیرساو، ئەویش بە دەوری مندا دێت و باڵە فڕێ دەکات" ئەو حەزی خۆی بەرامبەر بە ئازادی لە دەست دەدات، دەچێتە ناو بیرکردنەوەو و لە تەونی بیرکردنەوەکانیدا گیر دەکات......دووبارە بەردەوام دەبێت و لە بازنەیەکی داخراودا بە دەوری مندا دەسووڕێتەوە و مەشخەڵەکەش بەردەوام بازنەکە بچووك و بچووکتر دەکاتەوە، تا ئەوەی کە — هۆپ! یەکسەر دێتە ناو دەمی منەوەو منیش یەکسەر قوتی دەدەم!

راسکۆلنیکۆف دوای ئەوەی کە لە ئەنجامدا دان بە تاوانەکەیدا دەنێت، لە گەڵ چەند کەسێکی بەڕێزدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە لایەنی پۆسۆتیڤی سروشتی ئەو ئاشکرا دەکەن، واتە: دایکی، خوشکەکەی،

هاوڕێکەی رازومیخین[٤] و خێزانە هەژار و داماوەکەی مارملادۆف[٥]، بە تایبەت سۆنیا مارملادۆف. ئەو لە گەڵ چەند کەسێکی خراپیش ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە نموونەی ((کەسایەتییەکی خراپن)): دەزگیرانە خۆپەرەستەکەی خوشکەکەی، لۆژین[٦] و سەرۆك کاری پێشووی خوشکەکەی ئیسویدریگایلۆف[٧]. ئەمە سۆنیایە کە ئەو ناچار دەکات کە دان بە تاوانەکەیدا بنێت و هەر بەدوای ئەودا دەچێت بۆ سیبریا تا هاوبەش بێت لەم سزایەی ئەو. سۆنیاش یەکێکە لەو کەسانەی کە کۆمەڵگا ڕەتیان کردوەتەوە و بە هۆی هەژارییەوە بە ناچار دەستی داوەتە لەش فرۆشی تا بتوانێت یارمەتی خێزانەکەی بدات.

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا تێدەگەین کە ڕاسکۆلنیکۆفیش هەر وەك پیاوی ژێر زەمینی ((سەرقاڵی خۆی)) بووە و ویستویەتی تا خۆی لە کۆمەڵگاکەی جیا بکاتەوە: ((هەستی دەکرد کە وەك مەقەس خۆی لە هەموو کەسێك و هەموو شتێك بڕیوە.)) ئەو لە ژوورێکی بەرتەسك و تاریکدا دەژێت کە هیچ خولیایەکی بۆ بە جێهشتنی ئەوێ نییە. ئاشکرایە کە زیندانی بوونی بە خواستی خۆی بووە. ئەویش هەر وەك پیاوی ژێر زەمینی لە ڕووی لاسارییەوە خۆی زیندانی کردووە:

لاساریم کرد.....دواتر وەك جاڵجاڵۆکەیەك خزام و خۆم لە سووچێکی خۆمدا حەشاردا.....تۆ ئەو هێلانە مشکەی منت بینیوە، تۆ هاتویت بۆ ئەوێ.....بەڵام لە گەڵ ئەوەی کە ڕقم لەم کونە بوو، حەزیشم نەدەکرد ئەوێ بەجێبهێڵم.

راسکۆلنیکۆفیش هەر وەك پیاوی ژێر زەمینی حەز دەکات دژ بە ڕێساکان بوەستێتەوە. ئەویش ڕێك هەر وەك پیاوی ژێر زەمینی مرۆڤەکانی خۆش نەدەویست: ((تەواوی ئەو کەسانەی کە دیانیبینی هەستی هێڵنجیان لا دروست دەکرد ـــ روخساریان، شێوازیان، ڕێکردنیان، هەموو ئەمانە ئەویان تووشی هێڵنج دەکرد.)) بۆ نموونە سەرنج بدەنە هەستی ئەو بەرامبەر بە ئەو پیرەژنە سوود خۆرە:

پیرەژنێکی شەست ساڵانی وردیلەی سیس و چرچ بوو بە چاوێکی زاقی دوژمنانە، هەروەها کەپوویەکی بچووکی نوك تیژی هەبوو، بە دەوری ملە درێژە سیساوەکەی کە لە لاقی مریشك دەچوو، پارچەیکی تەنکی دڕاوی لێپێچا بوو. پاڵتۆیەکی کاڵەوبووی پیسیش بەردەوام لە سەر شانی بوو.

کوشتنی کەسێك کە وا دیاربێت ئەوەندە نەفرەت هێنەر بێت کارێکی ئاسانە، کەسێك کە وابزانی ((ئەسپێیەکە)) ((ئەسپێیەك کە دڵ تێکدەدات، بێ کەڵکە، زیانی هەیە.))

بەهامنشێوە کە فیلیپ راڤ دەڵێت، راسکۆلنیکۆف زۆربەی کاتەکانی تەرخان دەکرد بۆ ((هێنان و بردنی بیرکردنەوەکانی لە ژوورە خەزێنەئاساکەی.)) ئەویش ڕێك هەر وەك پیاوی ژێرزەمینی ((پڕە لە تووڕەییەك کە لە ئەنجامی سووکایەتی پێکردن و نا ئارامییەك تووشی هاتووە بۆ دەربازبوون لەم ژیانەی کە لە داو دەچێت؛ تەنانەت ئەگەر خۆیشی لە پێناودا بکاتە قوربانی.))[8]

ئەگەر خوێنەران گومانیان لەوەدا هەبێت کە راسکۆلنیکۆف میرات گری پیاوی ژێرزەمینییە، کەسێك کە هەندێك لە بیرۆکەکانی دژە پاڵەوانە پێشووەکەی دۆستۆیڤسکی جێبەجێ دەکات، ئەوا دۆستۆیڤسکی خۆی ئەم گومانە بە تەواوی دەڕەوێنێتەوە. لە جێگایەك لە ڕۆمانەکەدا راسکۆلنیکۆف ڕووبەڕووی کەسێك دەبێتەوە کە یەکەمین کەسە ئەو بە بکوژ ناو دەبات و دواتریش خۆی هەوڵدات کە دان بە کوشتنەکەدا بنێت:

لە ناکاو تارماییەك دەرکەوت ـ تارمایی هەمان پیاوی ژێرزەمینی دوێنێ...پیاوەکە هیچی نەوت" دواتر لەناکاو خۆی بۆ دانەواند و لە بەرامبەریدا کڕنوشی برد....

راسکۆلنیکۆف هاواری کرد: ((مەبەستت چییە؟))

پیاوەکە لە سەرخۆ وەڵامی دایەوە: ((من تاوانبارم.))

((تاوانت چییە؟))

((بیرۆکەی خراپ))

و ئەم دوو کەسە سەیری یەکتریان کرد.[9]

کەواتە راسکۆلنیکۆف کەسایەتییەکە کە هەمان تایبەتمەندی پیاوی ژێر زەمینی هەیە و بە تایبەت لەم بیروڕایەی پیاوی ژێر زەمینیشدا هاوبەشە کە مرۆڤەکان ئازادن. بەڵام مرۆڤەکان ئازادن تاوەکو چ بکەن؟ ئازادن کە تەنیا بەرامبەر بە کۆمەڵگا و خودا بەردەوام سەرکێشی بکەن تا سەربەخۆیی خۆیان بسەلمێنن؟ بە دڵنیاییەوە کارێکی بەمشێوەیە مرۆڤەکان خۆشبەخت ناکات، دەبێت هۆکارێکی پۆسۆتیڤ مان بۆ ژیان

هەبێــت. پیــاوی ژێرزەمینــی ئامــانجێکی بەمــشێوەیەی نییــە و بــە شێوەیەکی سەرەکی هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە بەردەوام گلـەیی دەکـات و ناڕازییە و هیچ کردەوەیەك نانوێنێت. راسکۆلنیکۆف بڕیـار دەدات کـە دەبێت کردارێك ئـەنجام بدات: ((دەبێـت کارێـك بکرێـت.....هەرچییەك دەبێت با ببێت، ئـاخیری دەبێـت کارێـك بکرێـت و کردەوەیـەك ئـەنجام بدرێت...)) ئەو کردەوەیەی کە بڕیاری ئەنجامدانی دەدات، ئەنجامـدانی کوشتنێکی ترسناکە. بۆ؟

ئـەم تاوانــەی راســکۆلنیکۆف چــەند ئامــانجێکی گریمانــەیی لــە پشتەوەیە: سەرەتا ئەوەی کە ئەو تا ئاستی بەدبـەختێکی دامـاو هـەژار بـوو و ئەگـەر پارەشـی نـەبێت ناتوانێـت خوێندنەکـەی تـەواو بکـات و داهاتوویــەك بــۆ خــۆی بنیــات بنێــت. دووەم ئەمــەی کــە دەیــەوێت خوشکەکەی ڕزگار بکات و نەهێڵێت ئەو لە ڕووی ناچارییەوە مێـرد بـەو پیــاوە بکــات کــە خۆشــی ناوێــت و ((ڕۆحــی بفرۆشــێت)) چــونکە خوشکەکەی بـە هەڵـە بیردەکاتـەوەو وا دەزانێـت بـەم کـارە دەتوانێـت یارمەتی دایکی و براکـەی بـدات. سـێیەم، بـە سـەختی کەوتووەتـە ژێـر بیرۆکەیەکی سوودگەرایانەی نوێ کە بووەتە باو، واش دەردەکەوێت کـە ئـەم بیرۆکەیـە تاوانەکـەی بۆ پاسـاو دەداتـەوە. دواتـریش ئـەوەی کـە راســکۆلنیکۆف خۆیــشی تیــۆرێکی هەیــە، تیۆرێــك کــە بەڕواڵــەت لــە تیۆرەکــەی نیــچە دەچــێت، تیۆرێــك کــە بــە ڕای ئــەو نوقــسانی و ڕەتکردنەوەی یاساکانی کۆمەڵگا باوەڕپێکراو و پاساوهەڵگر دەکات.

پێش توێژینەوەی هەر یەکە لەم هۆکارە گریمانییانە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە راسکۆلنیکۆف بۆچی ئەم تاوانەی ئەنجام داوە و بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بەڕاستی کام یەك لەم هۆکارانە پاڵنەر بوونە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە، بهێڵن با ئەم پرسیارە بخەینە روو کە ئایا دەکرێت ئەو لە بەرپەرسیاربوونی بەرامبەر بەم کردەوەیە ببەخشرێت، چونکە بە لایەنی کەمەوە ناڕادەیەك لە ژێر کاریگەری تیۆری کەسانی تر و لە بەر هەژاری و داماوی خۆی و خێزانەکەی ئەم کارەی کردووە؟

بە پێچەوانەوە دۆستۆیفسکی ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە هەمووومان لە هەر هەلوومەرجێکدا لە کۆتاییدا هەر بەرپرسیاری ئەو کارەیەن کە کردوومانە. ئەگەر خۆمان بە سەربازێك لە گۆڕەپانی شەترەنج دا هەژمار بکەین: سەربازانێکی بێ دەسەڵات، واتە خۆمان بدەینە دەست ئەم پاساوە کە ((هەموو شتێك لە ئەنجامی ژینگەی مرۆڤ خۆیەتی و مرۆڤ وەك خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نییە))، لە ڕاستیدا شتێکمان ڕەتکردووەتەوە کە ئێمەی لە ئاژەڵ و شت و مەکی بێ گیان جیا ناکاتەوە. تێڕوانینێکی وەها ئێمە لە مرۆڤ بوون دەخات. دۆستۆیفسکی ئەم بیروڕایە ڕەت دەکاتەوە کە تاوانبار بەرپرسیاری تاوانەکەی خۆی نەبێت، چونکە بیروڕایەکی بەمشێوەیە ڕەتکردنەوەی ئازادی و دەسەڵات و ئیرادەی تاوانبارە و ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو لە سزادان ببەخشرێت، سزایەك کە دەرفەتی ئەوەی دەداتێ تاوەکو قەرەبووی تاوانەکەی بکاتەوە و ببێتە مرۆڤێکی باش. دۆستۆیفسکی بە ئاشکرا تیۆری ئێستای سزادان قبوڵ دەکات. مارتین پرلماتێر بەم

شێوەیە ئەم تیۆرە شی دەکاتەوە: سزادان کارێکی پاساوهەلگرە، چونکە کەسێك کە تاوانێکی کردووە لە ڕاستیدا سزادانی ((هەڵبژاردووە))" بە سزادانی تاوانبار ئێمە ڕێزمان لەو هەڵبژاردنەی ئەو گرتووە.

ئەگەر وا سەیری هەڵبژاردنەکانمان بکەین کە وەك ئەوە وابن کە ئێمە خۆمان هیچ دەسەڵاتێکمان تێدا نەبووە، لە ڕاستیدا ئەوا هەڵبژاردنەکانی خۆمانمان بێ بەها و کەم نرخ کردووە. بە قازانجی ئێمەیە کە وەکو ((کەسێك)) دانمان پێدا بنێن، واتە بکەرێکی ئەخلاقی سەربەست، ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی حەزمان لێیە هەڵبژاردنەکانمان بەو کردەوانەی کە لە لایەن ئێمەوە بڕیاری لە سەر دراوە هەژمار بکرێن و ڕێزیان لێبگیرێت......[10]

ئاشکرایە کە ڕاسکۆلنیکۆف ئازادە ــ خۆی دەڵێت: ((هەموو شتێك بە دەستی مرۆڤ خۆیەتی)) ــ بەڵام زۆرجاریش نکوڵی لێدەکات: ((لە ناکاو هەستی کرد ئیتر ئازادی بیرکردنەوەو بڕیاردانی نییە، لەناکاو جارێك بۆ هەمیشە چارەنووسی بە تەواوی دەرکەوت.)) ئەو بە شێوەیەکی ئازدانە تووشی تاوانێکی ترسناك هاتووە و ئێستا دەبێت سزاکەی بکێشێت. بە ڕای دۆستۆیڤسکی بە هیچ شێوەیەك ئازارکێشانی ڕاسکۆلنیکۆف شتێکی خراپ نییە، چونکە دۆستۆیڤسکی بیروباوەڕی وایە، ((ئازارکێشان ....بەنرخە....ئازارکێشان ئامانج و مەبەستێکی تێدا هەیە.))

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ئامانجی راسکۆلنیکۆف بۆ ئەنجامدانی ئەم کوشتنە. راسکۆلنیکۆف خۆی دەزانێت کە لەبەر ئەوە ئەم کارەی نەکردووە تا بتوانێت لەم ڕێگایەوە بەردەوام بێت لە سەر خوێندنەکەی لە زانکۆداو داهاتووشی مسۆگەر بکات. بە سۆنیا دەڵێت:

سەیرکە، هەر ئێستا بە تۆم وت کاتێك کە لە زانکۆ بووم نەمدەتوانی خەرجییەکانی خۆم دابین بکەم. بەڵام هەر تۆ دەزانی کە بە ئاسانیش دەمتوانی ئەم کارە بکەم......بەڵام کەوتمە لاساری و وەهام نەکرد.

و دواتر دەڵێت : ((ئەگەر تەنیا لە بەر برسیەتی ئەوم کوشتبێت......ئێستا....خۆشبەخت بووم!)) ئەو دەزانێت کە لەبەر هەژاری و داماوی ناچار نەبووە کە دەست بۆ کوشتن ببات. هەر ئەو ئەمەش دەزانێت کە لەبەر یارمەتی دانی دایك و خوشکەکەشی نەبووە کە ئەم تاوانەی کردووە: ((لەبەرئەوە نەمکوشت تا یارمەتی دایکم بدەم ــ ئەمە قسەی قۆڕە!)) راسکۆلنیکۆف لەبەر هۆکارێکی تر ئازادانە بڕیاری دا کە پیرەژنەکە بکوژێت.

راسکۆلنیکۆف پێش لە ئەنجامدانی تاوانەکەی، بێ ئەوەی کە خۆی بیەوێت گوێی لە قسەکانی قوتابییەکی زانکۆ لە گەڵ ئەفسەرێکی گەنج دەبێت. قوتابییەکە دەڵێت:

سەیرکە: لە لایەکی بابەتەکەوە پیرەژنێکی پیسی نەفامی بێ نرخی بێ مانای نەخۆش بوونی هەیە کە سوودی بۆ هیچ کەسێك نییە و زیانیش دەگەیەنێتە کەسانی تر و تەنانەت خۆیشی نازانێت بۆچی

زیندووە و هەر لەوانەیە بەیانی دوایین ئاهەنگی ماڵئاوای لە سەر بخوێنن.....لە لایەکی تریشەوە چەند گەنجێکی پڕ لە گڕوتین و وزە هەن کە بە هۆی نەبوونی پاڵپشتێکی داراییەوە تەفروتونا دەبن و لەکار دەکەون......بە پارەی ئەم پیرەژنە دەکرێت سەدان و هەزاران کاری باش رێکبخرێت و بهێنرێتە بەرهەم، پارەیەکی داماو کە لە کۆتاییدا دەبێتە نسیبی پەرستگایەك! دەکرێت لە ڕێگەی ئەم پارەیەوە سەدان و بەڵکو هەزاران ژیانی پێبخرێتە سەر ڕێڕەوێکی ڕاست، دەکرێت لە ڕێگای ئەم پارەیەوە دەیان خێزان لە هەژاری و داماوی ڕزگار بکەیت...ئەگەر کەسێك ئەوی دکوشت و پارەکەشی دەبرد تا بە یارمەتی ئەوە خۆی سەرقاڵی خزمتکردن بە مرۆڤایەتی و ئامانجی مرۆڤایەتی بکات، تۆ چیت دەوت؟ واتنەدەزانی کە ئەم هەزاران کارە باشە بە ئاسانی دەیتوانی قەرەبووی ئەو تاوانە بچووکە بکەنەوە؟ ڕزگارکردنی هەزاران ژیان لە فەساد و پۆخڵەوات لە پێناو ژیاندا....باشە، زانستی بیرکاری بەکاربێنە!

ئەمە بە ئاشکرا ئامازەیە بۆ تیۆری سوودگەرایی بینتام و میل کە دەڵێت کارێکی دروست لە هەر هەلومەرجێکدا ئەو کارەیە باشترین ئەنجامی خێری تەواوی، بە ڕەچاوکردنی هەمووان، لە خۆ گرتبێت. زۆرێك لە فەیلەسووفان وا بیردەکەنەوە دەکرێت ئەم تیۆرە بەوەی کە زیان بە کەسێك دەگەیەنێت لە پێناو یارمەتی دانی کەسانی تر، پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.[11] بەڵام ئایا ئامانجی راسکۆلنیکۆف بۆ کوشتنی ئەم پیرەژنە سوود خۆرە هەر ئەمەیە؟

نە. ئەو بە سۆنیا دەڵێت: ((ئەوم نەکوشت تاوەکو ببمە خاوەن دەسەڵات و پارە تاوەکو ببمە خێرخواز لە پێناو مرۆڤایەتیدا. ئەمەش قسەی قۆڕە!))

دەبێت لە تیۆرێکدا بە دوای ئامانجە راستەقینەکەی راسکۆلنیکۆف دا بگەڕێین کە ئەو لەو وتارەی کە نووسیبووی شیکردوەتەوە، تیۆرێک کە بە پێیّ ئەوە ئەو مرۆڤەکانی دابەش کردبوو بۆ دوو تاقمی مرۆڤی ((ئاسایی)) و مرۆڤی ((نا ئاسایی)) هەر بە پێی ئەمەش دیسانەوە مرۆڤە نائاساییەکان ژمارەیان زۆر کەمەو ((بەهرەو و توانای ئەوەیان هەیە کە شتێکی تازە باس بکەن.)) راسکۆلنیکۆف لە وتارەکەیدا دەڵێت مرۆڤە ئاساییەکان دەبێت پێڕەوی لە یاسا بکەن، لە گەڵ ئەوەی کە: مرۆڤی ((نائاسایی)) مافی ئەوەی هەیە.....هەڵبەت نەک مافێکی فەرمی، بەڵکو مافێکی تایبەتی، بهێڵێت کە ویژدانی....لەو جێگایانەی کە بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی پێویستە، لە هەندێك لەمپەڕ دا تێپەڕێت (هەر ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی لاوکی دەتوانێت بیرۆکەی ڕزگار کردنی مرۆڤ بێت).

دووبارە راسکۆلنیکۆف دەڵێت مرۆڤە نائاساییەکان ((مرۆڤە بالاّکانی)) داهاتوون و ((جیهان دەخەنە جووڵەو بەرەو لای ئامانجێك دەیبەن.)) راسکۆلنیکۆف لە کاتی ئەنجامدانی کوشتنەکە ئەوەی کە دەیەوێت بیزانێت ئەمەیە کە ئایا ئەویش دەکەوێتە ڕیزی ئەم مرۆڤە ((نائاساییانە)) یا نە، ئایا ((دەتوانێت تێپەڕ بێت یا ناتوانێت....ئایا مافی ئەوەی هەیە تێپەڕێنێت یا نە...))

ئەم تیۆرەی کە بووەتە ئامانجی تاوانەکەی راسکۆلنیکۆف لەوانەیە زۆر لەم تیۆرەی نیچە بچێت کە مرۆڤەکان دابەش دەکات بۆ دوو تاقمی ((سەروەر)) و ((کۆیلە))، کە تاقمی یەکەم بە راستی کەسانێکی داهێنەرن و مافی هەڵبژاردنی بەها تایبەتییەکانی خۆیانیان هەیە. بەڵام جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان ئەم دوو تێڕوانینەدا بوونی هەیە کە نابێت گوێی پێنەدرێت. ((سەروەری)) نیچە ((مرۆڤێکی باڵای)) توانایە، تەنیا خوازیاری دەسەڵاتە بەسەر خۆیدا، خوازیاری هەڵبژاردن و کردەوەیە بە پێی بەهاکانی خۆی تا بتوانێت تا دوایین ئاست تواناکانی پەرە پێبدات. بەڵام مرۆڤی ((نائاسایی)) راسکۆلنیکۆف خوازیاری سەپاندنی دەسەڵاتە بە سەر کەسانی تردا. ((مرۆڤی باڵای)) نیچە لە بەرفراوانترین مانای ووشەدا هونەرمەندە، بەڵام نموونەی مرۆڤی ((نائاسایی)) لای راسکۆلنیکۆف، ناپلیۆنە.

ئەگەر چ بەهەر شێوەیەك بوو راسکۆلنیکۆف توانی لە جێبەجێکردنی پلانی تاوانەکەی دا سەرکەوتوو بێت[12]، بەڵام دوای ئەوە هەرگیز ناتوانێت بەرامبەر بەم کارەی خەم سارد بێت. رێك وەك ئەوەی کە نیچە لە وەهای گوت زەردەشت دا سەبارەت بەو ((پیاوە پەشۆکاوەی)) کە خودای کوشتووە باسی دەکات:

بەڵێ، بیرۆکە شتێکی ترە و کردەوە شتێکی تر هەروەها وێناکردنی کردەوە شتێکی ترە: واتە شتێك کە هۆدار بێت لە نێوانیاندا نییە.

هەروەها وێناکردن، ئەم پیاوە پەشۆکاوەی، پەشۆکاو کرد. ئەو کاتەی کە کردەوەیەکی جێبەجێکرد لە گەڵ کردەوەکەی دا یەك بوو"

بەڵام دوای كردەوەكەی نەیدەتوانی بەرامبەر وێناكردنی ئەو كارەی كە كردبووی دان بەخۆیدا بگرێت......من ئەمە بە شێتی دوای كردار ناو دەبەم.

تارادەیەك نزیكەی سەدەیەك دوای ئەوەی كە دۆستۆیفسكی تاوان و سزا ی نووسی، ژان پۆل سارتەر شانۆنامەیەكی نووسی كە تیایدا ئەم بیرۆكەیەی نیچە بە شێوەیەكی ڕوونتر ڕەنگی دەدایەوە. لە شانۆنامەی مێشەكان[13] ی سارتەر، یەكێك لە كەسایەتییەكان ئیلكترایە[14] كە دەتوانێت بۆ تۆڵەسەندنەوەی كوشتنەكەی باوكی، پلانێك بۆ كوشتنی دایكی و هەروەها خۆشەویستەكەی دایكی دابڕێژێت، بەڵام لە جێبەجێكردنی پلانەكەیدا تووشی گرفتێك دەبێت و بە دڵنیاییەوە ئەگەر پلانەكەی جێبەجێ بكات ئەوا دوای ئەوە ناتوانێت بژێت و لە كۆتاییدا خۆی دەداتە دەست مێشەكان ((خودایانی هەست و سۆزەكان)) كە ئەمانە نوێنەرایەتی پاشگەز بوونەوە دەكەن. بەڵام براكەی ئەو، ئۆریستیس[15]، توانای ئەوەی هەیە هەر سێ قوناغەكە ببڕێت ـــ بیرۆكەی كردەوەكە، ئەنجامدانی كردەوەكە، و ژیان لە گەڵیدا دوای ئەوە ـــ بێ ئەوەی كە هەست بە پەشیمانی بكات. ئۆریستیس پاڵەوانی شانۆنامەكەیە و یەكێكە لەو كەسە دەگمەنانەی كە سارتەر بە نموونەی ئەو كەسانەیان دەزانێت كە ڕاستگۆیانە دەژین.

بەڵام ڕاسكۆلنیكۆف دوای كوشتنەكە دەكەوێتە گومانەوە، گومانێك كە ئازاری دەدات. ئەو تێدەگات كە ئەو، ئەو كەسە ناوازەیە نییە كە وا بیری لێدەكردەوەو دەیزانی كە وایە. بەهامنشێوە كە ئیسویدریگایلۆف

بە خوشکەکەی راسکۆلنیکۆف دەڵێت: وا دیارە ئەو ...وایدەزانی کەسێکی بلیمەتە ــ یان بەلانی کەمەوە ماوەیەک دڵنیا بوو کە کەسێکی بلیمەتە. ئەو سەبارەت بەم بیرکردنەوەی کە دەتوانێت تیۆرێک دروست بکات، بەڵام ناتوانێت بە بێ تێرامان بەربەستەکان تێک بشکێنێت و لە ئەنجامدا ناتوانێت کەسێکی بلیمەت بێت ڕەنجێکی گەورەی کێشا و هێشتا ئەو ڕەنجە دەکێشێت.

ئەگەر بەڕاستی راسکۆلنیکۆف بڕوای هەبوایەت کە ئەم کارەی دروستە دەیتوانی دوای کردنی ئەم تاوانە لە گەڵیدایە بژیبایەت. بە هەمانشێوە کە پورفیری سەبارەت بەو دەڵێت:

وادەزانم تۆ لەو کەسانەی کە ئەگەر تەنانەت ریخۆڵەکانیشیان دەربێنن بە زەردەخەنەوە سەیری ئەشکەنجەکەی خۆیان دەکەن ــ بەڵام بە مەرجێك خودایەك یا ئیمانێکیان پەیدا کردبێت

لە ڕاستیدا راسکۆلنیکۆف ((خودایەك یا ئیمانێکی)) پەیدا نەکردووە کە ئەوەندە پشت ئەستوور بێت بەوان کە هەر کارێك بکات پاساوهەڵگر بێت بۆی، تا بگاتە کوشتن. ئەو بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئەو بیرۆڕایانەیان کە پیرۆزە لایان دەست دەدەنە کارێك کە یاساکانی کۆمەڵگا پێشێل دەکەن، ئەم هێزە بیروباوەڕییەی نییە. راسکۆلنیکۆف سەبارەت بە ئەوانە دەڵێت: ((بیروباوەڕەکانی ئەوان پاڵپشتی زیرەکییانە، کەواتە مافی خۆیانە، لە گەڵ ئەوەی کە من پاڵپشتییەکی بەم شێوەیەم نەبوو و لە ئەنجامدا مافی ئەوەم نەبوو کە ئەم کارەی کە کردوومە بیکەم.))

بەڵام ئایا تەنیا هەر لە بەر ئەم هۆیەیە کە ئەو نەدەبوایەت دوو کەسی بکوشتبایەت؟ تەنیا لە بەر ئەم هۆیە کە بیروڕایەکی پێویستی بۆ بە ئەنجام گەیاندنێکی تەواوی ئەمە نەبووە؟ دۆستۆیفسکی وەڵامێکی نەرێ بۆ ئەم پرسیارە دەداتەوە، چونکە ئەو بە پێچەوانەی نیچە و سارتەر، بڕوای وایە کە بەها ڕەهاکان بوونیان هەیە. دۆستۆیفسکی ڕێژەگەرایی ئەخلاقی ڕەتدەکاتەوە، واتە ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێت کەسەکان و کۆمەڵگا دەتوانن بەهای تایبەت بە خۆیان هەبێت — واتە تێڕوانینێك کە لە پشتەوەی تیۆرەکەی راسکۆلنیکۆف لە وتارەکەیدا و لە فەلسەفەی نیچە و سارتەر دا ئامادەگی هەیە. لە تاوانی و سزادا بە تەواوی ئاشکرایە کە لە تێڕوانینی دۆستۆیفسکی دا کوشتن، تەنانەت کوشتنی ((ئەسپێ)) یەکی وەك پیرەژنە سوود خۆرەکە، چ کوشتنی لیزافێتای بێ تاوان، بە شێوەیەکی ڕەها هەڵەیە. بۆیە راسکۆلنیکۆف دەگاتە ((ساتی مەترسیداری دادپەروەری)).

سۆنیا، ژنی — پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کەسێك کە دەتوانێت راسکۆلنیکۆف ڕزگار بکات، دەڵێت : ((ئەمە منم کە دەتوانم دادوەری لە نێوان ئەوەدا بکەم کە چ کەسێك دەبێت بژێت و چ کەسێك نابێت ژیان بکات؟ ئەو بڕیاری ((ئامانجی ئامرازەکان بە پاساو دەزانێت)) کە ئەمە بڕیارێکە لە فەلسەفەی سوودگەرایی و ڕێژەگەرایی ئەخلاقی و لە کاکڵی تیۆرەکەی راسکۆلنیکۆف دا بوونی هەیە و ئەو زۆر بە ڕاشکاوانە ڕەتیدەکاتەوە.

کاتێـك کـه راسـکۆلنیکۆف دەڵێـت: ((سـەیرکە سـۆنیا، مـن تـەنیا ئەسپێیەکم کوشتووە ـ ئەسپێیەکی نەفرەت هێنەری بێ کەڵك و زیانی بەخش!))، سۆنیا بە سادەیی وەڵامی دەداتەوە: ((بەڵام ئەو ئەسپێیە مرۆڤ بوو!)) هەر ئەم وەڵامەش وا لە راسکۆلنیکۆف دەکات کە بڵێت:

ئـاە، منـیش دەزانم کـە بەراسـتی ئـەو تـەنیا ئەسـپێیەك نـەبوو، راستییەکەی سۆنیا من هەر خەریکی قسەی قۆڕم. ماوەیە کە مـن تـەنیا هەر قسەی قۆڕ دەهۆنمەوە.....))

بـەڵام چـۆن دەکرێـت بـە سـەرنجدان بـۆ تێڕوانینـە دژبەیەکـەکانی کەسەکان داکۆکی لە بەها ڕەهاکان بکرێت؟ دۆستۆیڤسکی لـە تـاوان و سـزا دا یەکـەمین تێڕامانـەکانی لـە پێنـاو وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە دەخاتە ڕوو. ئەم یەکەمین تێڕامانە دەبێتە بنەمایەك بۆ وەڵامدانـەوەی بۆ دووەمین پرسیاری سەرەکی فەلسەفی کە لای ئەو ورووژاوە : ((ئێمە دەبێـت چـۆن بـژین؟)) دەبێـت جـارێکی تـر سـەرنج بدەینـە سـۆنیاو بیروڕاکانی. سۆنیا دەزانێت و تێدەگات کە ئێمە پێویـستیمان بـە یەکـە: ((چۆن دەتوانی بـە بێکەسـی و بێ بوونـت لـە گـەڵ کـەس بـژیت؟ بـە شێوەیەکی ڕەها بێکەس و بێ بوونت لە گەڵ هیچ کەسێکدا؟)) سـۆنیا زۆر بە قووڵی کەسێکی مەزهەبییە: ((بـە بـێ بـوونی خـودا مـن چـیم؟)) هەر ئەم باوەڕبوونەی ئەو بە خوداشە کە بە ئەو دەڵێت کوشتن هەڵەیە. بـەرای ئـەو گرفتـی راسـکۆلنیکۆف ئەمەیـە کـە (( ڕووی لـە خـودا وەرگێڕاوە.)) دایکی راسـکۆلنیکۆفیش بـیروڕای سـەبارەت بـە ئـەو هـەر ئەمەیـە. لـەو نامەیـەی کـە راسـکۆلنیکۆف لـە لایـەن دایکییـەوە پێـی

دەگات، دایکی نووسیویەتی: رۆدیا، ئایا وەکو جاران بە رێك و پێکی دوعاکانت دەکەی، و ئایا هێشتا هاوکات هەر ئیمانت هەیە بە بەخششی خواوەندی نەجاتبەخشی ئێمە؟ لە ناخی دڵەوە نیگەرانی ئەوەم کە ئەم بێ ئیمانییەی کە ئێستا بووەتە باو کاریگەری لە سەر تۆش دروست کردبێت. ئەگەر وابێت، ئەوا دۆعات بۆ دەکەم.

دۆستۆیڤسکی بە ئاشکرا رەخنەگری ئەو ریفۆرم خوازە بێ خودایانەیە کە دەیانەوێت و ئومێدیش دەخوازن بە پێشێلکردنی کۆمەڵێك، جیهان بگۆڕن بۆ جێگایەکی باشتر بۆ ژیان. دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە کە ئەوانەی وا خوداو بەها ڕەهاکانی ئایین بەلاوە دەنێن، کەسانێکی مەترسیدارن. ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کە خودایەك بوونی هەیە کە دەستنیشانکەری چەند بەهایەکی ڕەهایە کە دەبێت پێڕەوییان لێبکەین، ئەو کاتە ڕێژەگەرایی راسکۆلنیکۆف و بیروباوەڕی بەوەی کە ((ئامانجی ئامرازەکە پاساو هەڵگر دەکات)) ڕووبەڕووی گومان دەبێتەوە. ئێستا دەکرێت لەوە تێبگەین کە بۆچی ئەم تاوانەی تا ئەو رۆژەی کە بە ڕاستی تۆبە بکات وەکو خۆرەیەك لەشی ئەو دەخوات. ئێستا دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئەو بە دەست ((نەخۆشییەك تا لێواری مردن)) ئازار دەکێشێت کە کێرگەگۆرد دەیوت ئەمە چارەنووسی ئەو مرۆڤە نائومێدانەیە کە ئەو خودە ئەبەدییەی خۆیان و ئەو خولقێنەری خودە ئەبەدییەیان واتە خودایان ڕەتکردووەتەوە:

نەخۆشی تا لێواری مردن، واتە ئەوەی کە ناتوانین بمرین ــــ بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەهایش دیارە کە هیوایەك بۆ ژیان نییە ــــ ئەگەر

مرۆڤ بیتوانیبایەت لە تاوی بێ هیوایدا بمردایەت، بەهامنشێوە کە لە تاوی نەخۆشیدا دەمرێت، ئەو کاتە ئەو شتەی ئەبەدییەی دەروونی، واتە ئەو خودەی دەبوایەت بیتوانیبایەت وەکو جەستەیەک کە بەدەست نەخۆشییەوە دەمرێت، بمرێت بەلام ئەمە ئەستەمە......مرۆڤی بێ هیوا ناتوانێت بمرێت" بەهامنشێوە کە ((چەقۆیەک ناتوانێت بیرۆکەیەک لەت لەت بکات)) بێ هیواییش ناتوانێت ئەو شتە ئەبەدییە، ئەو خودە کە بووەتە نوێنی بێ هیوایی؛ بسووتێنێت.......بەلام بێ هیوایی رێک خود دەسووتێنێت، بەلام ئەم خودە سووتێنەرە ئەوەندەش توانای نییە ئەوەی کە دەیەوێت بەدی بهێنێت.[١٦]

بەلام هێنانە گۆڕی بۆ ناو ئەم وێنەیە و لایەنگری لە بەها ڕەهاکان، دوو بابەت دەهێنێتە کایەوە کە تا دوایین کاری دۆستۆیڤسکی هەر یەخەیان بەرنەدەدا و لە دوایین بەرهەمی دا بوو کە سەرەنجام وەلامێکی بۆ ئەم دوو بابەتە دەستەبەر کرد: (١) ئەگەر خودایەک بوونی هەیە ئیتر ئێمە چۆن ئازادین؟ و (٢) لە گەڵ هەبوونی ئەم مرۆڤە بێ تاوانانەی کە لە ژیاندا ئازار دەکێشێن، ئیتر چۆن دەکرێت خودایەک بوونی هەبێت؟

جارێک واز لەم دوو بابەتە دەهێنین. ئاشکرایە کە لە ڕوانگەی دۆستۆیڤسکی ئەوەی کە راسکۆلنیکۆف بەرەو ئەنجامدانی کوشتن پاڵ پێوە دەنێت ، تەنیا باوەڕ نەبوون بە خودا نییە لای ئەودا. بەڵکو خۆپەرەستی و گۆشەگیری و غوورورەکەشی لەم نێوەدا کاریگەرییان هەبووە.[١٧] دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە کە ئێمە دەبێت بە دڵسۆزی و

خۆشەویستی نواندن بەرەو پیری یەکتر بچین. غورور بووەتە لەمپەرێك لە بەردەم ئێمە بۆ ئەم کارە. لە تاوان و سزا دا دۆستۆیڤسکی ئەم بیرۆکەیەش دەخاتە روو کە منالآن دەتوانن ڕێنوێنی کەرێکی باشی ئێمە بن بۆ رەفتارێکی دروست، چونکە ((مناڵەکان وێنەی مەسیحن)).

لە هەندێك بواردا راسکۆلنیکۆف لە گەڵ کەسانی تردا میهرەبانە. ئەو وەکو تەواوی ئێمە ئاڵۆزە و لە دەروونی خۆیدا لە گەڵ پۆچوونە خێر و شەڕەکاندا دەست و پەنجە نەرم دەکات. (پزیشك زۆسیمۆف[18] دەڵێت: ((مرۆڤێکی یەك لایەن و هەمامەنگ.....تا رادەیەك بوونی نییە)) ) هاورێکەی رازومیخین سەبارەت بە ئەو دەڵێت: ((ئەڵێی لە ناخیدا دوو کەسی دژبەیەك بوونیان هەیە کە بەردەوام جێگاکانیان لە گەڵ یەکدا دەگۆڕنەوە.)) راسکۆلنیکۆف کاتێك کە خەوێك دەبینێت کە زۆر لەو دیمەنەی لێدانی ئەسپەکان دەچێت کە دۆستۆیڤسکی لە گەنجیدا بینیویەتی، زۆر هەست بە بەزەیی دەکات بەرامبەر بەو ئەسپە، ئەگەر چ خۆیشی خەریکە دەست دەداتە کارێکی بەم چەشنە بەرامبەر بە پیرەژنە سوود خۆرەکە. ئەو یارمەتی خێزانی مارملادۆف دەدات هەروەها یارمەتی خوشکەی و دایکیشی دەدات. لە کاتی دادگایەکەیدا زۆرێك لەو کارە دلۆڤانانەیەی ئەو، کە پێش دەستپێکی رۆمانەکە کردوویەتی، باس دەکرێن و هەر ئەمانەش یارمەتی کەمکردنەوەی سزاکەی دەدات.

بەلآم لەو سەردەمانەی کە پاڵنەری خێر لە ناخیدا بە خەبەر دێن لە خۆی تورە دەبێت. وادەزانێت کە ئەم پاڵنەرانە نیشانەی لاوازی ئەون،

نەك مێژی. هەر بۆیە دوای ئەوەی کە کچێکی گەنجی سەرخۆش، کە پێش ئەوە ناموسیان هەتك کردووە، لە دەستی کەسێکی بێ نرخ کە دەیەوێت کەڵکێکی خراپی لێوەرگرێت ڕزگار دەکات، لە گەڵ خۆیدا دەڵێت: ((بۆ خۆم لەم بابەتەدا تێوەگلاند تاوەکو یارمەتی بدەم؟....بهێڵە با هەر بە زیندوویی یەکتر بخۆن!))

ئەمە هەر عەشقی سۆنیایە کە لە کۆتایی ڕۆمانەکە ڕاسکۆلنیکۆف ڕزگار دەکات: ((ئەو نیگایە عەشقی تێدا بوو" نەفرەتەکەی هەر وەك تارماییەك لە پێش چاو نوقم بوو)) ڕاسکۆلنیکۆف ئەمجارەیان ئەو دەرفەتی دووبارە لە دایك بوونەی کە پێشتریش سۆنیا لە کاتی خوێندنی چیرۆکی ئیلعازیردا پێشکەشی کردبوو، قبوڵ دەکات. ئەگەر چ ڕاسکۆلنیکۆف زۆر بە توندی دژی ئەم پێشنیارە وەستابوویەوە، چونکە ((غوروری زۆر بە سەختی بریندار دەکرد))، سەرەنجام تێدەگات کە ئەم هەلە بۆ ئەو و بۆ تەواوی ئێمە، تاقە هیوایە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە خۆشبختی بژێت: ئێستا بەرەبەیانێکی نوێ، گەڕانەوەیەکی تر بۆ ژیان لە ئەودا سەری هەڵدا بوو. ئەوەی کە ژیان دووبارە بە ئەوانی بەخشی بوو، عەشق بوو، دڵی هەریەکەیان سەرچاوەیەکی ناکۆتای ژیان بوو بۆ دڵی ئەوی تریان.

لە کۆتاییدا وا دەردەکەوێت کە ڕاسکۆلنیکۆف هەم مرۆڤێکی باشتر و هەم خراپتریشە لە پیاوی ژێر زەمینی. ئەو دوو کەسی کوشتووە کە زۆر خراپترە لەو کارە ناشرینانەی کە پیاوی ژێر زەمینی دەیتوانی بیکات، بەڵام لە باتی ئەمە سەرەنجام لە بەهای عەشق تێگەیشتووە و

تەنانەت ئامادەیە کە ئیمان بە خودا بێنێت ( لە گەڵ خۆیدا دەڵێت : ((چ دەبوو ئەگەر ئێستا بیروباوەڕەکانی من وەك بیروباوەڕی ئەو (سۆنیا) بووبایەت؟) ئەو لەوە تێگەیشتووە کە گەڕان بە دوای مانا لە ژیاندا بەرەو پیری چوونی تیۆرەکان و عەقڵ نییە — ((وەك چۆن کەسێك پشت بە عەقڵی دەبەستێت هەنگاوم نایە ناو ئەم کارە، هەر ئەمەش بەرەو تیاچوونی بردم)) — بەڵکو بەرەوپیری چوونی هەستەکانە: ((ئێستا تەنیا دەیتوانی هەستی پێبکات، مشتومڕی عەقڵی جێگای ژیانی داگیرکردبوو.)) کەسێك کە پێشتر هەستی دەکرد کە ((من خۆم کوشت، نەك ئەو پیرەژنە))، ئێستا هەلی ئەوەی بۆ رەخساوە ((بەرەبەرە لە دایك ببێتەوە)): لێرەوە چیرۆکێکی نوێ دەستپێدەکات، چیرۆکی نوێ بوونەوەی لە سەرخۆی مرۆڤێك، بەرە بەرە لە دایك بوونی ئەو، تێپەڕینی بەرە بە بەرەی ئەو لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر، چیرۆکی ئاشنا بوونی ئەو لە گەڵ ڕاستییەکی نوێ کە پێشتر بە شێوەیەکی ڕەها لای ئەو نەناسراو بوو. دۆستۆیڤسکی لە بەرهەمەکانی تریدا دەلاقەیەك بەرەو ڕووی ئێمە بۆ ((ئەم ڕاستییە نوێ یە دەکاتەوە کە پێشتر بە شێوەیەکی ڕەها نەناسراوبوو))، کە ئەم ڕاستییە هەمان شێوازی ژیانی ئایدیالیستانەیە و بە ڕای ئەو گەیشتن بەمە دەبێت ئامانجی ئێمە بێت. دۆستۆیڤسکی لە بەرهەمەکانی تریدا ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن سوود لەم ئازادییەمان ببینین، دووبارە هەر وەك جاران ئەوەمان پیشان دەدات کە بە چ شێوەیەك نابێت کەڵك لە ئازادی خۆمان وەربگرین.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

1.Edward Wasiolek, Dostoevsky, The Major fiction, The M.I.T. Press, Cambridge, Mass., 1946, p. 67.
2.Rodion Romanovich Raskolnikov
لە زمانی ڕوسی دا راسکۆلنیکوف لە ووشەی Raskol nik وەرگیراوە کە بە ماناى ((کەسی ناڕازی)) دێت.
3.David McDuff, Introduction to Crime and Punishment, Penguim Books, New York, 1991, pp. 15-16.
4.Razumikhin
5.Marmeldov
6.Luzhin
7.Svidrigailov
8.Philip Rahv, "Dostoevky in Crime and Punishment", in Dostoevsky, A Collection of Critical Essays, edited by René Wellek, Prentic-Hall, Englewwood Cliffs, New Jersey, 1962, p. 24.
٩.لێرەدا خۆدانەواندن و کڕنوش بردن زۆر گرنگە. کڕنوش بردن بەرامبەر بە کەسێك، ناوەڕۆکێکە کە بەردەوامی هەیە لە ناو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دا. مرۆڤەکان بەرامبەر بە ئازار و بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە گەڵیاندا هەست بە نزیکی دەکەن کڕنوش دەبەن.لە تاوان و سزادا راسکۆلنیکۆف کڕنوش بۆ سۆنیا دەبات و دواتر دەڵێت: ((کڕنوش بردنم بۆ تۆ نەبوو بەڵکو لە بەر ئازاری تەواوی مرۆڤایەتیدا کڕنوشم برد.))
10.Martin Perlmutter, "Desert and Capital Punishment," in Morlity and Moral Controversies, Fourth edited by John Arthur, Prentice-Hall, Upper Saddle River, N.J., 1996, pp. 390 and 396.

١١.هەر ئەم شێوازی قبوڵکردنە بوو کە لە سەدەی بیستەمدا بۆ نموونە دەبلیو.دی.راسی.گەیاندنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئەرکی خراپە نەکردن (واتە ئەرکی هەوڵدان بۆ کەمترین ئازار و کێشە نانەوە) لە ئەرکی چاکەکردن (ئەرکی پەرەپێدانی زیاتری خێر و چاکی) لە فۆرم بەندی تیۆرە ئەخلاقییەکەی لە بواری ئەرکە ئەخلاقییەکان جیا بکاتەوە و ئەم بیروڕایە بهێنێتە ئاراوە کە ئەرکی یەکەم گرنگترە لە ئەرکی دووەم و لە ئەو لەسەرترە.

١٢.بەلام تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنی پیلانەکەشی وا دێتە پێش تەنیا دوای ئەو زنجیرە ڕووداوانە دەکەوێت کە دەستی دابووە کردنیان: ((بەلام ئێستا کە وا ڕۆژ بووەتەوە..... چارەی هەموو شتێک ڕوون بووەتەوە، وەکو ئۆتۆمبیلێک هێرشی بۆ برد: ئەڵێی کەسێک دەستی گرتبوو و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا.....دەڵێی لێواری کراسەکەی کەوتبووە ژێر تایەی ئۆتۆمبیلەکە و ئۆتۆمبیلەکە ئەوی بۆ ناو خۆی پەلکێش دەکرد.))

13.The Files

14.Electra

15.Orestes

16.SØren Kierkegaard, The Sickness Unto Death, in A Kierkegaard Anthology, edited by Robert Bretall, Princeton University Press, Princeton, N.J., 1946, pp. 341-2.

١٧.هەڵبەت دۆستۆیڤسکی ئەنجامی هەموو ئەمانە دەداتە پاڵ بێ بڕوایی ڕاسکۆلنیکۆف بەرامبەر بە خودا.

18.Zosimov

## ٥

# گەمژە و شەیتانەکان

((پرێنسی ئازیز ..... دروستکردنی بەهەشت لە سەر زەوی کارێکی ئاسان نییەو وا دیارە تۆ ئەمە بە ئاسان دەزانی: بەهەشت بابەتێکی زۆر ئەستەمە" پرێنسی ئازیز زۆر ئەستەمترە لەوەی کە لە ناو ئەم دڵە جیاوازەی تۆدا دەردەکەوێت))

*(پرێنس ش.بۆ پرینس میشکین لە گەمژە)*

((تۆ ئیتر ناتوانی لە نێوان خێر و شەڕدا جیاوازی بکەیت چونکە ئیتر خەڵکەکەت ناناسی.....))

*(شاتوف بە ئیستاڤرۆگین لە شەیتانەکان)*

دۆستۆیڤسکی کاتێك کە دەستی کرد بە نووسینی گەمژە سەبارەت بە بیرۆکەی سەرەکی ئەم ڕۆمانە ئەمەی بۆ ئاپالون مایکۆف[1] ی شاعیر نووسی:

دەمێکە بیرۆکەیەك ئازارم دەدات....بیرۆکەی وێنە کردنی مرۆڤێکی کامڵ. بەڕای من هیچ کارێك لەمە ئەستەم تر نییە......پێشتر ((وێنەیەکی ناجێگرم)) لەم بیرۆکەیە خستووەتە ڕوو، بەڵام ئەمە کەمە.[2]

دۆستۆیفسکی ((چەند وێنەیەکی ناجێگیر))ی لە ڕەفتاری مرۆڤێکی ئایدیالیستی، هەروەها کەڵک وەرگرتنی باش لە ئازادی، لە کردەوەکانی لیزا لە دەستنووسەکانی ژێرزەمین و سۆنیا لە تاوان و سزا دا، دابوو بە دەستەوە.

بەڵام بە شێوەیەکی باش بە هیچکام لەم کەسایەتییانە سەرقاڵ نەبیوو. ئێستا لە گەمژە دا دۆستۆیفسکی هەوڵدەدات کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەی بکاتە بەرجەستەکەری ئەم بیروڕایەی کە ئێمە دەبێت چۆن بژین.

گەمژە چیرۆکی گەنجێکی بیست و شەش ساڵەی منداڵ ئاسایە[3] بە ناوی لیف نیکایلۆڤیچ میشکین، کە دوای ڕزگاربوونی لەو نەخۆشییە سەختەی کە خستبوویە جێگاوە، لە وڵاتێکی ترەوە دێت بۆ پترزبۆرگ. وەك ئەو کەسە زنجیرکراوەی ((ئەشکەوتی))[4] ئەفلاتون کە زنجیرەکەی دەبڕێت و دەگاتە دانایی و هەروەك زەردەشتی نیچە، پرێنس میشکینیش وا بیردەکاتەوە کە گەیشتووەتە ئاستێك لە دانایی کە کەسانی تر پێینەگیشتوون و حەزی لێیە باسی دانایی خۆی لە گەڵ ئەوانی تردا بکات و یارمەتییان بدات زۆرترین سوود لە ژیانیاندا بینین. بەڵام کاردانەوەی کەسانی تر بەرامبەر بە ئەو ڕێك وەك کاردانەوەی ئەو

زنجیرکراوانەی کە ڕزگارنەبووە و گومانیان بەرامبەر بەم کەسە زنجیرکراوەیە کە گەیشتوەتە دانایی لەو نموونەیەی ((ئەشکەوتی))ئەفلاتۆن، هەروەها لە کاردانەوەی ئەو خەڵکانەش دەچێت کە لە بازاڕدا بەرامبەر بە زەردەشتی نیچە هەیانبوو. گاڵتەجاڕی پێدەکەن، بە ((گەمژە)) ناوی دەبەن، چونکە بەڕای ئەوان ئەم هیچ تێگەیشتنێکی بەرامبەر بەوەی کە بەڕای ئەمان پێی دەوترێت واقیع، و ئەوەی کە بە گومانی ئەوان لە ژیاندا گرنگە، نییە. زەردەشت یەکسەر تێدەگات کە چین و توێژەکانی خەڵك ((لێی تێناگەن و ئەو، ئەو زمانە نییە کە قسە بۆ ئەم گوێیانە بکات)). لە ئەنجامدا بڕیار دەدات هەوڵی خۆی بۆ ئەو ژمارە کەمەی خەڵك بخاتە گەڕ کە لەوانەیە لێی تێبگەن. بەڵام پرێنس میشکین پێداگری دەکات لە سەر ئەرکەکەی خۆی، واتە هەوڵدانی بۆ یارمەتی دانی کەسانی تر، ڕێك وەك ئەو کەسە زنجیرکراوەی ئەفلاتۆن کە دەگاتە دانایی" لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی کە دەیویست یارمەتییان بدات، پرێنس میشکینیش هەر وەك ئەو کەسە زنجیرکراوەی ئەفلاتون کە گەیشتووەتە دانایی، بەرەو لە ناو چوون دەبەن.

ئەو کەسانەی کە پرێنس میشکین هەوڵدەدات یارمەتییان بدات ئەمانەن: جەنەراڵ و خاتوو ئیپاتچین[7] (لەوانەیە لە خزمە دوورەکانی پرێنس بن) و هەر سێ کچەکەیان، ئالکساندرا، ئادلایدا و ئاگلایا، ئیڤلگینەکان[8] واتە خێزانێکی هەژار و لە خۆبایی، کە سەرۆکی ئەم خێزانە کەسێکی زاڵمی درۆزنە کە بەردەوام سەرخۆشە، لیبدیف[9]

کارمەندێکی گەندەڵە، بەڵام راستگۆیە" ئیپولیت تیرنتیف[10]، ئەو نهیلیستە گەنجەی کە سیلی هەیەو لە مردندایە، ناستاسیا فیلوپوڤنا[11]ی جوان، کەسێکە دەرکراوەو هیچ داڵدەیەکی نییە و هەروەها دەزگیرانەکەی پارفیۆن راگوژین[11] جاروبار دەچێت بە پیرییەوەو جاروباریش پشت گوێی دەخات. پرێنس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناستاسیا کەسێکە کە لە نێوان ئەمانەدا زیاتر لە هەموویان پێویستی بە یارمەتی هەیەو شیاوی یارمەتییە. بۆیە پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ دەکات و ئەو ناستاسیا لەو ژنەی کە بە راستی عاشقی بووە و هەروەها ژنەکەش عاشقیەتی واتە ئاگلایا ئیپانچین، لە سەرتر دەزانێت. ئەم کارەی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا رادەیەك هەموان دوورەپەرێزی لێبکەن و ناستاسیاش بە دەستی راگوژین کە کەسێکە زۆر ئیرەیی بە هەموو شتێك دەبات بکوژرێت و هەر راگوژین خۆیشی بە تەواوەتی عەقڵی لە دەست بدات.

ئەمە چۆن وا دەبێت کە ئەم پیاوە بەم هەموو نیازە باشەی کە هەیەتی و بڕیارە کە ببێتە نموونەی ئەو مرۆڤە ئایدیالیستییەی دۆستۆیڤسکی، ببێتە مایەی ئەم هەموو ڕەنج و ئازارە؟

بە بڕوای دۆستۆیۆڤسکی ئەمە ئاشکرایە کە ئەم جیهانەی ئێستا ئامادەی قبوڵکردنی ئەم مرۆڤە ئایدیالیستییەی ئەو نییە. دۆستۆیڤسکی پاڵەوانەکەی دەخاتە ناو جیهانێکی ڕاستەقینەوە، جیهانێك کە لە ڕاستیدا هیچ کارێکی بۆ ناچێتە پێش ــ ((گەمژەیەك بوو کە نەیدەزانی جیهان بە چ شێوەیەکە و هیچ جێگایەکی لەم جیهانەدا نەبوو)) ــ تا

پیشانی ئێمەی بدات چ دۆڵێکی قووڵ لە نێوان ئێمە، یان بە لانی کەمەوە لە نێوان خەڵکانی ڕۆژگارەکەی و مرۆڤە ئایدیالیستییەکەی ئەودا هەیە. لە کۆتایی رۆمانەکەدا شێت بوونی ڕێگایەکی ناچارییە بۆ چوونەوە دەرەوەی ئەو لە جیهانێك کە هی خۆی نییە.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ئادلایدا ئێپانچین پێشبینی ئەو ڕۆڵە دەکات کە بڕیارە پرێنس میشکین لە ژیانی ئەو کەسانەی کە بڕیارە بینوێنێ و پەیوەندییان لە گەڵدا ببەستێت: ((تۆ فەیلەسووفی و ئامادەی ئەوەی کە ئێمە ئامۆژگاری بکەی.)) بە شێوەیەکی سەرەکی میشکین لە ڕێگای ئەو ڕێنماییانەی، هەندێك جاریش لە ڕێگای ئەو وتارە کورتانەی ئەمە بۆ ئێمە دەردەخات کە ئێمە لە ڕوانگەی دۆستۆیڤسکی دا دەبێت چ تێڕوانینێکمان بۆ ژیان هەبێت و چۆن لە گەڵ کەسانی تردا ڕەفتار بکەین. سەرەتا، دۆستۆیڤسکی بە ئیلهام وەرگرتن لەو ئەزموونەی کە چووبووە بەردەم سەکۆی لە سێدارەدان، دەڵێت ئێمە دەبێت نرخی هەر ڕۆژێکی ژیان بزانین و ئێمە دەتوانین و دەبێت هەستی پێبکەین کە خۆشبەختین:

ئەگەر هێزی دڵخۆشی و خۆشبەخت بوونم هەیە، ئیتر خەم و ناخۆشی و گیروگرفتەکانی من چ گرنگییەکیان هەیە؟ دەزانن، من تێناگەم چۆن کەسێك دەتوانێت بە لای دارێکدا تێپەڕێت و لە سەیرکردنی ئەو دارە هەست بە بەختەوەری نەکات! چۆن کەسێك دەتوانێت لە کاتێکدا لە گەڵ کەسێکدا قسە دەکات لە خۆشەویستی ئەو کەسە دڵی پڕ لە شادی نەبێت!.....بیری لێبکەنەوە کە لە یەك هەنگاودا

چەند شتی جوان دەبینین، ئەو شتانەی کە لای بەدبەختترین کەسەکانیش هێشتا هەر جوانن! سەیری منالەکان بکەن، سەیری خۆرنشینی ئیلاهی بکەن، سەیری گژوگیاکان بکەن کە چۆن دەڕوێن، سەیری ئەو چاوانە بکەن کە لە ئێوە دەڕوانن و خۆشتانیان دەوێت..........

میشکین دەڵێت کە لە کاتی پەیوەندیمان لە گەڵ کەسانی تردا نابێت لە خستنەڕووی هەست و سۆزەکانمان دا شەرم بکەین: ((بۆ بەرامبەر بە هەست و سۆزەکانتان شەرمەزارن؟....ئەمانە باشترین هەست و سۆزەکانی ئێوەن، ئیتر بۆ لە خستنە ڕوویان شەرم دەکەن؟.....دەزانن کە ئێوە تەنیا خۆتان ئازار دەدەن.)) پرێنس ئەمەش دەزانێت کە ئەمە چەنێك گرنگە کە لە گەڵ کەسانی تردا ((ڕاشکاو بەڵام بەڕێز)) بین.جگە لەمە دەبێت بە دوای ئەو شتانە بین کە ئێمە لە گەڵ کەسانی تردا دەکات بە یەکێك نەك بە دوای ئەو شتانەی کە ئێمە لە کەسانی تر جیادەکاتەوە:

زۆر جار مرۆڤ وا دەزانێت کە هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوان مرۆڤەکاندا نییە، لە گەڵ ئەوەی کە مرۆڤەکان چەند شتێکی هاوبەشیان هەیە ـــ مەبەستم ئەمەیە کە مرۆڤەکان بە هۆی تەمبەڵییەوەیە کاتێك لە یەك دەڕوانن هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان خۆیان و کەسانی تردا نابینن و دابەش دەبنە سەر تاقمی جیاواز.....

کاردانەوەی یەکێك لە بیسەرەکانی ئەم وتارەی تایبەتەی پرێنس میشکین، نموونەیەکە لە کاردانەوەیەکی گشتی بەرامبەر بە ئەو.

جەنەراڵ ئیپانچین قسەکانی میشکین دەبڕێت تا پرسیارێکی سەبارەت بەو شتە لێبکات کە لەم ژیانەدا گرنگییەکی زۆری هەیە: ((تۆ هەر دراوێکت هەیە؟))

چونکە ئێمە هاوبەشییەکی زۆرمان هەیە، چونکە هەموومان بە یەکسانی مرۆڤین، کەواتە دەبێت لە گەڵ یەکدا ڕەفتارێکی یەکسانمان هەبێت. لە سەرەتای ڕۆمانەکە پرێنس بە چەشنێك لە گەڵ خزمتکارەکەی جەنەراڵ ئیپانچین قسە دەکات کە وەك بڵێی هاوشانی ئەوە، هەڵبەت کە خزمتکارەکە لەم کارەی ئەو نیگەران و پەرێشان دەبێت چونکە ئەو ڕیساباوەکان تێکدەشکێنێت. خزمتکارەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە یان پرێنس ئامانجێکی سوودمەندانەی لەم ڕەفتارە هاوڕێیانەی لە گەڵ ئەودا هەیە یا ((لە ڕاستیدا هیچ پێگەیەك بۆ خۆی دانانێت، چونکە پرینسێکی ڕۆشنبیر ئەگەر پێگەکەی خۆی بزانێت هیچ کاتێك نایەت لە ژووری پرسگەدا دابنیشێت و کێشەو بابەتە تایبەتییەکانی خۆی لە گەڵ خزمتکارێکدا باس بکات.)) دووەم گریمانی ئەم خزمتکارە ڕاستە، بەلام بەڕای دۆستۆیڤسکی، دانەنانی هیچ پێگەیەك بۆ خۆت شتێکی خراپ نییە. بەڕای دۆستۆیڤسکی ئەم هەستکردن بە پێگەی تایبەتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا زۆر جار دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پەیوەندییەکی خوازراو لە گەڵ کەسانی تردا.

هەر بۆیە ڕێنمایی ئەو ئەمەیە، لەباتی ئەوەی کە نیگەرانی پێگەکەمان بین، دەبێت خۆ بەزلزان نەبین:

((پرێنس زۆر بە دڵپاکییەوە ئامادە بوو ئەمە قبوڵ بکات کە لە نێوان کەسانی دەوروبەریدا لە سۆنگەی ئەخلاقییەوە لە ئاستێکی نزمترە لە هەموویان.))

ئەم ڕاستییەی کە پرێنس بەم شێوە خۆبەزل زان نییە ئاگلایا ئیپانچین نیگەران دەکات: ((بۆ ئەوەندە ئاستی خۆت دادەبەزێنیت و خۆت بە کەمتر و هیچتر لەم کەسانە پیشان دەدەیت؟....بۆ هیچ غوروورێکت نییە؟)) ڕیسای ئەم دونیایە بەم شێوەیەیە کە ئەگەر خۆت وا نەزانی کە باشتری لە کەسانی تر ئەوان تۆ لە خراپیش بە خراپتر دەزانن. بەڵام دۆستۆیڤسکی دەزانێت کە ئەمە لەخۆبایی بوونی مرۆڤەکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئەنجامی ڕەفتاری کەسانی تروە ئازاریان پێبگات و لە ئەنجامدا ئەوانیش بەرامبەر ئەمە ئازار بەمان بگەیەنن و بەمشێوەیەیە کە ((سووڕی ئازاردان و ئازارکێشان)) دروست دەبێت، سووڕێك کە خۆبەزلنەزانینی پرێنس دەتوانێت تێکی بشکێنێت.

لە سەروو ئەمانەوە دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە ئێمە دەبێت بە بەزەییەوە سەیری ڕەنج و مەینەتی کەسانی تر بکەین. پرێنس ئەو ساتە سەرنجی بەرەو ناستاسیا دەچێت کە ئەو دەبینێت، چونکە ((لەو ڕوخسارەدا ئازارێکی گەورە بەدیدەکرا کە کاتێك سەیری دەکرد هەستی بەزەیی تێدا دروست دەکرد.))

ژیانی ناستاسیا و ئەوەیشی کە کردوویەتی جێگای مشتومڕی زۆری تێدا دەبێتەوە، بەڵام دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت دادوەری لە سەر کەسانی تر بکەین.

پرێنس میشکین سەبارەت بە ژنێکی ((بەرەو هەڵدێرچووی)) تر کە پێش هاتنی بۆ پترزبۆرگ یارمەتی دابوو دەڵێت:

دڵم زۆر پێی دەسووتا....هیچ کاتێك، هەر لە سەرەتاشەوە ئەوم بە تاوانبار نەدەزانی، هەر پێم وابوو کە ئەو تەنیا کچێکی داماو و بەدبەختە.حەزم لێبوو هێوری کەمەوەو تێبیگەیەنم کە هیچ پێویست ناکات تا خۆی لە هەمووان بە کەمتر بزانێت.

دنێل شا دەڵێت ئەمە ئەو کەمووکورتیە ترازیدییەیە کە لە کەسایەتی پرێنس میشکین دا هەیە. دەڵێت ئەمە شتێکی باشە کە پرێنس ڕاستگۆ و خۆبەزل نەزان و میهرەبانە، بەڵام فراوانکردنەوەی بازنەی بەزەیی تا ئاستێك کە ئیتر نەتوانی هیچ کەسێك بە هۆی هەڵەکانی ڕابردووی پێ تاوانبار بکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر ئەو مرۆڤێکی ئایدیالیستی نەبێت، چونکە شتێکی بەم شێوەیە دژ بەم ڕایەی دۆستۆیڤسکی خۆیەتی ئەمەی کە ئێمە بەرامبەر بە کردەوەکانمان بەرپرسیارین:

پرێنس بە پێی ئەو سروشتە لێبوردەییەی کە بەرامبەر بە هەموو کەسێك هەیەتی، کەسانی دەوروبەری بە بەرپرسیاری کردەوەکانی خۆیان نازانێت. بە هۆی ئەم کەمتەرخەمییە، ئەو ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت ئەو وێنە ئایدیالیسیەی خودایەك بێت کە بەرجەستەبووی ناو جەستەیەکە، هەر ئەم نەتوانایییەی ئەو کەمووکورتیە ترازیدییەکەی ئاشکرا دەکات. ئەو بە شێوەیەك لە گەڵ کەسانی دەوروبەری هەڵسوکەوت دەکات کە وەك بڵێی ئەوەی کە پێشتر بەسەریاندا هاتووە

هەر لە پێشدا قەدەر بووە بۆیان، هەر بۆیە ناکرێت ئەوان بە هۆی هەڵەکانیانەوە لۆمە بکرێن.[١٢]

ئەگەر چ بێ گومان ئەمە ڕاستە کە بەزەیی پرێنس لە کۆتایی ئەم بەسەرهاتەدا بەرەو تراژیدی دەچێت، بەڵام من لە گەڵ ئەم ڕایە نیم کە دۆستۆیفسکی دەبوایەت ئەمەی بە کەموکورتییەکی کەسایەتی ئەم ڕۆمانەی بزانێت. دۆستۆیفسکیش ڕای وایە (١) ئێمە کەسانێکی ئازادین بەرامبەر کردەوەکانمان و بەرپرسیاریشین لێیان، هەروەها ڕای وایە (٢) مرۆڤەکان نابێت کەسانی تر تاوانبار بکەن، بەڵکو دەبێت بەرامبەر بە ئەوان بەزەییان هەبێت. ئەم دوو بیروڕایە تەبان لە گەڵ یەکدا. دۆستۆیفسکی دەڵێت کە تەنیا دەبێت خودا و ئێمە خۆمان دادوەری لە سەر کردەوەکانمان بکەین. ( سەرنجی ئەوە بدەن ئەگەر چ پرێنس لە گەڵ کەساتی تردا زۆر نەرمی دەنوێنێت و بەزەیی پێیان دێتەوە، بەڵام بەرامبەر بە خۆی زۆر توندە.) ئێمە نابێت دادوەری لە سەر کەسانی تر بکەین (ا) چونکە ئێمە لە پێگەیەکی وەهادا نین، (ب) لە بەر ئەم هۆیەش کە ئێمە بەڕادەیەکی ئاشکرا باشتر لەو کەسانە نین کە بمانەوێت تاوانباریان بکەین و (ج) لە بەر ئەم هۆیەش کە دادوەری ئێمە کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێت. مرۆڤەکان تەنیا دەبێت لە ناوەوە دڵیان بگۆڕێت تاوەکو بتوانن ڕەفتاریان بگۆڕن. لۆمەی کەسانی تر وا دەکات کە غورووریان بەرەو هەڵچوون و شەڕ هان بدات و لە ئەنجامدا تەنیا دەیانەوێت وەڵامی ئەو لێدانەی کە بەریان کەوتووە بە لێدانێکی تر بدەنەوە، هەر بۆیە خراپتر دەبن نەك باشتر.

دۆستۆیڤسکی جگە لە پێداگری لە سەر بەزەیی پێداهاتنەوە، ڕێنمایی ئەوەش دەکات کە ((خۆمان)) هەڵسین بە ئەنجامدانی کاری میهرەبانانە، چونکە ئەم ڕێگایە کاریگەرییەکی زیاتری دەبێت بە بەراورد لە گەڵ لۆمە کردن لە سەر کەسانی تر:

چۆن دەکرێت ئەوە بزانین کە بە کارێکی میهرەبانانە چ تۆیەک بۆ هەمیشە لە ڕۆحی کەسێکدا دەچێنرێت.....ئەم پەیوەندییەی کەسێك لە گەڵ ئەوی تردا چ گرنگەییەکی لە داهاتووی هەریەکەیان هەیە؟.....کاتێك کە بە کارە باشەکانت، ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت، تۆیەك دەچێنی و ((خێراتی)) خۆت دەکەی، بەشێك لە کەسایەتی خۆت دەدەیت و بەشێك لە کەسایەتی کەسێکی تر داگیر دەکەی" بەمشێوەیە وەك یەکتان لێدێت.....هەموو ئەو تۆیانەت کە چێناوە و لەوانەیە کە ئێستاش بیرت چوویێتنەوە، ڕەگ دادەکوتن و گەشە دەکەن" ئەو کەسەی کە ئەم تۆیەی لە تۆ وەرگرتووە، هەر خۆی تۆیەك لە دڵێکی تردا دەچێنێت.چۆن دەبێت ئەوە بزانرێت کە مرۆڤ چ بەشێکی لە شێوەبەخشین بە چارەنووسی مرۆیی هەیە؟[١٤]

گرفتێکی تری تەبابوون و ناتەبابوونی سەرەکی تر لە فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی دا هەیە، کە ڕۆمانی گەمژە دەیهێنێتەوە کایەوە بۆیە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت. ئایا مومکین بوونی مرۆڤی ئایدیالیستی، کە میشکین نموونەکەیەتی، هەڵوەشێنەری ئەم ڕایەی دۆستۆیڤسکی یە کە مرۆڤەکان سروشتێکی ئاڵۆزیان هەیە و بەلانی کەمەوە خاوەنی دوو کەسایەتین؟ نە. دۆستۆیڤسکی تەنانەت لە گەمژەشدا هاوکات هەر

بیروڕای وایە کە ئێمە لە ناوەوەی خۆماندا پاڵنەری خێر و شەڕ مان هەیە. بەڵام لە گەمژە دا پێداگرییەکی زۆرتر لە سەر ئەم بیروڕایەی دەکاتەوە کە ئێمە دەتوانین زاڵ بین بە سەر پاڵنەرە شەڕەکانی خۆماندا و ڕێگای ئەمەش تەنیا کارکردنە بە گوێرەی پاڵنەرە خێرەکانمان.

تەنانەت پرێنس میشکین، لە کاتێکدا کە گوێ بیستی یەکێك دەبێت کە دان بەوەدا دەنێت کە ئەو لە یەك کاتدا هەم بیرکردنەوەی ((باش)) و هەم بیرکردنەوەی ((خراپ)) بە مێشکیدا دێت، هەر خۆیشی دان بەم بابەتەدا دەنێت:

دوو بیرکردنەوە لە یەك کاتدا بە مێشکدا دێن. ئەمە زۆرجار ڕوو دەدات. هەر بۆ منیش زۆر جار ئەمە ڕوو دەدات. بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت من وانازانم کە ئەمە شتێکی باش بێت....شەڕ کردن لە گەڵ ئەم بیرکردنەوە دوو لایانەدا زۆر ئەستەمە.....باشترین کار ئەمەیە کە بڕیار بدەیتە دەست ویژدانتەوە.....وانازانی ئەمە باشترین کارە؟

دوایین بەشی ئەم وتە پێشڕوخراوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوەی کە هەر کەسێك دەبێت چ بکات و چ نەکات بدرێتە دەست ویژدانی هەرکەسێك خۆیەوە، چونکە مرۆڤەکان ئازادن. (ئەمە بنەماو کۆڵەکەی ناکۆکی بەردەوامی دۆستۆیفسکی یە بەرامبەر بە ڕێگە چارە زۆرە ((کۆمەڵایەتییەکان)) بۆ چارە کردنی گرفتی نەتوانایی ئێمە لە باشی و بە خۆشی پێکەوە ژیان لە گەڵ کەسانی تردا.) باشترین کارێك کە دەتوانین بیکەین ئەمەیە کە بە کردەوە ڕێگای ژیانی باش بە

کەسانی تر پیشان بدەین. بە دڵنیاییەوە کەسێك بە تەنیایی ناتوانێت کارێکی زۆر بکات لە پێناو گۆڕانی ڕەفتاری کەسانێك کە وا ڕاهاتوون لە کۆمەڵگایەکدا بژین کە پارە بڕیاری تێدا دەدات، ئەو مرۆڤانەی کە حەزیان لێیە لەبەرچاوی کەسانی تردا گرنگ بێنە پێش چاو، حەزیان لێیە غوروریان بپارێزن و تەنیا بیر لە ((مافی)) خۆیان دەکەنەوە نەك لە کەسانی تر هەر بۆیە پرێنس میشکین لە کۆتاییدا لەو ئەرکەی خۆی لە پێناو یارمەتی دانی کەسانی تردا شکست دەهێنێت:

پرێنس شکست دەهێنێت، بەهامنشێوە کە مەسیح شکستی هێنا، و ناتوانێت ڕێگری لەو ئازارە بکات کە بە یەکتری دەیگەیەنین، بەلام ئامادەیە ئۆباڵی ئەم شکستە لە ئەستۆ بگرێت و بە ئیمانی خۆی وێنەیەك لە خۆی بدات بە دەستەوە کە باشترین وێنە بێت.....پرێنس ناتوانێت جیهان بگۆڕێت، بەلام ئەم کارە لە جیهانێك کە پڕ بێت لەم پرێنسانە دەکرێت.[15]

لە هەمان کاتدا پرێنس کەسانی دەوروبەری خۆی وا لێدەکات کە نەختێك ڕامێنن و بیر لە ڕەفتارە کاولکەرەکانی خۆیان بکەنەوە. چ کەسێك ئەوە دەزانێت کە ئەو چەندین تۆی لە دڵی ئەواندا بۆ داهاتوو چێناوە و دۆستۆیڤسکیش بێ گومان چەندین تۆی لە کاتی هەوڵدانی بۆ بەرجەستەکردنی مرۆڤە ئایدیالیستییەکەی لە دڵی خوێنەرانی دا چێناوە. دۆستۆیۆفسکی لە کاتی وەسف کردنی کەسایەتی خەڵکانی ڕوسیا لە دەستنووسە ڕۆژانەکانی نووسەرێك دەڵێت:

مرۆڤەکان بە تەنیا پێک نەهاتوون لە کەسی خراپ" لە نێوان مرۆڤەکاندا کەسانی پاک و بێگەردیش بوونیان هەیە — ئەویش چ کەسانێکی پاک و بێگەرد! ئەمانە دەدرەوشێنەوەو ڕێگا بۆ هەمووان ڕوناک دەکەنەوە!

لە گەمژە دا دۆستۆیڤسکی دەیویست وێنەیەکی ئایدیالیستی لە چۆن ژین بەسەربردن بۆ ئێمە بخاتە ڕوو. لە شەیتانەکان، پێچەوانەی ئەم کارە دەکات: ئەو نموونەیەک لە خراپترین شێوازەکانی بەکارهێنانی ئازادی خۆمان بۆ ئاشکرا دەکات. کەسایەتییەکی زۆر لە نێوان ئەم ڕۆمانەدا هەیە کە بیروباوەڕێکی زۆر ترسناکیان هەیە و کاری پێدەکەن و تەرمێکی زۆر لە دوای خۆیان بە جێدەهێڵن.

لێرەدا ئیتر تێڕوانینەکانی راسکۆلنیکۆف و تاوانەکەی، بەرامبەر بە بیرکردنەوەو ڕەفتارە ترسناکەکانی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە کە لە ژیاندا ((ڕێگای خۆیان ون دەکەن)) و دەهێڵن تا خراپترین لایەنی سروشتیان زاڵ بێت بە سەریاندا، کاڵ دەبێتەوە.

دۆستۆیڤسکی زۆر بە جیددی نیگەرانی ئەو سەردەمە ترسناکە بوو کە تێیدا دەژیا: ((چەند ساتێکی مێژوویی لە ژیانی مرۆڤەکان دێت کە لەوێدا دزێوترین و بێ شەرمانەترین و ناحەزترین کارەکان ڕەنگە بە گەورەیی ڕۆح لە قەڵەم بدرێت......)) یەکێک لە سەرەکیترین ڕووداوەکان لە شەیتانەکان دا بە پێی بنەمای تاوانێکی ڕاستەقینەیە کە لە هەواڵەکاندا باسکرابوو و کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە وێنەیەکی هەجو ئامێزن لە کەسانی هاوسەردەمی ئەو و هەندێکی

تریشیان کاریکاتۆرێکن لە هەندێك لە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە. چونکە ئێمە تەنیا دەمانەوێت سەرقاڵی فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی بین بۆیە لایەنە مێژووییەکانی ئەم ڕۆمانە ڕەچاو ناکەین و هەر بۆیە تێڕوانینی ((شەیتانەکان)) دەخەینە چوارچێوەی سەرنج دانەوە و ئەوەی کە ئەمان چۆن گەیشتوون بەم تێڕوانینانە و چۆن دوو کەس لە ئەوان بەلانی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت، چاك بوون.

ڕووداوی ڕۆمانەکە لە شارێکی بچووکدا دەگوزەرێت، شارێك کە ئیستپان تروفیمۆڤیچ ڤێرخونسکی[16]، واتە یەکێك لەو لیبرالانەی کە لە دەیەی ١٨٤٠دا ڕێزێکی زۆری لێدەگرا، لەوێدا دەژی و بە شێوەیەك پێگەی خۆی لە دەست داوە کە بە خێراتی ڤارڤارا پتروڤانا ئیستاڤرۆگین[17] ژیانی بە سەر دەبات، ئەم کەسە بەرچاوترین کەسایەتی کۆمەلایەتی شارە.

ئەم پەیوەندییە هاوڕێیانەی ئەوان، کە تارادەیەك وەك پەیوەندییەکی سۆزدارییە کە هێشتا ئاشکرا نەبووبێت، بیست ساڵە بەردەوامە، واتە لەو کاتەوەی کە ئیستیپان ڤێرخونسکی لای ڤارڤارا ئیستا ڤۆرۆگین دامەزرا تاوەکو ببێت بە مامۆستای کوڕەکەی نیکۆلای لە ماڵەوەدا. یەکێك لە شەیتانە ترسناکەکانی ئەم ڕۆمانە نیکۆلای ئیستاڤۆرۆگینە. ئەوی تریان کوڕەکەی ئیستیپان ڤێرخونسکی یە واتە پیۆتر، کە ئەم کوڕەی لە هاوسەری پێشوویەتی، واتە ئەو کوڕەی کە ئیستپان پێش هاتنی ئەو بۆ ناو ئەم ڕۆمانە، ئەوی تەنیا دوو جار بینی بوو. ئەم بیروڕایەی دۆستۆیڤسکی ئاشکرایە کە دەبێت بۆ گەڕان بە

دوای ئەو چاوگە نیهیلیستییەی کە زەینی ئیستاڤرۆگین و پیۆتر ڤێرخونسکی ژەهراوی کردووە و ئەوانی بەرەو کرداری نەفرەت هێنەر بردووە ، لە لیبرالیسمی ئیستپان ڤێرخونسکی دا بەدوایدا بگەڕێین. چونکە ئیستپان ڤێرخونسکی مامۆستای یەکێکیان بووە و ئەوی تریشیان کوڕیەتی. لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئیستپان ڤێرخونسکی سەبارەت بەو تێڕوانینە سۆسیالیستییانەی کە ئەم دوو کوڕە پەرۆشی بووەن دەڵێت:

ئەمە ڕێك هەمان بیرۆکەی ئێمەیە ــ بەڵێ بیرۆکەی ئێمە ! ئێمە ئەم تۆیەمان چاند و ئاومان دا....بەلام، ئای خودایا، چ شێوەو ڕوخسارێکیان پێ بەخشیوە، چەنێك لایانداوە، لووت و گوێیان بڕیوە !...ئایا دەمانویست بگەینە ئەم ئەنجامە؟ ئێستا چ کەسێك دەتوانێت ئاسەوارێك لەو بیرۆکە سەرەکییە لەم وتانەدا بدۆزێتەوە؟

تێڕوانینە لیبراڵەکانی ئیستپان ڤێرخونسکی بە شێوەیەکی ڕەها تێڕوانینێکی ڕۆشنبیرانەن. ئەو لە خستنەی ڕووی ئەم تێڕوانینانەی لە گفتوگۆ و مشت و مڕەکانی ناو دێوەخانەکان چێژ دەبینێت ئەویش بە زمانێکی لیبراڵی کە ناوبەناو بە دەستەواژەی فەرەنسی دەیڕازێنێتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەو هیچ کاتێك مەبەستی بە کردەیی کردنی ئەم تێڕوانینانەی نییە. ئەو لە گەڵ واقیع دا بە تەواوی نامۆیە. جارێکیان یەکێك لە سێرفەکانی لە قوماردا دەدۆڕێنێت و لە ئەنجامدا ئەم پیاوە تووشی تاوان دێت. ئیستپان ڤێرخونسکی و (کەسانی هاوشێوەی ئەو) بەرپرسیاری کەڵەکە کردنی شەیتانەکانن لە شاردا. بۆیە دەکرێت

ئیستپان خۆیشی لەم ڕۆمانەدا بە شەیتانێکی بچووک هەژمار بکرێت. ئیستاڤرۆگین ئاڵۆزترین کەسایەتی ئەم ڕۆمانەیە. دەبینین کە ((جەنابی ڤێرخونسکی توانیبووی ڕۆبچێت بە قوڵایی ڕۆحی نیکۆلای گەنجدا)) و چەشنێك لە ((ئاواتی پیرۆزی و گەڕان بە دوای ئەبەدییەت)) لە ناو ڕۆحیدا دروست بکات. بەڵام نیکۆلای دوای تەواو کردنی خوێندنەکەی لە پترزبۆرگ، ((خۆی دابووە دەست ژیانێکی سەرەڕۆیی شێتانەوە)) و ((ڕەفتارێکی درندانەی)) گرتبوویە بەر و تەنانەت دەست درێژی کردبووە سەر کچێکی منداڵ.[18] کاتێك کە بۆ ماوەیەك دەگەڕێتەوە ماڵ بە ڕەفتارە سەیروسەمەرەکانی هەمووان سەرسام دەکات، ڕەفتاری وەك گازگرتن لە گوێی قایمقام، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرنجی کەسانی دەوروبەری بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت و هۆکارێکی ئەمەش جوانی ڕوخساری ئەوە.

نازناوی ((سەمبولی جوانییان)) لە ئەو نابوو، ((بەڵام لە هەمان کاتدا شتێکی ناشرینیش لە ئەودا بەدی دەکرا))، چونکە ((ڕوخساری وەك دەمامێك دەهاتە پێش چاو.))

ئیستاڤرۆگین پێش ئەوەی کە بێت بۆ ئەو میوانییەی ماڵی دایکی، سێ ساڵی لە سەفەردا بردووەتە سەر. ئەو کەسانەی تر کە لەم میوانییەن پێکهاتوون لە: ڤێرخونسکی یەکان (کوڕ و باوك)، کە سەر لە نوێ تازە بە یەك گەیشتوون، خاتوو دروزدۆڤ[19]، واتە پیرە ژنی شار" هەروەها لیزا، کچی ئەم ژنە"کاپیتان لێبیاتکین[20]، کەسێکی شەقاوەی بەردەوام مەست، هەروەها خوشکە کەم ئەندام و کەم عەقڵەکەی ئەو،

ماریا" داشا شاتوف[21] کە پەروەردەکراوی دەستی خاتوو ئیستاڤرۆگینە، هەروەها براکەی داشا، ئیڤان، کە ئەمانە هەر دوویان پێشتر لە سێرفەکانی خاتوو ئیستاڤرۆگین بوون. کەمێك دوای هاتنی ئیستاڤرۆگین، ئیڤان شاتوف زلەیەکی قایم دەدات لە ئیستاڤرۆگین، بەڵام ئیستاڤرۆگین دان بەخۆیدا دەنێت و لە وەڵامی زلەکەی ئەودا، ئەم زلەیەك لە ئەو نادات.

ئەمە تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئەو تاوەکو ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە. ئەو توانای ئەو هەیە زاڵ بێت بە سەر هەستەکانی خۆیدا.

بە درێژایی ڕۆمانەکە تێدەگەین کە شاتوف کۆمەڵێك هۆکاری باشی بە دەستەوەیە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو زلەیەی کە دایبوو لە ئیساڤرۆگین. ئیستاڤرۆگین لە گەڵ ژنەکەی شاتوف دا کە هەفتەیەك دوای هاوسەرگیرییەکەیان ئەوی بەجێهێشتبوو؛ کۆمەڵێك شت لە نێوانیاندا ڕوویدابوو. لە گەڵ ئەمەشدا پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە کە لە گەڵ خوشکەکەی شاتوفیش دا پەیوەندی هەبووە، ((ئەمانە هەمووی بە هۆی ڕیسوایی و بێ مانابیە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە))، کە دواتریش وازی لێهێناوە. ئەمانە لە ئەنجامی ئەوە ڕوویانداوە کە ئەو دەزگیرانی لە گەڵ لیزا دوزۆف بەستووە، هەڵبەت بە شێوەیەکی نافەرمی. بەڵام شاتوف بە هۆی هیچ یەك لەم هۆکارانە نییە کە زلە دەدات لە ئیستاڤرۆگین.

ئەو لە بەر ئەوە زلە دەدات لە ئیساڤرۆگین چونکە ئیستاڤرۆگین لەو جێگا بەرزەی کە شاتوف لە زەینی خۆیدا بۆ ئەو دروستی کردبوو

((کەوتووەتە خوارەوە)). سەردەمێك شاتوف وەك مرۆڤێکی گرنگ لە ئیستاڤرۆگینی دەڕوانی. ئەمە ئیستاڤرۆگین بوو کە شاتوفی فێری فەلسەفەیەك کردبوو کە شاتوف بە تەواوی بوونیەوە بڕوای بەوە هێنا بوو، لە گەڵ ئەوەی کە ئیستاڤرۆگین هەر ماوەیەکی کورت خۆی سەرقاڵی ئەم فەلسەفەیە کردبوو، ڕێك بەهامنشێوەی کە ماوەیەك هەر دوویان خۆیان سەرقاڵ بە سۆسیالیسم کردبوو. بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە عەقڵ و زانست ناتوانن خێر و شەڕ لە یەك جیابکەنەوە، بۆیە بەردەوام ڕۆڵێکی لاوکی و دووەمیان لە ژیانی خەڵکیدا بینیوە. ئەوەی کە بەڕاستی لای خەڵکی گرنگە ((چوونە بە دوای خودا)) کە ((ڕۆحی ژیانە)) هەروەها ((کەسایەتی خەڵکی)) و ((تێگەیشتنیانە لە خێر و شەڕ)). هەروەها شاتوف ئەم بیرۆکەیەشی بۆ ئەمانە زیاد کردووە کە هەر وڵاتێك خودای خۆی هەیە بەڵام تەنیا یەك خودای ڕاستەقینە بوونی هەیە و ئەوش خودای خەڵکانی ڕوسیایە. شاتوف ڕەخنەگری مەزهەبەکانی ترە ــ بە تایبەت مەزهەبی کاتۆلیکی ڕوسی، کە بەڕای ئەو ئەم مەزهەبە هەوڵ دەدات تا دەوڵەت بکات بە خودا. شاتوف ڕەخنەگری سۆسیالیزمیشە، کە سۆسیالیزم هەوڵ دەدات بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا تەنیا بە پێی بنەمای ڕێساکانی زانست و عەقڵ، ببێتە نکۆڵیکەری خودا.

دۆستۆیڤسکی بیروڕاکانی خۆی لە زمانی شاتوف دەردەبڕێت و هەروەها کوژرانی شاتوف بە دەستی پیۆتر ڤێرخونسکی، ڕابەری تاقمێکی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی کە شاتوف وازی لێیان هێناوە،

یەکێکە لە قێزەونترین کردەوەکان و گەورەترین تراژیدی ئەم ڕۆمانەیە. ئەم کوشتنە بە هۆی ئەوەوە زۆر قێزەونە چونکە ئەگەر چ بە شێوەیەکی سەرەکی پێداگری لە سەر ئەم بیانووە دەکرێتەوە کە شاتوف ((زۆر نهێنی دەزانێت)) و ((لەوانەیە کاربەدەستانی لێ ئاگادار بکاتەوە))، بەلام لە ڕاستیدا پیۆتر ڤێرخونسکی هۆکارێکی زۆر شەیتانی تری بۆ کوشتنی ئەو هەیە. ئەو تەواوی ئەندامانی تاقمەکە ناچار دەکات لەم کوشتنەدا هاوکاری ئەو بکەن، بۆیە ئیتر دیار ناکەوێ کە بکوژ کێ یە، بەمشێوەیە ئەو دەتوانێت ((هەر هەموویان بە حەڵقەیەك بە هۆی ئەو خوێنەی کە ڕشتوویانە پێکەوە ببەستێتەوە)) و بەمشێوەیە ((هەر هەموویان دەکات بە بەندەو کوێلەی خۆی.))

تراژیدی ئەم کوشتنەی شاتوف خەریکە ڕوودەدات. تەنیا لەمپەرێك لە بەرامبەر شاتوف بۆ ئەوەی کە بە تەواوەتی فەلسەفەکەی خۆی قبوڵ بکات ئەمەیە کە ئەو خۆی بڕوای بە خودا نییە. کاتێك کە ئیستاڤرۆگین لێی دەپرسێت کە ئایا ئیمانی بە خودا هەیە، ئەو پرتەپرتی پێدەکەوێت:

شاتوف بە هەڵەشەیەکی زۆرەوە لە ژێر لێوەوە وتی:

((من ئیمانم بە ڕوسیا هەیە. من ئیمانم بە کەنیسەی ئەرتەدۆکسی یۆنانی هەیە. من ـ من بڕوام بە جەستەی مەسیح هەیە ـــ من بەو ڕاپەرینەی کە لە ڕوسیادا ڕوو دەدات ئیمانم هەیە ـــ من ئیمانم هەیە ـــ)).

((بەلام بە خودا چ؟ بە خودا؟))

((من ــ من ئیمان دەهێنم بە خودا))

شاتوف هیوای ئەوە بوو کە ئیستاڤرۆگین ئەو لەم دوایین گێروگرفتە ڕزگار بکات ــ ((تەنیا تۆ دەتوانی ئاڵاکە بەرزبکەیتەوە!)) بەڵام ئیستاڤرۆگین ئەم هیوایەی ئەو بێ هیوا دەکات. لە ئەنجامدا موعجیزەیەکی دوو لایەنە، گەڕانەوەی ژنەکەی شاتوف و لە دایک بوونی منداڵەکەی ئیستاڤرۆگین، وا لە شاتوف دەکات کە ژیان بە تەواوەتی لە باوەش بگرێت و دەکرێت بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو، سەرەنجام ئیمان دێنێت بە خودا. بەڵام بەداخەوە یەکسەر دوای ئەم ڕووداوانە دەبێت کە ئەو دەمرێت.

ئیستاڤرۆگین، ئیلهام پێدەری تێڕوانینی کەسایەتییەکی تریش بووە بۆ ژیان، تێڕوانێنێک بۆ ژیان کە زۆر نیگەران کەرە. ئەم کەسایەتییە کیریلۆفە[٢٢] کە ئەندازیاری بیناسازییە و تازە هاتووە بۆ شار و زۆربەی کەسایەتییەکانی تری ڕۆمانەکە ئەو دەناسن. ئەویش لە یەکێک لەو ئاپارتمانە دەژی کە پێشتر شاتوف لەوێدا بووە، جارێکیش لە گەڵ شاتوف ڕۆشتووە بۆ ئەمریکا تا ئەو هەلوومەرجە نالەبارەی کرێکارەکانی ئەوێ لە نزیکەوە ببینێت، بەڵام دوای ئەوە نێوانیان تێک دەچێت. کیریلۆف ڕێک وەک ئیستاڤرۆگینی مامۆستای، پەژارەی ئازادی هەیە. کیریلۆف دەڵێت: ((تەنیا کاتێک دەگەینە ئازادییەکی تەواو کە ئیتر هیچ گرنگ نەبێت بۆمان کە بژین یا نە. ئەمە ئامانجی هەموو کەسێکە.)) کیریلۆف باوەڕی وایە هیچ خودایەک بوونی نییە. مرۆڤەکان خودایان دروست کردوە تا بەمشێوەیە بتوانن ڕووبەڕووی ئازار و ترس

بینەوە.((کەسێك کە بتوانێت زاڵ بێت بە سەر ئازار و ترسدا خۆی دەبێت بە خودا.)) ئەو پلانی ئەوە دادەڕێژێت خۆی بکوژێت تاوەکو پیشانی بدات کە زاڵ بووە بە سەر ئازار و ترسدا و گەیشتووە بە ئازادییەکی تەواو و هەر خۆی بووە بە خودا. ((من خۆم دەکوژم تاوەکو.....ئەم ئازادییە ترسناکە تازەیەم پیشان بدەم.)) ئەو وادەزانێت کە ئەم خۆکوشتنە پەڕەیەکی نوێ لە مێژووی مرۆڤ دەکاتەوە.

بەلام کیریلۆف وەك زۆربەی کەسایەتییەکانی بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی تووشی ناسازگارییەك هاتووە. هەر لەو کاتەی کە خەریکە پلانی خۆکوژییەکەی دادەڕێژێت، دەبینین کە عاشقی ژیان و بە تایبەت منالەکانە. کاتێك کە ئیستاڤرۆگین ئاماژە بۆ ئەم ناسازگارییە دەکات، کیریلۆف دەڵێت: ((ئەمە چ گرفتێکی هەیە؟ بۆ ئەم دوو شتە تێکەڵ بە یەك بکەین؟ ژیان شتێکەو ئەوی تریش شتێکی تر.)) هاوکات کیریلۆف باوەڕی وایە ((هەموو شتێك باشە ــــ هەموو شتێك. بۆ کەسێك کە خۆی بزانێت هەموو شتێك باشە، ئەوا هەموو شتێك باشە،)) تەنانەت ((کەسێك کە لە برسیەتی دەمرێت یان کەسێك کە دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێك و سوکایەتی پێدەکات))[٢٢] ئەمە شتێکی باشە بۆ کەسێك کە باوەڕی وایە هەموو شتێك باشە.

وا دێتە پێش چاو کە کیریلۆف، بەلانی کەمەوە لە رووی عەقڵییەوە، بیرۆکەی ئازادی مرۆڤی لە ئاستە بەرزەکەیدا قبووڵ کردووە. مرۆڤ هیچ سنوورێکی نییە. هیچ خودایەك نییە کە بڕیاری بە

سەردا بسەپێنێت و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و مرۆڤ بەس خۆی بیەوێت دەتوانێت تەنانەت قێزەونترین کردەوەکانیش بە باش بزانێت.[24]

لە گەڵ ئەوەی کە فەلسەفەکەی کیریلۆف لای دۆستۆیێفسکی نەفرەت هێنەرە، بەڵام ئەو ئەم کەسایەتییە لە ناو رۆمانەکەدا ........وێنە دەکات. کیریلۆف گیرۆدەی بیرۆکەیەک هاتووە، بەڵام سروشتی ئەو لایەنێکی باشیشی هەیە کە لە هەڵسووکەوتی لە گەڵ کەسانی تردا رەنگ دەداتەوە. ئەگەر چ کیریلۆف سەر دەکەوێت بە پێی ئەو بیرۆکەیەی کە هەیەتی خۆی بکوژێت، بەڵام تا ئەو ساتەش کە خۆی دەکوژێت سەبارەت بە کۆمەڵێك گیروگرفتی کەسانی تر نیگەرانە و هەرچییەکی کە بۆ دەکرێت بۆ یارمەتی دانی ئەوان دەیکات. بەرای دۆستۆیفسکی گرفتی کیریلۆف ئەمەیە کە لە باتی ئەوەی کە متمانە بە هەست و سۆزەکانی خۆی بکات و بە پێی بنەمای ئەوانە بجووڵێتەوە، زۆر بیر دەکاتەوە.

کەسایەتییەکی تری نیگەران کەری ئەم رۆمانە ئیستاڤرۆگینە کە بەراستی بە پێی ئەو بناغە فەلسەفییەی کیریلۆف دژێت. ئیساڤرۆگین توانیویەتی نە تەنیا زاڵ بێت بە سەر ئازار و ترسدا بەڵکو بە تەواوی زاڵ بووە بە سەر تەواوی هەست و سۆزە مرۆییەکان.[25] ئەو چیتر مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنیا توێژاڵی مرۆڤە، ئەو ((دەمامکێکە)). ئەو سەبارەت بەوەی کە یاری بە ژیانی کەسانی تر دەکات و بەرەو لەناوچوونیان دەبات هەست بە پەژیوانی ناکات: ئەو بەرپرسیاری مردنی ژنەکەی و برای ژنەکەیەتی و ژیانی لیزا کاول دەکات و ئەمانە هەمووی ئەو بەرەو مردن

ڕاپێچ دەکات. تەنیا هۆکارێك بۆ ڕزگاربوونی ئەو ئەمەیە کە دەزانێت لە ژیانیدا جێگای شتێك بەتاڵە. ئەمە کیریلۆفە کە تێدەگات کە چ شتێك ئیستاڤرۆگین ئازار دەدات. ئەو ((بە دوای خاچەکەی خۆیەتی تا لە کۆڵی بگرێت))، شتێك کە بتوانێت خۆی پێوەی سەرقاڵ بکات. ئەو دەزانێت کە ئازادی بە پەیوەست بوون و ملکەچ بوون بۆ شتێك هیچ مانایەکی نییە. واتە هەمان ئەو شتەی کە لە دواییدا سارتەر باسی کرد. ئیستاڤرۆگین دەتوانێت ئیلهام پێدەری کەسانی تر بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش کارێك ئەنجام بدەن، کە ببێتە هۆی ئەوەی پەرۆشی شتێك ببەن ـ شاتوف، کیریلۆف، پیۆتێر ڤێرخونسکی ، لیزا، کە بۆ شەوێك ئەڤینداری بۆ ئەو خۆی بەرەو لەناوچوون دەبات و داشا کە بڕیاری داوە ژیانی بۆ ئەوە تەرخان بکات کە هەر کاتێك ئیساڤرۆگین پێویستی بە ئەو هەبوو ((ئەوا ئامادە بێت و ئەو هەرچییەکی لێ بوێت بیکات.)) بەڵام ئیستاڤرۆگین خۆی هیچ شتێك بە دی ناکات تا لە پێناو ئەوەدا شتێك بکات. لە کۆتاییدا ئەویش خۆی دەکوژێت. پیۆتێر ڤۆرخونیسکیش یەکێکە ترە لەوانەی کە هەر وەك شاتوف و کیریلۆف، ئیلهامی لە ئیساڤرۆگین وەرگرتووە. پیۆتێر بە ئیساڤرۆگین دەڵێت ((تۆ بوتی منی!)) سەبارەت بە هۆکاری ئەم وتەیەشی دەڵێت:

تۆ جوانی!....بە چاوێکی یەکسانەوە لە هەموو کەس دەڕوانی و هەموو کەسێکیش لە تۆ دەترسن. ئەمە شتێکی باشە. تۆ ئەرستۆکراتێکی سامناکی، ئەرستۆراتێك کە بڕوای بە دیموکراتی هەبێت توانای بەرگریکردنی نییە. فیداکردنی ژیان ـ چ ژیانی خۆت یا هی

کەسێکی تر ــ هیچ گرنگییەکی لە لای تۆ نییە. تۆ رێک لەو کەسانەی کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە.

دواتر ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی کە بەراستی پیۆتێر ڤێرخونسکی دەیەوێت دەسەلاتە. ئەو بە هیچ شێوەیەک ملکەچی ئامانجەکانی سۆسیالیسم نییە. ئیستاڤرۆگین بە مەزەنە لەمە تێدەگات، ((ڤێرخونسکی ئازیزم....تۆ هیچ کاتێک سۆسیالیسم نیت، بەڵکو وا دێتە پێش چاو کە سیاسەتوانێکی هەلپەرستی، ئەمە راستە؟)) پیۆتێر تیۆری یەکێک لە شەیتانە بچووکەکانی تری ئەم رۆمانەی واتە شیگالیۆف[٢٦] قبوڵ کردووە. شیگالیۆف یەکێکە لە ئەندامانی تاقمە شۆرشگێرەکە و تیۆرەکەی ئەمەیە کە تەنیا رێگای دروستکردنی کۆمەلگایەکی هاوتەریب ئەمەیە کە ((ئازادی و دەسەلاتێکی بێ سنوور بدرێتە دەست یەک لە دەیەی ئەندامانی کۆمەلگایەک بۆ ئەوەی دەسەلات بسەپێنن بە سەر نۆ لە دەکەی تردا)). ئەو نۆ لە دەیەی کە دەمێنێتەوە بە راستی ناکرێ وەکو مرۆڤێک هەژمار بکرێن چونکە ((دەبێت دەست لە تاکێتی خۆیان هەلگرن و تا رادەیەک وەکو مێگەلیان لێبێت.)) شیگالیۆف رایدەگەیەنێت کە ((لە ئازدی بێ سنوورەوە دەستمپێکرد و گەیشتمە ستەمکاری بێ سنوور.)) هەڵبەت پیۆتێر خۆی لەو تاقمە یەک لە سەردەیە دەزانێت کە دەبێت دەسەلاتیان بە سەر ئەوانی تردا هەبێت ــ ((کۆیلەکان دەبێت دەسەلاتدارێک بەسەریانەوە هەبێت)) ــ بەلام لە هەمان کاتدا ئەو دەزانێت کە هێشتا کارێزمایەک نییە تا بتوانێت رابەرێکی بە دەسەلاتی کۆمەلگاکەی بێت. ئەمە ئەو

ڕۆڵەیە کە بەڕای ئەو شیاوی ئیستافرۆگینە کە دەتوانێت ((ئیرادەیەکی بەشکۆ و ستەمکار و بوتی خەڵکی)) بێت :

پیۆتۆر ڤۆرخۆنیسکی پلانێکی بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجەی شیگالیۆف هەیە:

ئێمە کۆمەڵێك ئاژاوەی سیاسی دروست دەکەین.....ئێمە شۆڕشێکی وا دروست دەکەین کە کۆڵەکەکانی حکومەت درزێکی گەورەی تێبکەوێت...بۆیە هەر تاقم و گروپێکی پەست و هیچ و پووچیش بە کەڵك دێت. من لە ناو هەر یەك لەم تاقم و گروپانە کەسانێکی ملکەچ دەدۆزمەوە کە بە ویست و ئارەزووی خۆیان خەڵکی بکوژن و لەم شانازییەی کە پێیان بەخشراوە مەمنوون بن......بە شێوەیەکی ڕەها ئێستا بوونی یەك یان دوو جیلی خەڵکی شەڕەنگێز زۆر پێویستە. شەڕەنگێزییەکی دێوئاسای نەفرەت هێنەر کە مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی بەدبەخت و خۆپەرەست و سووك و ترسنۆك ــــ ئەمە ئەو شتەیە کە پێویستیمان پێیەتی!

بەمشێوەیە هەموو ئەندامانی ئەم مێگەلە بە یەکسانی بەدبەخت و قوڕ بە سەر دەبەن.

((زەوی بۆ خودا کۆنەکانی دەست دەکات بە گریان)) و ئامادە دەبێت تا خودایەکی نوێ لە باتی خودا کۆنەکەی قبوڵ بکات: ئیستافرۆگین. ئیستافرۆگین مرۆڤێکە کە هیچ کەموکورتییەی بۆ ئەم کارە نییە، چونکە ئەو هەر ویژدانی نییە. ئەویش وەك پیۆتێر نهیلیستەو لە هیچ شتێك ناترسێت، هیچ ئامانجێکی دیاری نییە (بۆیە

دەتوانێت ببێت بە ئامرازی کاری پیۆتێر ڤێرخونسکی یەکانی جیهان)، ئەو ئەرستۆکراتە، کاریزمایە و نهێنی ئامێز. دەکرێت ئەفسانەیەك لە ئەو دروست بکرێت. پیۆتێر بە ئیستاڤرۆگین دەڵێت:

تۆ جوانی، تۆ هەروەك خوداکان مەغروری، تۆ بەدوای هیچ شتێکەوە نیت بۆ خۆت، تۆ ((شاراوەی)) و خەرمانەی نووری قوربانییەکان دەوری سەرتیان داوە. سەرەکیترین شت ئەفسانەیەکە! تۆ ئەوان دەخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە. تەنیا هەر ئەوەی دەوێت تا سەیرێکیان بکەیت بۆ ئەوەی بکەونە ژێر ڕکێفتەوە.

ئەمە خەونی پیۆتێر ڤێرخونسکی یە، بەڵام ئیستاڤرۆگین هاوکاری ناکات. تەنانەت هەڕەشەکانی پیۆتێر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو نییە – ((دەبێت بزانیت کە تۆ بە تەواوی قەرزاری ئێمەی و ئێمە ناتوانین ئێستا بەڕەڵات بکەین)) ــ چونکە ئیستاڤرۆگین ((لە هیچ شتێك ناترسێت.))

دۆستۆیڤسکی لە شەیتانەکان ئەمە بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات کە لە شتێك زۆر دەترسێت: واتە بیرکردنەوەی سەبارەت بەو ڕێگا خراپانەی کە مرۆڤەکان دەتوانن بە هۆی ئازادییانەوە سوودی لێببینن. مرۆڤ دەتوانێت سوود لە ئازادی خۆی ببینێت تا هەموو هەست و سۆزە سروشتییە مرۆییەکان لە ناو خۆیدا بکوژێت بۆ ئەوەی بگاتە ئازادییەکی بێ سنوور (بۆ ئەوەی لە ((کۆتی)) هەستەکانی نەبێت) و بەمشێوەیە هەموو باشییەك لە ناو خۆیدا لەناو ببات و تواناى جیاکردنەوەی خێر و شەڕ لای خۆی لەناوببات و ئەو کاتە ئیتر هیچ شتێك بەدی ناکات تا لە

پێناو ئەوەدا بژێت ـــ ڕێك وەك ئیسافرۆگین. ئیستافرۆگین بە پێی بنەمای ئەو تیروانینە دەژێت کە کیریلۆف دەریاندەبڕێت، کیریلۆفێك بە ڕاستی خۆی تواناى ئەوەی نییە بە گوێرەی ئامانجەکانی خۆی ژیان بکات، ئا ئەمەشە کە مرۆڤ دەتوانێت سوود لە ئازادی خۆی ببینێت بۆ ئەوەی دەسەلآت بە سەرکەسانی تردا پەیدا بکات، ئیتر ئەمە لە هەر ڕێگایەکەوە بێت و گوێ بە هەموو ئەو کەسانەش نەدات کە لەم نێوەدا تووشی ئازار دەبن، واتە هەمان کارێك کە پیۆتێر ڤێرخونسکی دەیکات و تیۆرەکەی شیگالیۆف دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەی کە لەم دوو چەشنە بە کارهێنانە هەڵەیە هاوبەشە، ڕەتکردنەوەی بەها ڕەهاکان و خودایە، بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی ببێت بە خودا. هەم ئیستافرۆگین و هەم پیۆتێر ڤێرخونسکی نیهیلیستن[٢٧] و هیچ خودایەکیان نییە. دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانەکەی تری، کە شاکارەکەیەتی واتە برایانی کارامازۆف، سەرقاڵی ئەم باسە دەبێت کە ئێمە دەبێت چۆن ئازادی خۆمان بەکاربێنن تا ئیمان بە خودا بهێنین و نەبین بە نهیلیست و تووشی دەرئجامە کاولکەرەکانی نەبین ـــ تا لە شێتی و خۆکوشتن و بەرەوازانینی ماڵ وێرانکردنی کەسانی تر پارێزراو بین.

تەنیا شاتوف بۆ ماوەیەکی کەم پێش مردنی و ئیستپان ڤێرخونسکی لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ڕێگایەك بۆ ڕزگاری پیشانی ئێمە دەدەن. دۆستۆیڤسکی کارێك دەکات کە ئیستپان ڤێرخونسکی لە کۆتاییدا فەرەبووی ئەم گوناهەی کە لە ڕووی نەزانییەوە ئەم هەموو شەیتانەی لە شاری ئیسکۆڤرشینکی[٢٨] کۆ کردوەتەوە، بداتەوە:

((بیست ساڵی تەواو تۆ تەواوی ئەم بیرۆکانەی کە ئێستا بوونەتە بەلاّ بۆ خەڵکی لە مێشکی خۆتدا کەڵەکەت دەکرد ــ ئەمڕۆ ئەمە هەمووی بەری فێرکارییەکانی تۆیە کە ئێمە کۆی دەکەینەوە.)) ئیستپان وەکو زیارەتکەرێك دەچێت بۆ سەفەر، دەبێت بە سوارچاکێکی گەڕۆك، تا دڵی روسیا لەناو ئەو جوتیارانە بدۆزێتەوە کە هەرگیز هیچ پەیوەندییەکی لە گەڵیاندا نەبووە. ئەو خودا لە ژنێکی لادێی دەدۆزێتەوە کە ئینجیل دەفرۆشێت. ئەو تێدەگات کە هیچ شتێك ((بەنرختر نییە لە عەشق)) و دەبێت ((لە هەموان ببوورین)) چونکە ((هەموان یا هەر یەکێك لە ئێمە بەرامبەر بە ئەوی تر زوڵمی کردووە. ئێمە هەموو گوناهکارین!)) دەبێت ((هەر خولەك و چرکەیەك لە ژیان ڕەحمەت بێت بۆ مرۆڤ....ئەمە ئامانجی هەموو کەسێکە کە وا لە ژیان بکات.))

سەرەنجام ئیستپان تێدەگات ((ئەگەر خودایەك هەبێت (کە هەیە) ئەوا ئێمە نەمرین.)) ئێستا ئێمە خەممان بۆ ئەم چارەنووسە خەمبارەی شاتوف و ئیستپان ڤێرخونسکی کە ئەویش لە دواییدا دەمرێت، کەمتر دەبێتەوە، چونکە ئەوان تەنیا ژیانی سەر ئەم خاکەیان بەجێهشتووە. ئیستپان ڤێرخونسکی تەنانەت پێشبینی مردنی خۆی و کەسانی تریش دەکات، هەڵبەت بە گوێرەی ئەم بیروڕایەی کە شیاوی مردنن و بە مردنی ئەوان هەموو شتێك باشتر دەبێت. ئیستپان باسی چیرۆکێك دەکات کە لە ئینجیلی لوقا وەریگرتووە ــ چیرۆکێك سەبارەت بە ئەو جنۆکانەی کە لە پیاوێکی شێتەوە دێنە دەرەوەو ڕۆدەچن بۆ ناو گیانی

ئەو بەرازانەی کە خۆیان لە گاشەبەردێکی بەرزەوە فڕێ دەدەنە ناو دەریاوە و نوقم دەبن و بەمشێوەیە کابرای شێت ڕزگاری دەبێت. ئیستپان دەڵێت:

ئێمە ئەو بەرازانەین، ئێمەو ئەوان و پیۆتێر — ئەو کەسانەشی کە لە گەڵ ئەودان و لەوانەیە من خۆم لە سەرووی هەموویانەوە" ئێمە، ئێمەی وڕێنە کەر و ڕامکراو، خۆمان لە سەر گاشە بەردێکی بەرزەوە فڕێ دەدەینە دەریایەوە و نوقم دەبین، ئەمە سزای ئێمەیە، چونکە ئێمە تەنیا بە کەڵکی ئەم کارە دێین. بەڵام ئەم نەخۆشە (روسیا) چاك دەبێتەوە و بەرامبەر بە عیسا دادەنیشێت و هەمووان لێی دەڕوانن و سەرسام دەبن.

# پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

1.Apollon Maykov
2.Quoted by David Magarshack in his introduction to The Idiot, pp.ix-x.

٣.دووبارە دۆستۆیڤسکی ئەم بیرۆکەیە دەخاتە ڕوو کە منالان دەتوانن پیشانی ئێمە بدەن کە دەبێت چۆن ڕەفتار بکەین.

٤.بڕواننە بەشی سێیەم، لە باسی بیست و پێنجەم لە کۆماری ئەفلاتون.ئاشکرایە کە مەبەستی ئەفلاتون لەو کەسەی زنجیرکراوەی کە گەیشتووەتە دانایی سوقرات بووە.

5.Yepachin
6.Adelaida
7.Aglaya
8.Ivolgin
9.Lebedev
10.Ippolit Terentyev
11.Nastasya Filippovna
12.Parfyon Rogozhin
13.Daniel Shaw, "The Survival of Tragedy: Dostoevsky s The Idiot", Dialogue, Vol. 16, 1973, p. 11.

١٤.جێگای سەرنج ڕاکێشانە کە بزانن کە ئیپولیتە کە ئەم قسانە دەکات نەک پرێنس میشکین.دۆستۆیڤسکی بڕوای وایە کە لە کاتی مردن، بەهامنشێوەی کە ئیپولیتیش وایە، مرۆڤ دەگاتە دانایییەک.هەر لەم بەشە، دەبێت ئەمەش بڵێم کە میشکین وەک دۆستۆیڤسکی خۆی تووشی پەرکەم بووە و ڕێک لەو کاتەی پێش هێرشی ئەم نەخۆشییە، کە زۆر لە مردنێکی بچووک دەچێت، ((هۆشیاری و بەرچاوڕوونییەکی باشی)) بۆ دێت.

15.Wasiolek, OP.Cit., p. 109.
16.Stepan Trofimovich Verkhovensky
17.Varvara Petrovana Stavrogin

١٨.ئەم ڕووداوە لە بەشی ((دانپیادانانەکانی نیستاڤرۆگین)) لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ئەو بەشەی کە سەرنووسەری پەیکی ڕوسیا کە شەیتانەکان لەوێدا بلاْودبوویەوە، لە چاپکردنەکەی پەشیمان بوویەوە دۆستۆیڤسکیش نەیدەویست دواتر لە چاپەکانی تردا ئەم ئەم بەشە بخاتە ناو ڕۆمانەکەیەوە.

19.Drozdov
20.Lebyatkin
21.Dasha shatov
22.kirilov

٢٣.ئەمەی دوایی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ نیستاڤرۆگین خۆی.

٢٤.ئەم بیروڕایە لەو بیروڕایەی نیچە دەچێت سەبارەت بە ((مرۆڤی بالاْ)) بەلاْم بە پێچەوانەی ((مرۆڤ– خودا))ی کیریلۆف کە خودا ڕەتدەکاتەوە و هەموو خواستەکانی سەرکوت دەکات تا بگاتە ئازادییەکی تەواو، بەلاْم ئازادییەکی بەتاڵ و پووچ، بەلاْم مرۆڤە بالاْکەی نیچە لە ئەنجامی کەسایەتییە بەهێزەکەی و توانایی لەهەمبەر ئەوەی کە خۆی یاسادانەری خۆی بێت دەبێت بە خودا.مرۆڤە بالاْکەی نیچە خواستەکانی سەرکوت ناکات چونکە ئەم خواستانە سەرچاوەو کانگای هێزی ئەون و ئەو ئەم خواستانە بە باش دەزانێت.

٢٥.لە ڕۆمانەکەدا دەوترێت ((نیساڤرۆگین لەو کەسانەیە کە ترسی لە هیچ شتێك نییە)) و شاتوف لێی دەپرسێت: ((ئەمە ڕاستە کە دەکرا مارکی دۆساد قوتابی تۆ بوویایەت؟)).

26.Shigalyov

٢٧.لەو بەشەی کە لابراوە واتە ((دانپیادانان))، نیستاڤرۆگین دەڵێت: ((من نازانم خێر و شەڕ کامەیە و لێیشی تێناگەم.....ئەمانە هەمووی بڕیارداتی پێش وەختە.))

28.Skvoreshniki

# ٦

# برایانی کارامازۆف

تۆ خۆتیش باش نازانی چ وەڵامێک سەبارەت بە بابەتی خودا و نەمری بدەیتەوە و سەرچاوەی ئەم خەمە گەورەیەی تۆ هەر ئەمەیە، چونکە ئەم پرسیارە خوازیاری وەڵامێکی بە پەلەو نائاساییە.....ئەگەر نەتوانی وەڵامێکی پۆزەتیڤی ئەم پرسیارە بدەیتەوە، هەرگیز ناتوانی وەڵامێکی نێگەتیڤی بدەیتەوە. تۆ ئەو تایبەتمەندییەی دڵی خۆت دەناسی ــ هەموو ئازارێکی دڵیشت هەر هی ئەمەیە)) (باوە زۆسیما[1] بە ئیڤان کارامازۆف لە برایانی کارامازۆف)

((خودا و شەیتان شەڕ دەکەن تا سەربکەون بەسەریەکدا و گۆڕەپانی ئەم شەڕەش دڵی مرۆڤە.))

(دیمیتری[2] بە ئالیۆشا[3] لە برایانی کارامازۆف)

فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی لە برایانی کارامازۆف دا بە شێوەیکی تەواوتر بە بەراورد لە شوێنەکانی تر خراوەتە ڕوو. ئەم ڕۆمانە

گەورەیەش هەر وەك تاوان وسزا لە دەوروبەری چەند ڕووداوێك دروست بووە کە ئەنجامەکەی دەگاتە کوشتن و ئەو ڕووداوانەشی کە دوای ئەم کارە دروست دەبێت. لێرەدا ئەوە کەسەی کە دەکوژرێت فیۆدۆر کارامازۆفە، واتە ئەو کەسەی کە خاوەنی سێ منالّی شەرعی و بە گوێرەی پڕوپاگەندەکان منالّێکی ناشەرعییە. فیۆدۆر کارامازۆف بەمشێوەیە وەسف دەکرێت ((مرۆڤێکی کەم عەقلّ و نامەعقول)) کە شێوازی پارە بەدەست هێنان باش دەزانێت. روخساری دلّ تێك دەدات:

جگە لەو تلۆقانەی ژێر چاوە بچووکەکانی، کە بەردەوام تەقی بوون و مایەی گالّتە جاڕی بوون و جگە لەو هەموو چرچ و لۆچەی کە کەوتبووە سەر ئەم روخسارە بچووکە قەلّەوەی، لە ژێر چەناکە درێژەکەشی غەب غەبەیەکی گەورەش شۆڕ ببووەوە کە قەلّەو و درێژ بوو وەك کیسەیەکی بچووك، کە روخسارێکی شەهوەت پەرەستانەی نەفرەت هێنەری پێدەبخشی. ئێستا ئەمانەشی بۆ زیاد بکەن دەمێکی گەورەو بێڕەحمی شەهوەت پەرەستانە بە لێوێکی ئەستوورەوە کە لە نێوانیاندا ددانە ڕەشە پواوەکانی دەبینرا. هەر کاتێك کە قسەی بکردایە ئاوی دەمی فڕێدەدا.

دوان لە منالّە شەرعییەکانی واتە دیمیتری و ئیڤان، ڕقیان لە باوکیانە و دەکرێت کە ئەوان سەبارەت بە مردنی باوکیان بەرپرسیار بن. دیمیتری کە ( پێیشی دەلّێن میتیا[4] ) منالّی گەورەکەیەتی و مرۆڤێکی سەرکێش و پڕ لە بێنەو بەردەیە و بەوە بەناوبانگە کە لە ڕابردوودا چەند کارێکی توندوتیژی ئەنجام داوە. ئەو و باوکی چاویان بە

دوای ((ژنێکی تێشکاوە)) بە ناوی گرۆشنکا° و لە گەڵ یەکدا لە کێبرکێدان کە سەرنجی ئەو بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن لە گەڵ ئەوەی کە دیمیتری ژنێکی تر دەزگیرانیەتی بە ناوی کاترینا٦. جگە لەمە دیمیتری باوەڕی وایە کە باوکی بەشە میراتی ئەوی لە دایکی کە مردووە، بە تەواوی و ڕێک و پێکی نەداوە. ئیڤان کوڕی فیۆدۆر کارامازۆفە لە دووەم ژنی، ڕۆشنبیرێکە کە هیچ ڕاڕاییەکی ئەخلاقی نییە کە ڕێگری بکات لەو هەستە ڕق لێبوونەی کە بەرامبەر باوکی هەیەتی. ئەو بڕوای بە خوا نییە و ئەم تیۆرەیەی خستووەتە ڕوو کە بێ بڕوایی بەرامبەر بە خودا و نەمری دەبێتە هۆی ئەوەی ((هیچ شتێك نائەخلاقی نەبێت و هەموو شتێك ڕەوا بێت، تەنانەت مرۆڤ خواردنیش.))

تەنیا سێیەم کوڕی شەرعی فیۆدۆر، ئالێکسی (کە بە ئالیۆشا ش بانگی دەکەن) کە ئەویش هەر کوڕی دووەم ژنی باوکیەتی، ڕقی لە باوکی نییە.

لە ڕاستیدا ئەم گەنجە بەڕێزە، وەك لە سەرەتای ڕۆمانەکە دەیبینین قوتابییەکی تازە کارە کە ساڵی پێشوو لە پەرەستگایەك لە نزیك موڵکەکانی کارامۆزۆف بووە، هیچ نیازێکی خراپی بەرامبەر بە کەس نییە. تایبەتمەندییەکانی ئەو زۆر لە تایبەتمەندییەکانی پرێنس میشکین دەچێت لە گەمژەدا، لە گەڵ ئەو جیاوازییەی کە ئەو کەسێکی ((واقیع بینە)):

خەڵکی خۆش دەویست: لە تەواوی تەمەنیدا ئیمانی بە خەڵکی هەبوو، لە گەڵ ئەمەشدا هیچ کەسێك ئەوی بە ساویلکە یا کەم فام لە

قەڵەم نەدەدا....هەرگیز نەیدەویست کە دادوەری لە سەر کەسانی تر بکات. لە بەرامبەر هەموو شتێکدا دانی بەخۆیدا دەگرت بە بێ ئەوەی بچووکترین دادوەرییەك بەرامبەر بە کەسانی تر بکات، ئەگەر چ زۆر جار تووشی ئازار و مەینەتییەکی زۆر دەبوو. ئالیۆشا زۆربەی کاتەکانی بەوە تێدەپەڕی کە خۆی لە ئاو و ئاگر بدات تا ئاشتی بپارێزێت و نەهێڵێت ئەوانی تر کارێکی وا بکەن کە دوایی لێی پەشیمان ببنەوە. ئالیۆشا بە ئیلهام وەرگرتن لەو پیرەی کە لایەتی واتە باوە زۆسیما لە ئارەزووی سەردەمێکدایە کە:

هەموو کەسێك پیرۆز بن و یەکتریان خۆش بوێت و ئیتر نە هەژارێك هەبێت نە دەوڵەمەندێك، نە کەسێکی خاوەن دەسەلات و پلەوپایە و نە کەسێك بێ دەسەلات و بێ پلەو پایە، بەڵکو هەموو کەسێك منالی خودا بن و کاتی ئەو جیهانە غەیبە ڕاستەقینەییەی مەسیح بگات.

منالە ناشەرعییەکە واتە ئەسمەردیاکۆف[7] وەك خزمتکارێك لە ماڵەکەی فیۆدۆر کارمازۆف خەریکی ئیشکردنە. دایکی گەمژەیەکی لادێی یە کە جارێکیان کەسانی هاوشانی فیۆدۆر کارامۆزۆف بە ئەو دەڵێن ئەگەر پیاوی بیسەلمێنە کە ئەو ((ژنە)). ئەسمەردیاکۆف فێی لێدێت و باس لە ئەوە دەکرێت کە ((کەسایەتییەکی لە خۆبایی)) هەیە و ((بە چاوێکی سووکەوە سەیری هەموو کەس دەکات.)) لە دواییدا ئاشکرا دەبێت کە ئەو بووە کە ئەم کوشتنەی ئەنجام داوەو وا دەریدەخات کە لەو کاتەدا فێی لێهاتووە بۆ ئەوی خۆی بە بێ تاوان بزانێت و دەڵێت دوور بووە لەو شوێنەی کە کوشتنەکەی تێدا ڕوویداوە.

ئەو ستاییشی ئیڤان دەکات و بەو خەیاڵەی کە کوشتنی باوکی ئاواتی ئیڤان بووە ئەم کارەی کردووە. دیمیتری لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بینراوە. ئەو دەگرن و سەرەنجامیش تاوانبار دەکرێت، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەمەش لە بەر شایەتی دانی دەزگیرانەیەتی واتە کاترینا کە دیمیتری وازی لێهانەوەو هەستی بریندار کردووە. کاتێك کە ئیڤان دەزانێت کە چ ڕۆڵێکی بۆ پاڵ پێوەنانی ئەسمەردیاکۆف هەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەم کوشتنە، عەقڵی تێك دەچێت. تەنانەت کاتێك دان بە کوشتنەکەدا دەنێت تا بەڵکو یارمەتی براکەی بدات، هیچ کەسێك بڕوا بەدانپیادانانەکانی ئەو ناکات. سەرەنجام ئەسمەردیاکۆف خۆی لە سێدارە دەدات. لە سەرەتای ڕۆمانەکە باوە زۆسیما بەرامبەر بە دیمیتری ((کرنوش دەبات)) چونکە هەستی بەوە کردووە کە چ ئازارێکی گەورە چاوەڕوانی ئەو دەکات. دیمیتری بۆ ماوەیەك پەرۆشی ئەوەیە کە سزاکەی قبوڵ بکات چونکە بە ئاواتی مردنی باوکی بووە: ((من سزادانەکەم قبوڵ دەکەم نەك لەبەر ئەوەی کە ئەوم کوشتووە، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە دەمویست ئەو بکوژم و لەوانەیە لە ڕاستیدا ئەوم بکوشتبایەت.)) ئەو هەست دەکات کە بە دان بەخۆداگرتن بەرامبەر بە سزاکەی هەست دەکات سەرلەنوێ لە دایك دەبێتەوە:

مرۆڤێکی تازەم لە خۆمدا دۆزیوەتەوە....ئەم مرۆڤە لە ناوەوەی من زیندانی بوو، بەڵام هیچ کاتێك دەرفەتی دەرکەوتنی نەدەبوو ئەگەر ئەم بەڵایە بە سەر مندا نەهاتبایەت!...ئێستاش هەست دەکەم هێزێکی وا لە مندایە کە دەتوانم زاڵ بم بە سەر هەموو شتێکدا و سەربکەوم بە

سەر هەر ئازارێکدا. عەشق ئەوی ڕزگار کردووە، چونکە سەرەنجام گرۆشنکا دڵی داوە بە ئەو: ((من تەواوی ڕۆحی ئەوم هێناوەتە ناو ڕۆحی خۆمەوەو لە گەڵ ئەودا من بووم بە پیاو!)) دواتر دڵخۆش دەبێت بەرامبەر بەوەی کە ئیڤان پێش ئەوەی کە بە تەواوی عەقڵی لە دەست بدات پلانێك بۆ هەڵهاتنی ئەو دادەڕێژێت، چونکە دەزانێت تاوانباران مافی ئەوەیان نییە هاوسەرگیری بکەن. برایانی کارامازۆف بە دیمەنێك لە سەر گۆڕی ئیلیۆشا[8] کۆتایی پێدێت، واتە ئەو منداڵە ئازایەی کە ماوەیەك دوای هێرشەکەی دیمیتری بۆ سەر باوکی، بە مردنێکی تراژیدی دەمرێت. ئالیۆشا بە وتەیەك کە بیرهێنەرەوەی بیرۆکەی ئیپولیتە لە ڕۆمانی گەمژە، سەبارەت بە گرنگی کاریگەریدانانێکی باش لە سەر ژیانی مرۆڤەکان لە ڕێگای چاندی ((تۆیەك)) لە دڵی ئەواندا، بە کۆمەڵە منداڵێك کە لەسەر گۆڕکەی ئیلیۆشا کۆبوونەتەوە دەڵێت:

وەرن با هەرگیز لە بیری نەکەین کە لێرەدا تا چ ڕادەیەك دڵخۆش بووینە، کاتێك کە هەموومان لە گەڵ یەکدا بین، پاڵپشت بەم یەکگرتنە میهرەبانانەمان و بە هۆی خۆشەویستیمان بۆ ئەم کوڕە بەستەزمانە، لەوانەیە ئێمەش کەسێکی باشترمان لەمەی کە وەهاین لێدەربچێت......هیچ شتێك بەنرختر و بەهێزتر و کامڵتر و بە سوود تر نییە لە بیرەوەری خۆش لە ژیاندا....ئەگەر تەنیا یەك بیرەوەری باش لە دڵماندا هەبێت، لەوانەیە ئەوە هەر ئەمڕۆ ببێتە هۆی ڕزگاریمان.

لەم دوایین ڕۆمانەی دۆستۆیفسکی دا سەرەنجام ئێمە وەڵامێکی کامڵترمان بۆ ئەو دوو پرسیارە فەلسەفییە سەرەکییەی کە

دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانەکانی پێشووی تەنیا وەڵامێکی لاوەکییانی دابوویەوە، دەست دەکەوێت: (I) چەرمەسەری و گرفتاری مرۆڤ چییە؟ و (II) ئێمە دەبێت چۆن بژین؟

دەکرێت بیروڕای دۆستۆیڤسکی سەبارەت بە چەرمەسەری و گرفتاری مرۆڤ لە پێنج بانگەشەیەی ئەودا بەمشێوەیە کورت بکەینەوە: (۱) ((هەموو شتێك جگە لە مرۆڤ، کامڵەو بێ تاوانە....)) (۲) مرۆڤەکان ئیرادەیەکی ئازادیان بە مانایەکی ئیرادە گەرایانە هەیە و ئەمە بەنرخترین شتە کە مرۆڤ هەیەتی. (۳) مرۆڤەکان (جگە لە منداڵ) زۆر ئاڵۆزن و پاڵنەری جیاوازیان لە نێوان خۆیاندا هەیە: ((ئێمە سروشتێکی بەرفراوان و بێ جڵەومان هەیە....کە دەتوانێت هەر جۆرە زێدەڕۆییەك لە خۆ بگرێت.....)) (٤) هەندێك لەم پاڵنەرانە مرۆڤ بەرەو تاوان پاڵ پێوە دەنێن: ((لە ناو هەر مرۆڤێکدا.....بوونەوەرێکی درندە هێلانەی کردووە.)) (٥) بەڵام منداڵەکان دوورن لە تاوان: ((منداڵەکان....وەکو فریشتەکان دوورن لە تاوان و دەژین تاوەکو هەستە جوانەکان لە ئێمەدا بوەرووژێنن و دڵەکانمان پاك بکەنەوە و ئەوان بە چەشنێك ڕێنوێنی کەری ئێمەن.))

ئێستا وەرن با تێڕامانێك لە سەر هەریەك لەم بانگەشانە بکەین.

هەر لە یەکەم بانگەشەدا تێدەگەین کە دۆستۆیڤسکی بڕوای بەو شتەی کە فەیلەسووفەکان پێی دەڵێن شەڕی ((سروشتی)) نییە، واتە ئەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان هۆکاری شەڕ نین. فەیلەسووفەکان، شەڕ لە جیهاندا دابەش دەکەن بۆ دوو جۆر: (ا) شەڕی ((مرۆیی)) یان شەڕی

((ئەخلاقی)) و (٣) شەڕی ((سروشتی)). جۆری یەکەم کردەوەی وەک کوشتن و ئەشکەنجە دەگرێتەوە و جۆری دووەم نەخۆشی و کارەساتە سروشتییەکان دەگرێتەوە. ئایا بە ڕای دۆستۆیفسکی شێرپەنجەی دووەمەڵەرزە کە ئازارێکی زۆریان لێدەکەوێتەوە، شەڕ نین؟ بە ئاشکرا ئەخێر. بە ئەستەم دەکرێت ناکۆکی لەم بیرۆکەیە بکرێت کە هەموو شتێک جگە لە مرۆڤ کامڵە، چونکە دەزانین لەم دونیایەدا نەخۆشی وا هەیە کە عەقڵ و زەینی مرۆڤ تێکدەدات و کارەساتی سروشتیش بوونی هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکی زۆری لێبکەوێتەوە* بەڵام دۆستۆیفسکی دەتوانێت کە بڵێت ئەمانە ((بە دوورن لە تاوان)) چونکە بە قەستی نابنە هۆکاری ئازارهێنان. بەڵام ئەگەر گریمان لە سەر ئەوە بکەین کە خودایەکی بە توانا و زانا هەیە کە جیهانی ئافراندووە، ئەو کاتە وا هەست دەکەین کە ئەمە ئەوە کە دەبێتە هۆکاری ئەم شتانە و دەهێڵێت ئەم ڕووداوانە ڕوو بدەن. ئەمە بەو مانایەیە کە شەڕی سروشتیش بە قەستی سەپاندنی ئازارێکە بە سەر کەسەکاندا. ئەو چوار بانگەشەیەی تر لە ڕۆمانەکانی پێشووی دۆستۆیفسکی خراونەتە ڕوو. ئێمە بینیمان کە ئازادی مرۆڤ تا چ ئاستێک لای دۆستۆیفسکی گرنگە و بینیمان کە ئەو تا چ ئاستێک نیگەرانی بەکارهێنانێکی هەڵەیە لەم ئازادییە. دۆستۆیفسکی هاوکات بە پێداگرییەوە وتوویەتی کە مرۆڤەکان لە ناوەوەی خۆیاندا هەلگەری پاڵنەری خراپ و باشن و کردەوە ئەنجامدان بە گوێرەی پاڵنەرە خراپەکان دەتوانێت ڕەنج و ئازارێکی زۆری لێبکەوێتەوە. لەم دوایین ڕۆمانەدا دۆستۆیفسکی بیروڕایەکی

پوخت و ڕوون سەبارەت بە ئالۆزبوونی مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو و ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە لاڕێدا ببات و هەروەها ئەو شتەش کە وا لە ئێمەدا دەکات کە کارێکی باش بکەین پیشان دەدات. ئێمە لەم سێ مناڵە شەرعییەی کارامۆزۆف نموونە زێدەڕوییەکانی ئەو شتانەی کە پێکهێنەری کەسایەتی مرۆیین دەبینین کە دۆستۆیڤسکی دەیخاتە ڕوو واتە: لایەنی شەهوەت، لایەنی عەقڵانی و لایەنی ڕۆحی. لە دیمیتری دا لایەنی شەهوەت زاڵە" لە ئیڤان دا لایەنی عەقڵانی و لە ئالیۆشا دا لایەنی ڕۆحی.[9]

دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە لە هەریەك لەم کەسانەدا هەر سێ لایەنەکە بوونی هەیە" بەلام دۆستۆیڤسکی بە زێدەڕۆیی کردنی هەر لایەنێکیان لە هەریەکە لەم سێ کەسەدا هێز و لاوازی هەر یەك لەم سێ لایەنەی کەسایەتییە مرۆییەی پیشانی ئێمە داوە. دەزانین کە زێدەڕۆیی لە شەهوەت دا دەبێتە هۆی گوناه، زێدەڕۆیی لە پشت بەستن بە عەقڵ دەبێتە هۆی ئازاری مرۆڤ[10] و چەند تیۆرێك دا دەهێنێت کە دەبێتە پاڵپشتی ڕەفتاری نا دروست بۆ مرۆڤەکان ( لێرەدا تێگەیشتنەکانی ئێمە لە تاوان و سزا و شەیتانەکان پوخت تر دەبێت)، لایەنی ڕۆحی مرۆڤ، باشترین لایەنی ئەوە.

دوایین بانگەشە لە پێنج بانگەشەکەی دۆستۆیڤسکی سەبارەت بە چەرمەسەری و گرفتاری مرۆڤ ــ واتە ئەوەی کە مناڵەکان دوورن لە گوناه ـ بابەتێکی سەرنج ڕاکێش دەهێنێتە کایەوە: چۆن مناڵەکان لە کاتێکدا کە دوورن لە گوناه، کە گەورەبوون دەبن چۆن دەبن بەو

کەسانەی کە گوناهکارن؟ ئایا ئەو سێ لایەنەی کەسایەتی مرۆڤی پێکەیشتوو، کە دوو لایەنی مرۆڤ بەرەو گوناه دەبات، لەم ماوەیەدایە کە لە مرۆڤدا گەشە دەکات؟ یا ئەوەی کە مرۆڤەگەورەکان منداڵەکان لە قۆناغێکی دیاریکراو لە کاتی گەشەکردنیاندا لە پۆخڵەوات تێوەدەگلێنن؟

بەرای دۆستۆیڤسکی دەبێت ئێمە چۆن بژین؟ دەبێت لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەتا بیربهێنینەوە. دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە کە: (٦) ئێمە بە سەرنج دان بۆ بڕیار(٢)، بەرامبەر بە کردەوەکانمان بەرپرسیارین. (٧) یاسایەکی ئەخلاقی گشتی پەیوەندی بە بڕوابوون بە خودا و نەمرییەوە هەیە. بۆ دۆستۆیڤسکی بە تەواوی ئەمە ڕوون بووەتەوە کە تەنیا خودا دەتوانێت پاڵپشتی یاسایەکی ئەخلاقی ڕەها بێت و بەڵێنی نەمری ئەم دەرفەتە دەهێنێتە کایەوە کە سەرەنجام فەزیلەت و خواپەرستی پاداشی خۆیان وەردەگرن، ئەگەر چ لەوانەیە ئەم پاداشە لەم دونیایەدا نسیبی مرۆڤە بە فەزیلەت و خواپەرستەکان نەبێت. بێ ئیمانی بەرامبەر بە خودا و نەمری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ((هەموو شتێك ڕەوا بێت.)) وا دیارە کە دۆستۆیڤسکی ئەم بەڵگەهێنانەوەی کە لە پشتەوەی ((بەڵگە ئەخلاقییە)) بە ناوبانگەکەی کانت سەبارەت بە بوونی خودا هەیە، قبوڵ دەکات: ئێمە دەبێت ئەخلاقی بین، بەڵام بە شێوەیەکی واقیع بینانە دەزانین کە ڕەفتاری ئەخلاقی ئێمە لەم دونیایەدا هیچ پاداشتێکی نابێت. کەواتە بۆ ئەوەی ئەخلاقی بوون شتێکی بەجێ بێت، دەبێت لەوپەڕی فەزیلەت و خۆپارێزیدا

ئەنجامەکەی بگاتە شادی و خۆشبەختی: خێری لەسەرووتر* . کەواتە دەبێت خودایەك و ژیانێك لە دوای مردنەوە هەبێت کە لەوێدا خودا بە پێی کردەوەکانمان لەم دونیایەدا پاداشتمان بداتەوە یان سزامان بدات.
بەڵام دۆستۆیڤسکی بە پێچەوانەی کانت و فەیلەسووفەکانی تر و بۆ نارازیبوونی بەرامبەر بە ئەوان دەڵێت: (٨) عەقڵ ناتوانێت هۆکارێکی تەواو بۆ ژیان بدات بە دەست ئێمەوە. ئەگەر مرۆڤ خۆی بدات بە دەست عەقڵی نەزۆکەوە لە ناو دەچێت. بەهامنشێوە کە ئالیۆشا بە ئیڤان واتە ئەو کەسەی کە لایەنی عەقڵ لە ئەودا زاڵە، دەڵێت: ((ژیانت خۆش بوێ.....بە بێ گوێدان بە لۆژیك.....بەڵی بە دڵنیاییەوە بە بێ گوێ دان بە لۆژیك، چونکە تەنیا بەمشێوەیە یە کە مرۆڤ لە مانای ژیان تێدەگات.)) دۆستۆیڤسکی بە تەواوی ناتوانێت بەڵگە ئەخلاقییەکەی کانت قبول بکات، چونکە لە ئەنجامدا ئەم بەڵگەیەی کانت لە سەر ئەم بیرۆکەیە پشت ئەستوورە کە بنەمای ئەخلاقی بوون ــ بڕیارێکی ڕەها* ــ تاقە بنەمای عەقلانییە کە دەکرێ هەڵبژێرێت.

بە ڕای کانت ئێمە دەبێت ئەخلاقی بین چونکە ئەخلاقی بوون شتێکی عەقلانییە و هاوتایە لە گەڵ عەقلانییەت. بە ڕای دۆستۆیڤسکی ئەمە بڕیارێکی ڕاست نییە، چونکە بەڕای ئەو پاڵنەری ئەخلاقی بوون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ڕۆحی کەسەوە نەك عەقڵی ئەو.

---

*summum bonum

لە بەلگە هێنانەوەکانی (٧) و (٨) دا دۆستۆیڤسکی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەر هەوڵدانێك بۆ مانا بەخشین بە ژیان (و چارەسەرکردنی چەند کێشەیەك وەکو ڕێکخستنی کۆمەلایەتی مرۆڤ) کە لە سەر بنەمای عەقڵ بێت و بوونی خودا ڕەت بکاتەوە، مەحکومە بەشکست هێنان. دۆستۆیڤسکی بە تایبەت هێرش دەکاتە سەر تیۆری عەقلانی سۆسیالیسم. بە سەرنجدان بە (٢) و (٦)، دەبینین کە دۆستۆیڤسکی هەرچەشنە دامەزراوەیەکی ئایینی ڕەت دەکاتەوە، چونکە دامەزراوە ئایینی یەکان مرۆڤ لە ئیرادەی ئازاد و بەرپەرسیاریەتی ئەخلاقی سەبارەت بە کردەوەکانی بێ بەش دەکەن. بەو شێوەیە کە دەیبینین ئەم بناخەی هێرش کردنی دۆستۆیڤسکی یە بۆ سەر مەزهەبی کاتۆلیکی روسی.

بەڕای دۆستۆیڤسکی یەکێك لە گرنگترین شتەکان ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی دروست ئازادی خۆمان بەکار بهێنین. دۆستۆیڤسکی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ دۆزینەوەی مانا لە ژیاندا و دۆزینەوەی پاڵپشتییەك بۆ یاسا ئەخلاقییە ڕەهاکان کە ڕێز لە کەسانی تر بگرێت: (٩) ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی ئازادانە ڕوو لە خودا بکەین و تەسلیمی عەشقی خوداوەند ببین و (١٠) خۆمان لە ڕێگای خۆش ویستنی کەسانی تر، ئەویش خۆش ویستن بە ((کردەوە))، ببین بە کەسێکی وەك مەسیح.[11] باوە زۆسیما و ئالیۆشا ــ ئەو دوو کەسەی کە لایەنی ڕۆحی لە ئەماندا زاڵە ــ بە کردەوە وردەکارییەکانی ئەوەی کە ئێمە ڕەفتارمان دەبێت چۆن بێت پیشان دەدەن.

ئێمە دەبێت (ا) خۆمان لە کەسانی تر جیا نەکەینەوە و گۆشەگیر نەبین بەڵکو دەبێت (ب) کەسانی ترمان خۆش بوێت بە تایبەت ئەوانەی کە زۆرترین گوناە دەکەن چونکە ئەوان زیاتر لە هەموو کەسێك پێویستیان بە عەشق و میهرەبانی ئێمە هەیە[١٢]، (ج) بەرامبەر بە هەموو کەسێك هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین چونکە دەتوانین کاریگەرییەکی پۆزەتیڤمان لە سەر ژیانی کەسانی تردا هەبێت، (د) خۆبەزل زان نەبین، چونکە لە هیچ کەسێکی تر باشتر نین، (ه) دادوەری لە سەر کەسانی تر نەکەین[١٣]، بەڵکو تەنیا دادوەری لە سەر خۆمان بکەین و (و) ڕاستگۆ بین.[١٤]

سەرەنجام بە سەرەنج دان بە (١)، دۆستۆیڤسکی دەڵێت: (١١) ئێمە دەبێت زەوی و ئەوەش کە لە سروشت دا بوونی هەیە خۆش بوێت. ئالیۆشا لەو ساتەی کە تووشی بێ ئاگایی و حاڵ لێهاتن دەبێت، ((نهێنی ئاسمان و نهێنی زەمینی تێکەڵ بە یەك کرد.)) ئالیۆشا ((خۆی خستە سەر زەوی و شێتانە سوێندی خوارد کە زەوی خۆش بوێت، زەوی خۆش بوێت بۆ هەمیشەو هەمیشە.))

ئەو ئامانجەی کە ئێمە دەبێت بەردەوام لە پەیوەندیمان لە گەڵ کەسانی تردا هەوڵی بۆ بدەین ئەوەیە کە کۆمەڵگا شێوەی ((یەك کەنیسەی گشتی و ڕەها)) لە خۆ بگرێت و دەوڵەت نەمێنێت. دۆستۆیڤسکی لە خەیاڵی خۆیدا هەلی گەیشتن بە ژیانێك دەهێنێتە پێش چاو کە دەکرێت بەوە بوترێت ((بەهەشت))ی سەر ڕووی زەوی. مەرجی گەیشتن بەم ((بەهەشتەی)) سەر ڕووی زەمینە ئەوەیە کە ئێمە هاوکات

بە شێوەیەکی ئازادانە خودا قبوڵ بکەین و بە کردەوەش یەکترمان خۆش بوێت. بە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایەی کە دەوڵەتێکی بێ خودا دەسەلاتی بە سەردا هەیە و دەتوانێت ئازادی تاکەکان زەوت بکات و بۆ هەر کارێك بە ناوی بەرژەوەندی وڵات پاساو بهێنێتەوە، ئەو کۆمەڵگای ئایدیالیستییەی دۆستۆیڤسکی ڕێز لە ئازادی مرۆڤ دەگرێت و لە سەر بنەمایەکی ڕەهایە کە پاسەوانی کەری بەهای هەموو تاکەکانە. بەڕای دۆستۆیڤسکی ئەمە زۆر گرنگە کە ئێمە ئازادانە خودا قبوڵ بکەین. بۆیە بە ڕای ئەو موعجیزەکان نابێت هیچ ڕۆڵێکیان لە ئیمان هێنان یان لە سەر ئیمان مانەوە هەبێت. موعجیزەکان هیچ گومانێك بەرامبەر بە بوونی خودا ناهێڵن. کاتێك کە موعجیزەیەك ڕوو دەدات ئێمە ناچار دەبین ئیمان بە خودا بهێنین و ئیتر ئیمان هێنان بە خودا لەم کاتەدا نابەسترێتەوە بە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەوە سەبارەت بەوەی کە بیەوێت ئیمان بهێنێت یا نەیهێنێت.[15] هەر لە بەر ئەمە دۆستۆیڤسکی دەڵێت ناکرێت بوونی خودا بسەلمێنرێت یا لە کاری خودا تێبگەی.

گرنگترین بەربەست لە ڕێگای قبوڵ کردنی خودا بوونی بابەتی شەڕە:

بابەتی پێکەوە گونجاندنی بوونی خودایەکی خێر خواز (خێری پەتی)، زانا و توانا کە جیهانی ئافراندووە لە گەڵ دڵنیابوون لە بوونی شەڕ لە جیهاندا.

خودا دەبێت بزانێت کە شەڕ هەیە، چونکە زانایە" خودا دەبێت بیەوێت شەڕ لە ناو ببات، چونکە خێرخوازە (خێری پەتی) و خودا

دەبێت بتوانێت شەڕ لە ناو ببات چونکە توانایە. کەواتە بۆ شەڕ هەیە؟ وا هەست دەکرێت چونکە شەڕ هەیە، کەواتە خودا نییە.

دۆستۆیڤسکی لە دوو بەشی برایانی کارامازۆف دا واتە ((سەرکێشی)) و ((لێکۆڵەری گەورە)) دا کە دەکرێت بوترێت باشترین بەشن لە نێوان تەواوی نووسینەکانی ئەودا، چنگ لە ناو چنگی ئەم بابەتە ئاڵۆزە دەنێت.

لەم بەشانەدا، ئەمە زەینی ئیڤانە کە سەرقاڵی ئەم بابەتەیە، زەینێک کە هەڵبەت ئیڤان خۆی ئاماژەی پیداوە کە ((زەینێکی ئەقلیدسی یە، سەر بە ئەم دونیایەیە))، زەینێک کە ناتوانێت ((ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەم جیهانەوە نەبێت چارە بکات.)) ئەمە بەو مانایەیە کە ڕوولێکردنی ئیڤان بۆ ئەم بابەتە ڕوولێکردنێکی عەقڵی یە. ئەو دەیەوێت ڕێگەچارەیەکی لۆژیکی بۆ بابەتی شەڕ بدۆزێتەوە تاوەکو بتوانێت بوونی خودا قبوڵ بکات.

لە بەشی ((سەرکێشی)) دا ئیڤان ئەم بابەتە بە شێوەیەک بۆ ئالیۆشا دەخاتە ڕوو کە وا دەردەکەوێت لە ڕووی عەقڵییەوە بێ چارە سەرە. ئەو ڕەفتاری دڕندانەی گەورەکان لە گەڵ منداڵاندا، کە بێ گومان نیگەران کەر ترین لایەنی بابەتی شەڕە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چۆن خودایەکی خێرخواز و زاناو توانا دەهێڵێت شتێکی بەمشێوەیە ڕەوا بێت؟ دۆستۆیڤسکی بانگهێشتی ئێمە دەکات بۆ ئەوەی بەشدار بین لەم ئازارەی ئیڤاندا، ئیڤانێک کە چەند نموونەیەکی ڕاستەقینە لەو کارە ترسناکانەی کە گەورەکان لە گەڵ منداڵەکان ئەنجامیان داوە بە

شێوەیەکی زینـدوو و بەرجەستە دەخاتـە ڕوو. بەهامنـشێوە کە ئیڤان دەیڵێت، ئەگەر چ ((خەڵکی جاری وەها باس لە بێڕەحمی ئاژەڵ ئاسای مرۆڤ دەکەن)) بەڵام لە ڕاستیدا ((ئاژەڵەکان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ئەوەنـدەی مـرۆڤ بێـڕەحم و زاڵـم بـن و کارامـەیی و لێهاتوویـیەکی بەمشێوەیە لە بێڕەحمی دا بنوێنن)):

یەکێك لەم ڕووداوانە بە تایبەت بۆ من سەرنج ڕاکێش بوو. وابزانە کە منداڵێك لە باوەشی دایکیەتی کە کەوتوونەتە گەمارۆی ئەو تورکانەی کە هاتوونەتە ناو ماڵیانەوە و لـە ترساندا هەڵدەلرزن. ئەم تورکانە تـا بتوانن ڕادەبوێرن: منداڵەکە دەلاوێننەوەو پێدەکەنن تـا منداڵەکە بهێننە پێکەنین و سەریش دەکەون: منداڵەکە پێدەکەنێت. ئەو کاتە یەکێکیان دەمانچەیەك لە دووری دە سەنتیمەتری بەرەو منداڵە دەگرێت. منداڵەکە بە دڵخۆشییەوە پێدەکەنێت، دەستە بچووکەکانی دەهێنێتە پێشەوە تـا دەمانچەکە بگرێت و لە ناکاو ئەم کەسە دەست دەنێت بە دەمانچەکەو مێشکی منداڵەکە دەتەقێنێت.

دواتر چیرۆکی کچێکی پێنج ساڵان دەگێڕێتـەوە کە بـاوك و دایکی هەموو ڕۆژێك لێی دەدەن و ئازاری پێدەگەیەنن و دواتر هەموو شەوێك لـە ناو تـەوالێتێکی سارد لـە دەرەوەدا زینـدانی دەکـەن و دایکی منداڵەکە چونکە منداڵەکە خۆی پیس کردووە، ناچاری دەکات پیسی یەکەی خۆی بخوات. هەروەها چیرۆکی جەنـەراڵێك دەگەڕێتـەوە، کـە بـەهۆی ئـەوەی منـاڵێکی گونـدی بـە ڕێکـەوت لـە کـاتی یـاری کردنـدا پەنجەیـەکی تانجییەکەی ئـەوی برینـدار کـردووە فـەرمان دەدات کە ((ڕووت ڕووتـی

بکەنەوە)) و دواتر فەرمان دەدات کوڕەکە دەست بکات بە ڕاکردن و هەموو تانجییەکانی بەرەڵا دەکات تا دوای بکەون و سەگەکان ئەو ((لەت لەت)) دەکەن.

ئەوەی کە ئیڤان ئازار دەدات بێ گوناهی منداڵەکانە. ئەو دەتوانێت لەوە تێبگات کە بۆچی دەبێت ئەو مرۆڤ گەورانەی کە گوناهیان کردوە دەبێت ئازار بکێشن، ((بەڵام ئەم منداڵانە بۆچی؟ چ لەم منداڵانە بکەم؟)) ((بە شێوەیەکی ڕەها ئەمەی کە ئەوانیش دەبێت ئازار بکێشن مایەی تێگەیشتن نییە.)) ئازار کێشانی ئەوان بە هۆی گوناهی کەسانی ترەوە شتێکی نادادپەروەرانەیە. تازە ناکرێت ئەوەش بوترێت بە هۆی ئەم هۆکارە ئازار دەکێشن کە ((ئاخیرییەکەی منداڵەکانیش گەورە دەبن و ئەوانیش گوناه دەکەن)) چونکە لە چیرۆکی ئەو منداڵە گوندی یەدا ؛ ((ئەو دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا کە گەورە بێت، ئەو سەگانە ئەویان لە هەشت ساڵان لەت و پەت کرد.)) ئیڤان دەڵێت ئەگەر ئازاری منداڵە بێ تاوانەکان بۆ گەیشتن بە ((ڕێکخستنێکی لەسەرووتر)) شتێکی پێویستە، من ئەم ((ڕێکخستنە لەسەرووەم)) ناوێت چونکە بە ئەندازەی ئازارکێشانی ئەم منداڵانە گرنگ نییە. ((تەنانەت نرخی دڵۆپێك فرمێسکی ئەو کچە ئەشکەنجەدراوەشی نییە کە لەو تواڵێتە پیسەدا دەیدا بە سەر سنگی خۆیدا و بەو فرمێسکانەی کە هێوری نەدەکردووە بەرامبەر بە دەرگای خودا ئازیزەکەی، خودا میهرەبانەکەی دۆعای دەکرد!))

ئەم بەشەی ((سەرکێشی)) کاتێك دەگاتە لوتکەی خۆی کە ئیڤان لە ئالیۆشا دەپرسێت:

وابزانە کە ئەمە هەر خۆتی کە بینای بە شکۆی چارەنووسی مرۆیی دروست دەکەی بەو مەبەستەی کە سەرەنجام مرۆڤەکان دەگەنە خۆشبەختی و لە دواییدا ئارامییان پێببەخشیت و ڕازییان بکەیت، بەڵام بۆ ئەم کارە بە شێوەیەکی زۆر پێویست ناچاری کە بوونەوەرێکی بچووك و لاواز تا ئاستی مردن ئەشکەنجە بدەیت، واتە ئەو کچەی کە بە مست دەیدا بە سەر سینگی خۆیدا و ناچار بیت ئەم بینا بە شکۆیە بەو فرمێسکانەی کە قەد تۆڵەیان ناکرێتەوە، پتەو بکەی — ئایا ڕازی دەبیت و ئامادەی کە لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا ببیتە دروستکەری ئەم بینا بەشکۆیە؟

ئالیۆشا لە گەڵ ئەوەی کە ئیمانی بە خودا هەیە، وەڵامی دەداتەوە: ((نە، ئامادە نیم.)) بەڵام ئاشکرایە کە ئالیۆشا حەز دەکات قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە ئەوەی لەم دیدە سنووردارەی ئێمە خراپ دێتە پێش چاو، دەتوانێت سازگار بێت لە گەڵ بوونی خودایەکی خێرخواز و زاناو توانا. ئالیۆشا هیچ ئۆمێد و چاوەڕوانییەکی نییە تا لەمە تێبگات" بەڵام ئیڤان کە عەقڵ لە ئەودا زاڵە، دەبێت دەست بەجێ وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە، بەڵام وا دیارە کە وەڵامێك بوونی نییە تا بتوانێت قەناعەت بە ئەو بهێنێت. بەشێکی گرنگ لەم بابەتە بۆ ئیڤان پەیوەندی بەو تێگەیشتنەی ئەو هەیە بەرامبەر بە ((خێرخوازی)).

وا دیارە کە لای ئیڤان بوونەوەرێکی خێرخوازی ڕاستەقینە کەسێکە کە تا ئەو شوێنەی کە بتوانێت ئازار نەهێڵێت، بەلانی کەمەوە ئازاری

بوونەوەرە بێ تاوانەکان نەهێڵێت. بەلام ئیڤان دەڵێت چونکە بوونەوەرە بێ تاوانەکان ئازار دەکێشن، کەواتە ئیتر ناکرێت خودایەکی خێرخوازی زانای توانا بوونی هەبێت. دواتر ئەو فەیلەسووفانەی کە خۆیان ڕووبەڕووی بابەتی شەڕ کردووە پێناسەیەکی تریان بۆ خێرخوازی خستە ڕوو. ئەوان لەوانەیە لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی سوودگەرایی بووبێت، کە وتوویانە بوونەوەری خێرخواز بوونەوەرێکە کە باشترین خێری پوخت دەستەبەر دەکات و ئەمەش سازگارە لە گەڵ بوونی ئەو هەموو شەڕە زۆرە لە جیهاندا.[١٦]

لە چیرۆکی ((لێکۆڵەری گەورە)) کە یەکسەر لە دوای بەشی ((سەرکێشی)) دەست پێدەکات، دۆستۆیڤسکی ڕێگاچارەی خۆی سەبارەت بە بابەتی شەڕ دەخاتە ڕوو. بۆ زۆرێك لە خوێنەران ئەمە ڕوون نابێتەوە کە دۆستۆیۆڤسکی ڕێگا چارەکەی خۆی سەبارەت بەم بابەتە لێرەدا دەخاتە ڕوو، چونکە دۆستۆیڤسکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم ڕێگاچارەیە دەخاتە ڕوو، واتە بە پیشاندانی ئەوەی کە بیروڕایەك بە پێچەوانەی بیروڕایەی خۆیەوە جیگای قبوڵ کردن نییە. ئیڤان چیرۆکێك سەبارەت بە گەڕانەوەی عیسا بۆ زەمین لە ئیسپانیا دەگەڕێتەوە، ((ترسناکترین سەردەمی ئەنکیزیسیۆن* لە سەدەی پانزەیەمدا.))

---

*واتە لێپێچینەوەی بیروڕاکانی خەڵك. – وەرگێڕ–

کاردینالّ واتە هەمان لێکۆڵەری گەورە فەرمانی داوە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بەم نەریتەی ئێستا هەیە بە زیندوویی بسووتێنێت. کاتێک کە لێکۆڵەری گەورە ئاگادار دەبێت کە عیسا گەڕاوەتەوە بۆ سەر زەوی فەرمان دەدات بە سەربازەکانی کە ئەو دەستگیر بکەن و دواتر لە زینداندا دەڕوات بۆ بینینی.

لێکۆڵەری گەورە بە عیسا دەڵێت: ((تۆ مافی ئەوەت نییە هیچ شتێک بۆ ئەو شتانەی کە پێشتر وتووتە زیاد بکەی،)) ئێستا هەموو شتێک کەوتووەتە دەست پاپاوە. کەنیسەی کاتۆلیکی ڕۆما بە لابردنی گەورەترین لەمپەڕ لە ڕێگای خۆشبەختی چین و توێژەکانی خەڵکی لەم ژیانەدا، واتە ئازادی، ((چاکسازی)) لە ئیشی خوداوەند دا کردووە. لێکۆڵەری گەورە بە عیسا دەڵێت، تا کاتێک کە مرۆڤەکان ئازاد بن خواردن بۆ هەموو کەس نابێت، چونکە ((ئەوان هەرگیز، هەرگیز ناتوانن بهێڵن کە هەرکەسێک بەشێکی یەکسان و دادپەروەرانەی بۆ خۆی هەبێت.)) کۆمەڵێکی کەمیش ئەم توانابییەیان دەبێت کە ((واز لە نانی زەمین بهێنن بۆ ئەوەی بگەن بە نانی ئاسمان.)) زۆربەی خەڵکی کە لاواز و برسین و ئازادیش وەکو زنجیرێک وایە بە دەست و قاچیانەوە، بە شادییەوە ئازادی خۆیان دەدەنە دەستی کەنیسەی کاتۆلیک چونکە کەنیسە بەڵێنی پێداون کە تێریان بکات و بە ئەوان بڵێت کە دەبێت چۆن بژین. تەنیا ڕابەرەکان ئازادن. تەنانەت کەنیسە دەهێڵێت تا چین و توێژەکانی خەڵکیش گوناه بکەن بە مەرجێک کە بە ((مۆڵەتی))

کەنیسە گوناه بکەن. کەنیسەی کاتۆلیك بەمشێوەیە چاکسازی لە کاری خودا دا کردووە کە سیستەمەکەی لە سەر ((موعجیزە و نهێنی و دەسەڵات)) بنیات ناوە، ئەو شتانەی کە خودا ئەوانەی بە کۆڵەکەی ئیمان دانەناوە، چونکە ئەمانە مرۆڤ لە ئازادییان بۆ ئەوەی کە ئیمان بە خودا بهێنن یا نە، بێ بەش دەکات. چیرۆکەکە بەمشێوەیە کۆتایی پێدێت کە عیسا هیچ بە لێکۆڵەری گەورە ناڵێت و لە باتی ئەمە ((ماچی لێوە وشکەوبوو و پیرەکەی ئەو دەکات.)) لێکۆڵەری گەورە عیسا ئازاد دەکات. ((ماچەکە لە ناو دڵیدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئەم پیرەمێردە هاوکات هەر لە سەر بیروڕاکەی خۆیەتی.)) ئاشکرایە کە لێکۆڵەری گەورە هەمان فەلسەفەی شەیتانە بچووکەکەی ناو ڕۆمانی شەیتانەکانی، واتە شیگالیۆف، هەڵبژاردووە: تاقە ڕیگای گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان ئەمەیە کە ((ئازادییەکی ڕەها و دەسەڵاتێکی بێ سنوور بدرێتە دەست یەك لە دەی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بۆ دەسەڵات سەپاندن بە سەر نۆ لە دەکەی تر)) کە ئەمان ((دەبنە شتێك وەکی مێگەل.)) کەنیسە ئایینی کردووەتە ئاڵای خۆی تا لە ڕیگای ئەمەوە دەسەڵات بگرێتە دەست و دەسەڵات بسەپێنێت بە سەر خەڵکدا" بەڵام تەنانەت لێکۆڵەری گەورە خۆیشی دەزانێت کە کەنیسە خودای ڕەتکردووەتەوە تا خۆشبەختی ببەخشێتە زۆرینەی خەڵکی. ڕابەرەکان ئەم زانستە بۆ خۆیان دەپارێزن، ((ئیمە ئەم نهێنییە دەپارێزین و بۆ خۆشبەختی خۆمان ئەوان بە بەڵێنی بەهەشت فریو دەدەین))، ئەگەر چ ((لەو دیو گۆڕەوە لە مردن زیاتر هیچی تر نادۆزنەوە.))

دۆستۆیفسکی بابەتەکە بەمشێوەیە دەبینێت: خودا لە گەڵ ئەم دوو هەڵبژاردنەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە، یان خۆشبەختی مرۆڤ بگەیەنێتە لوتکە کە ئەمە تەنیا بە بێ بەش کردنی مرۆڤەکان لە ئیرادەی ئازاد و دەسەڵاتیان دەستەبەر دەبێت، یان بهێڵێت مرۆڤەکان ئازاد و خاوەن دەسەڵات بن تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کە خۆیان ئازادنە دەیکەن ئازارێکی زۆری لێبکەوێتەوە. دۆستۆیفسکی چونکە ڕای وایە کە ئازادی گەورەترین کەرەمە بۆ مرۆڤ وا دەزانێت کە خوداوەند دەبوایەت دووەم خاڵی هەڵبژاردایەت، بەهامنشێوەش کە دەبینین هەر ئەم کارەی کردووە. دەسەڵات و ئازادی، بەهای لە هەموو ئازار و ئەو مەینەتییانە زۆرترە کە لەم جیهانەدا هەیە. دۆستۆیفسکی هیوای وایە کە ئێمەش لە گەڵ ئالیۆشا دا هاودەنگ بین ئەوەی کە دەڵێت چیرۆکی ئیڤان ((بۆ ستاییشی عیسایە،)) ئەگەر چ عیسا خۆی هیچ ناڵێت. لێکۆڵەری گەورە پێگەکەی خۆی لە ناو دەبات. ئێمە تەنانەت لە پێناو بەختەوەریشمان نامانەوێت چاوپۆشی لە ئازادی خۆمان بکەین.

جگە لە شەڕ، لەمپەڕێکی تر کە دۆستۆیفسکی باسی دەکات، لەمپەڕێکی جیددییە لە ڕێگای قبوڵکردنی ڕای ئەو لەمبارەیەوە کە ئێمە دەبێت چۆن بژین، ئەویش بێزاری ئێمەیە لە هەندێ کەس.دۆستۆیفسکی ئەمەی پێ قبوڵە کە خۆش ویستنی مرۆڤەکان لە دونیای تەنیایی دا زۆر ئاسانترە لە خۆش ویستنی ئەوان لە دونیای واقیع دا و نزیک بوون لەوان. بەهامنشێوە کە ئیڤان دەڵێت: ((من هێشتا لەوە تێنەگەیشتووم مرۆڤ چۆن دەتوانێت جیرانەکانی خۆش بوێت. بە ڕای من ئەو کەسانەی

کە مرۆڤ ناتوانێت خۆشیانی بوێت جیرانی ئەون، بەڵکو دەتوانێت کەسانێکی خۆش بوێت کە زۆر دوورن لە ئەو.)) بۆ نموونە دیمیتری بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت باوکی خۆش بوێت: ((من زۆر ڕقم لەو غەبغە و کەپوو و لەو چاوانەو لەو پرخە پرخە کردنە بێ شەرمانەی دەبێتەوە. من بێزارم لە جەستەی ئەو.)) باوە زوسیما دەڵێت کە هەمیشە خۆش ویستنی کەسانی تر کارێکی ئاسان نییە و ((خۆش ویستن پێویستی بە کاری سەخت و بەردەوامی و خۆڕاگرییە.))

دۆستۆیڤسکی باوەڕی وایە کە ئێمە ناتوانین کە مرۆڤەکان ناچار بکەین کە یەکتریان خۆش بوێت. ئەم خۆشویستنە دەبێت لە ناخیانەوە هەڵبقوڵێت: خۆش ویستن پرۆسەیەکی ڕۆحی و ناوکی یە. بۆ گۆڕینی جیهان پێویستە کە مرۆڤەکان خۆیان ئەرکی گۆڕانی دڵیان لە ئەستۆ بگرن. برایەتی مرۆڤەکان بەدی نایەت تاوەکو خۆمان بە کردەوە نەبینە برای کەسێکی تر. تا هاتنی سەردەمێکی وا کە سەردەمی کۆتایی پێهێنانی (مەترسییەکانی تەنیایی مرۆڤە))، ڕێنمایی دۆستۆیۆڤسکی ئەمەیە: تا ئەو کاتە دەبێت ئاڵاکە نەهێنینە خوارەوە تەنانەت ئەگەر مرۆڤ ناچاریش بێت کە بە تەنیایی ئاڵاکە لە کۆڵ بگرێت دەبێت بەلانی کەمەوە بۆ جارێکیش بێت ببێتە ڕەمزێك و ڕۆحی خۆی لە تەنیایی ڕزگار بکات و لە ڕێگای بەیەک گەیاندنی مرۆڤەکان بە سۆزێکی برایانەوە کارێکی گەورە ئەنجام بدات تەنانەت ئەگەر بە هۆی ئەو ئازارانەش کە دەیکێشێت وا دەرکەوێت کە گەمژەیەکی قەدیس ئاسا بێت. دەبێت ئەم کارە بکرێت تاوەکو ئەم بیرۆکەیە نەمرێت.

# پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

1.Zossima
2.Dmitry
3.Alyosha
4.Mytia
5.Grushenka
6.katerina
7.Smerdyakov
8.Ilyusha

٩.ئەو منالە ناشارعییە واتە ئەسمەردیاکۆف کە ستاییشگەری ئیڤانە، بەڕواڵەت مەزهەری لادانی عەقڵە.بۆ نموونە سەیری بەڵگەهێنانەوە شێواو و سەیروسەمەرەکانی ئەو بکەن لە بەشی...

١٠.ئیڤان شێت دەبێت و ئەسمەردیاکۆف خۆی لە سێدارە دەدات.

١١.بەڕای دۆستۆیڤسکی خراپترین شتێك کە دەکرێت بۆ کەسێك ڕوو بدات ئەوەیە کە توانای خۆش ویستن لە دەست بدات: ((دۆزەخ چییە؟.....ئازارێکە کە لەم هۆشیارییە سەرهەڵ ئەدات کە ئیتر ناتوانی هیچت خۆش بوێ.))

١٢.دەکرێت هەر شتێك قەرەبوو بکرێتەوە، دەکرێت هەموو شتێك بە عەشق ڕزگار بکرێت.

١٣.بۆ ئەوەی ڕەفتاری مرۆڤەکان باشتر بێت، ((پێویستە کە خۆیان هەوڵی گۆڕانی دڵی خۆیان بدەن.))

١٤.کەسێك کە بەردەوام درۆ دەکات، ((دەگاتە جێگایەك کە ئیتر هیچ ڕاستییەك و حەقیقەتێك لە ناو خۆیدا یان لای کەسانی چواردەوری نابینێت و لە ئەنجامدا نە ڕێزێك بۆ خۆی دادەنێت نە بۆ کەسانی تریش و چونکە ئیتر هیچ کەسێك بۆ ئەو بەڕێز و ئازیز نییە، ئیتر کەسانی تر خۆش ناوێت...))

١٥.((ئیمان لە ئەنجامی موعجیزەوە نییە، موعجیزە لە ئیمانەوەیە.))

١٦.چڕترین و پوختترین و ئاڵۆزترین بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی سازگاری بوونی خودا لە گەڵ بوونی شەڕیکی زۆر لە جیهاندا لە لایەن ئالڤین پلنتیگا خراوەتە ڕوو. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ:

Alvin Plantinga, God, Freedom, and Evil, Harperand Row, New York, 1974.

من لە وتارێکدا کە ناونیشانەکەی لە خوارەوە دەهێنم ئەو بەڵگەیەم هێنایەتەوە کە ڕێگاچارەی پلنتیگا بۆ بابەتی شەڕ گرفتێکی زۆری هەیە:

"plantinga and the Free Will Defense", pacific Philosophical Quarterly, vol 62, no. 3, 1981.

# ٧

# دوایین هەڵسەنگاندن

ئێستاگەیشتووینەتە ئەو جێگایەی کە دوایین هەڵسەنگاندن لە فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی بخەینە ڕوو، واتە لەو تێڕوانینایەی کە لە ماوەی نووسینی ڕۆمانە گەورەکانییەوە گەشەیان کردووەو سەرەنجام لە برایانی کارمازۆف دا پوختترین و ڕوونترین دەربڕینیان پەیدا کردووە. دەکرێت گومان لە هەندێك لەم تێڕوانینانە بکرێت" بەڵام لەمەڕ ئەم بیرکردنەوە قوڵەی ئەو، کە ژیان چۆن دەبوو ئەگەر ئێمە بە دروستی ئازادی و دەسەڵاتی خۆمانمان بە کاربهێنایەت، بێ گومان یەکێکە لە ئیلهام بەخشترین ئەو بیرکردنەوە قوڵانەی کە لە ماوەی مێژوودا خراوەتە ڕوو. وەرن با لە ئەو دیدەی کە دۆستۆیڤسکی بۆ چەرمەسەری و گرفتاری مرۆڤ هەیەتی دەست پێبکەین. بەهامنشێوە کە پێشتر وتم، بە سەرنجدان بەوەی کە ئەو ئیمانی بە خوا هەیە، واتە ئەوەی کە ئەو بوونی شەڕی سروشتی قبوڵ ناکات خۆی بابەتێکە کە مشتومڕ دەهێنێتە کایەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە خاڵێکی لاوازە لە تەواوی پێگە فەلسەفییەکەی ئەودا، بەڵام بەڕای من ئەمە خاڵێکی لاوازی وێرانکەر

نییە. ئالفین پلینتیگا ئەوەی پیشان داوە کە دەکرێت ڕێگا چارەی ئازادی و دەسەلاَت لە پێناو چارەسەرکردنی بابەتی شەڕی مرۆیی پەرە بدرێت تاوەکو شەڕی سروشتیش بگرێتەوە، چونکە دروستکراوەکانی تری خودا کە لەوانەیە ئەوانیش فریشتەیەك بن ((کە بەرەو هەڵدێر)) چووەن، دەتوانن بەرامبەر بە شەڕ بەوەی کە ئازدای خۆیان بە شێوەیەکی دروست بەکارنەهێناوە، بەرپرسیار بن. تەواوی فەلسەفەکەی دۆستۆیفسکی بەم باوڕەوە پشت ئەستوورە کە ئێمە بە مانایەکی ئیرادە گەرایانە ئازادین و خاوەن بڕیارین. هەڵبەت سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا ئێمە خاوەنی ئازدی و خاوەن بڕیارێکی بەم شێوەیەن یا نە ئەوە خۆی جێگای باسە، هەروەها زۆر فەیلەسووف تەنانەت گومانیان لەوەدا بوو کە عەقڵ ئەم شتە قبوڵ دەکات یا نە. وتراوە کە کردەوەمانی ئێمە لە کەسایەتیمانەوە سەر هەڵ ئەدات ئیتر کەسایەتیمان بە هەر شێوەیەك بێت، کەوابێت بەم شێوەیە سروشتی خۆمان هەر پێشتر دیاریکەری کردەوەکانمانن" یان ئەوەی کە کردەوکانی ئێمە لە شتێکەوە لە ناوەوەی خۆمان سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو کردەوەکانی ئێمە هەمووی بە ((ڕێکەوت)) دروست دەبن ئەوا ئیتر لەم کاتەدا خۆمان بەرپەرسیاری کردەوەکانی خۆمان نین. ئەگەر چ وا دیارە کە ئەم ڕەخنەیە کۆڵەکەکانی تێگەیشتنێکی ئیرادە گەرایانە لە ئازادی دەرووخێنێت، بەلاَم لە شوێنێکی تر دا من ئەوەم پیشان داوە کە عەقڵ قبوڵی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە-ئازدای دەکات.[1]

هەندێك لەوانەیە بپرسن کە چۆن دەسەلات و ئازادی ئێمە بە مانا ئیرادە گەرایانەکەی دەتوانێت سازگار بێت لە گەڵ بوونی خودا؟ ئەگەر خودایەکی زانا و توانا بوونی هەیە، ئیتر ئێمە بەم مانایە چۆن دەتوانین ئازاد و خاوەن بڕیار بین؟ بە بڕوای من، مرۆڤ دەتوانێت بڕوای وا بێت کە ئەگەر چ خودا دەتوانێت کە نەهێڵێت مرۆڤەکان ئازادنە کردەوە ئەنجام بدەن، بەلام کارێکی بەمشێوەیە ناکات. بەمشێوەیە توانایی خودا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە. بەلام زۆر ئەستەم ئەمە دەکرێت کە زانایی خودا لە گەڵ بە ئازادی کردەوە ئەنجامدانی مرۆڤەکان بە مانا ئیرادە گەرایەکەی پێکەوە بگونجرێت. من دەتوانم کە بڵێم بوونەوەرێکی زانا تەنیا ئەو شتانە دەزانێت کە بە شێوەیەکی لۆژیکی جێگای تێگەیشتنن. کەواتە بە ڕای من وایە ئەو کردەوانەی کە ئێمە بە شێوەیەکی ئازادانە لە داهاتوودا ئەنجامی دەدەین ــ ئازادانە بە مانای ئیرادە گەرایەکەی ــ جێگای زانیاری لێبوون نین (پێشبینی بۆ نەکراوە). بە ڕای من دۆستۆیۆڤسکی ڕاست دەکات کە دەڵێت خودا (ئەگەر بوونی هەبێت) وەهای کردووە کە ئازادی و خاوەن بڕیار بوون هەر چەندێکیش شەڕ و ئازاری لێ بکەوێتەوە هێشتا بەهای خۆی هەر هەیە، چونکە تەنانەت خوداش نازانێت کە ئایا کردەوە باشەکانی ئێمە زاڵ دەبن بە سەر کردەوە خراپەکانمان یا نە. ئەم بیروڕایەی دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەوەی کە مرۆڤەکان (جگە لە منداڵ) ئاڵۆزن و پاڵنەری دژ بەیەکیان لەناو خۆیاندا هەیە ــــ کە هەندێك لەمانە دەتوانێت بەرەو کردەوی باشیان ببات و هەندێکی تریان بەرەو کردەوەی خراپ ــــ وەك

دەبینرێت ڕاستە. ئەو سێ لایەنەی کە دۆستۆیڤسکی لە کەسایەتی دا باسی لێوە دەکات، بیروڕایەکە کە پێشتر ئەفلاتون و فرۆیدیش هەیانبووە، ئەگەر چ ئەو سێ لایەنەی ئەفلاتون و فرۆید جیاوازییەکی کەمیان لە گەڵ ئەم سێ لایەنەی کە دۆستۆیڤسکی باسی کردووە واتە ((شەهوەتی)) و ((عەقڵی)) و ((ڕۆحی)) هەیە. ئێمە دەتوانین ڕێز لەم ڕایەی دۆستۆیڤسکی بگرین کە دەڵێت منداڵەکان گوناهیان نییە و لە هەندێك لایەنەوە دەتوانن ڕێنوێنی کەری ئێمە بن. جێگای سەرنج ڕاکێشانە کە ئەوە بیربهێنینەوە کە بەرزترین قۆناغ لە پەروەردەی خولقێنەری مرۆڤێکی باڵای بەهێز، بە گوێرەی بیروڕای نیچە، قۆناغی منداڵی یە کە نوێنەرایەتی بێ گوناهی و بیرچوونەوەیەك و دەستپێکێکی نوێ یە. کاتێك کە یەکەمین تێبینی یەکانی دۆستۆیڤسکی تێدەپەڕێنین، دەبینین ئەو بانگەشەیەی کە زیاتر لە هەموو شتێك فەیلەسووفەکان تووشی سەرسووڕمان و حەپەسان دەکات ئەو بانگەشەیەتی کە دەڵێت لایەنی عەقڵانی مرۆڤ باشترین لایەنی مرۆڤ نییە. ئەم لایەنە دەتوانێت ئێمە بە لاڕێدا ببات. دەکرێت ئەم بانگەشەیە لە نووسینەکانی نیچە و کێرگەگۆردیش ببینرێت.[٢] ئەم سێ بیرمەندە پێداگری دەکەن کە عەشق/گوڕوتین سەرەکیترین شتە لە شێوە بەخشین بە بەشێکی گرنگ لە ژیاندا" بەهەمانشێوەش کە کێرگەگۆرد دەڵێت ((بە شێوەیەکی ئاسایی عەشق و بیرکردنەوە پێکەوە کۆ نابنەوە.))[٣] بەلام لە نێوان ئەو دوو کەسەکەی تر و دۆستۆیڤسکی دا جیاوازییەکی جیددی هەیە. دۆستۆیڤسکی گشت گەرایە لە گەڵ ئەوەی کە ئەو دوو کەسەکەی تر

تاك گەران. کێرگەگۆرد دەڵێت ئێمە ئازادین لەوەی کە ئەم ڕێگایە هەڵبژێرین، کە بۆ خۆمان بژین (ڕێگای ڕەسەن لە ژیاندا)، یا بۆ کەسانی تر بژین (ڕێگای ئەخلاقی لە ژیاندا)، یا لە پێناو خودا بژین ((ڕێگای ئایینی لە ژیاندا). نیچە ڕێنمایی مرۆڤە باڵا بەهێزەکەی خۆی دەکات بۆ یەکەم ڕێگا و کێرگەگۆردیش ڕێگای سێیەم پیشان دەدات کە بە ڕای ئەو ئەنجامەکەی دەگاتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ خودا. ئەم دوو ڕێگایە جۆرێکە لە خولیا بوونێکی تاکەکەسی بۆ ڕێگایەکی ژیان کە لەوانەیە لای کەسانی تر ئەمە دروست نەبێت. بەڵام دۆستۆیڤسکی خولیای ڕێگای ئەخلاقی یە لە ژیاندا. بە پێچەوانەی کێرگەگۆرد، دۆستۆیڤسکی ڕای وایە ڕێگای ئەخلاقی لە ژیاندا پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە گەڵ ڕێگای ئایینی هەیە لە ژیاندا.[4] دۆستۆیڤسکی باوەڕی بە بەها ڕەهاکان هەیە. ئەو بەهایانەی کە بە بڕوای ئەو دەبێت هەمووان قبوڵی بکەن، بەڵام ئەگەر ئەوانە ڕەت بکەینەوە ئەوا دەبێت لە بەرامبەریدا قەرەبوویەکی گەورە بدەینەوە. چونکە ئەگەر بەها ڕەهاکان قبوڵ نەکەین، ((هەموو شتێك ڕەوا دەبێت)) ئەو کاتە ئەگەر مرۆڤەکان دەستیان دایە قێزەونترین تاوانەکان ئیتر نابێت سەرسام بین پێی. لە پاڵ ئەم باوەڕەی دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەوەی کە ئێمە بە مانا ئیرادە گەرایەکەی ئازاد و خاوەن بڕیارین ئەم گریمانە بنەڕەتی و چارەنووس سازەش لە تەواوی پێگە فەلسەفییەکەی ئەو بوونی هەیە کە تەنیا خودا دەتوانێت پاڵپشتی بەها ڕەهاکان بێت. هەر بۆیە بە ڕای ئەو چ خودا هەبێت چ نەبێت، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە باوەڕ

بەوە بکەین خودایەك بوونی هەیە، ئەگینا ((هەموو شتێك ڕەوا دەبێت)): ((ئەگەر خودایەك نەبوایەت ئەوا پێویست بوو کە خودایەك بخولقێنین....من سالآنێکە کە بڕیارم داوە بیر لەم بابەتە نەکەمەوە کە ئایا خودا بوو کە مرۆڤی خولقاند، یا مرۆڤ خودای خولقاند.)) بە بڕوای من گەورەترین و سەخت ترین بابەتێك کە دۆستۆیڤسکی بۆ فەیلەسووفەکان بە تایبەت فەیلەسووفەکانی ئەخلاق، دەیهێنێتە کایەوە ئەمەیە کە ئایا هیچ ڕێگایەك بۆ دۆزینەوەی پاڵپشتێکی تر، جگە لە ئیمان بە خودا، بۆ بەها ڕەهاکان بوونی هەیە؟ فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم هەوڵیانداوە کە بابەتی ((ئەخلاق)) لە ((ئایین)) جیا بکەنەوە، بەلآم دیار نییە کە ئایا توانیویانە چانسیان هەبێت بۆ دۆزینەوەی بنەمایەکی تر بۆ بەها ڕەهاکان یان نە. هەندێك لە فەیلەسووفەکان ئەخلاقێکی ڕێژەگەرایی ئەخلاقییان کە جێگای قبوڵ کردن بێت دۆزیوەتەوە، بەلآم ئایا ئەوان دەتوانن بە لابردنی کۆڵەکەی ئایین داکۆکی لە هیچ بەهایەکی ڕەها بکەن؟ یەکێك لە داکۆکیکەرانی سۆسیالیسم لە برایانی کارامازۆف دا بەم شێوەیە دەست و پەنجە لە گەڵ ئەم بڕوایەی دۆستۆیڤسکی دا نەرم دەکات:

مرۆڤ لە ناوخۆیدا ئەو توانابیە دەبینێت کە لە پێناو فەزیلەت دا بژی بێ ئەوەی کە بڕوای بە خوداو نەمری ڕۆح هەبێت" مرۆڤ ئەم توانابیە لە خۆشەویستی بەرامبەر بە ئازادی و یەکسانی و برایەتی دا دەبینێتەوە.

بەلام ئەگەر مرۆڤەکان بڕوایان بە خودا و ژیان لە دوای مردنەوە نەبێت چ پاڵنەرێکیان بۆ ڕەچاوکردنی یەکسانی و برایەتی هەیە کە هەرگیز لە گەڵ بەرژەوەندی تایبەتییان یەك ناگرێتەوە؟ مرۆڤەکانیش چ لە ئازادی خۆیان دەکەن ئەگەر بڕوایان وابێت کە خۆیان ((مرۆڤ ـ خودا))ن؟[5] ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دۆستۆیڤسکی دەتوانێت بیانخاتە ڕوو. تەنانەت جگە لە ئەمانەش دۆستۆیڤسکی دەتوانێت بڵێت مرۆڤەکان بە ناوی ((ئازادی و یەکسانی و برایەتی)) دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکان بکوژن، بەهامنشێوە کە وەهایشاین کردووە. ئێمە چ هاوڕا بین لە گەڵ دۆستۆیڤسکی کە ((ئەخلاق)) دەبێت لە سەر بنەمای ئایین بێت، چ هاوڕا نەبین لە گەڵیدا، بێ گومان بەها ئەخلاقییەکانی ئەو جێگای ڕێزلێنانە. دۆستۆیڤسکی وێنە خەیاڵییەکەی خۆی لە جیهانە ئایدیالیستییەکەی دەخاتە ڕوو و دوورە لە ئەوەی ئەگەر کەسێك ئەو وێنەیە لە لایەن ئەخلاقییەوە بە باشتر لەم جیهانە پڕ لە ناخۆشی و کێشەیەی خۆی نەزانێت کە ئێستاخوێنی تێدا دەڕێژێت. ئەو سەبارەت بە جیهانە ئایدیالیستییەکەی دەڵێت:

لەو جیهانەدا مرۆڤەکان هەموویان لە گەڵ یەکدا دەبنە دۆست و هاوڕا....و ئازادی تەواوی مرۆڤەکان دەستەبەر دەبێت، بەو پێناسەیە لە ئازادی کە ئازادی هاوڕاییەکی دڵسۆزانەیە کە کردەوەکانمان زەمانەتیەتی و نموونەیەکە لە ژیانی ئێمە و پێویستی ڕاستەقینەی ئێمەیە بۆ برایەتی، نەك وەکو هەڕەشەکانی گیۆتین و هەڕەشە کردنی مل پەڕاندنی ملیۆنها مرۆڤ.....

کەڵکەڵە هێنترین بەشی فەلسەفەکەی دۆستۆیڤسکی ئەمەیە کە ٧ ئەگەر ئێمە خاوەنی ئەو ئازادی و بڕیارە بین کە ئەو دەیزانێت، ئەم وێنە خەیاڵییەی ئەو بۆ جیهان دەتوانێت بگۆڕێت بۆ ڕاستی. بەڵام من خۆم بە تایبەتی حەز دەکەم بە کردەوە کەسانی ترم خۆش بوێت، ((تۆیەك)) لە دڵی کەسانی تردا بچێنم و هیوادارم کە ئەم تۆیانە ڕەگ داکوتن و بڵاوببنەوە. چیمان هەیە کە لە دەستی بدەین؟ تەنیا غورورمان نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی کە نەوەك وەك ((گەمژەیەکی قەدیس ئاسا)) ببێنە پێش چاو.

## پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

1.See "The Libertarian Conception of Freedom", International philosophical Quarterly, vol.xxi, no. 4, 1981.
2.See Kierkegaard s Concluding Unscientific Postscript and Nietzsches "On the Prejudices of Philosophers" in Beyond Good and Evil.

٤.بەڕای کیرکەگۆرد ئەم دوو ڕێگایە هەر یەکناگرنەوە، چونکە لەوانەیە خودا لە ئێمە بیەوێت، بەهامنشێوە کە داوای لە ئیبراهیم کرد، بۆ تاقی کردنەوەی ئیمانەکەمان دەست بدەینە کارێکی نائەخلاقی.

٥.لە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشدا لە برایانی کارامازۆف ئیڤان شەیتانەکەی خۆی دەبینێت، کە ئەمە هەر دووبارە کردنەوەی هەمان ناوەڕۆکە لای کیریلۆف و بیروڕای سەبارەت بە ژیان لە شەیتانەکان دا.

## سەرچاوەکان

Crime and Punishment, Fyodor Dostoevsky, translated bay David Mc Duff, Penguin Books, New York, 1991.

Dostoevsky, A Biography, Leonid Grossman, translated by Mary Mackler, The

Bobbs-Merrill Company, New York, 1975

Dostoevsky, A Collection of Critical Essays, edited by René Wellek, Prentic-Hall, Englewood Cliffs, New Jersy, 1962.

Dostoevsky, The Major Fiction, Edward Wasiolek, The M.I.T. Press, Cambridge, Mass., 1964.

Feodor Dostoevsky. Alba Amoia, Continuum Publishing Company, New York, 1993.

"Freedom and Love in Notes from Underground," Lawrence Stern, Philosophy Research Archives, Vol. 4, 1978.

Freedom and the Tragic Life, A study in Dostoevsky, Vyacheslav Ivanov, The Noonday press, New York, 1959.

"Nietzsche s , Discovery of Dostoevsky," C.A.Miller, Nietzsche-Studien, Vol. 2, 1973.

Notes from Underground and The Double, Fyodor Dostoevsky, translated by Jessie Coulson, Penguin Books.New York.1972.

The Brothers Karamazov, Fyodor Dostoevsky, translated by David Magarshack, Penguin Books, New York, 1982.
The Devils, Fyodor Dostoevsky, translated by David Boris Brasol, George Braziller, New York, 1954.
The Idiot, Fyodor Dostoevsky, translated bay David Magarshack, Penguin Books, New York, 1955.

"The Survival of Tragedy: Dostoevsky s The Idiot, "Daniel Shaw, Dialog, Vol. 16, 1973.



# Felsefey dostoyivskî

Suzan lî endirson

Wergêrranî: Fazll Mehmud weli

D.A.